# مێژووی شانۆ لە ئەدەبیاتی کوردیدا

**لە کۆنەوە تا ١٩٥٧**

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی ڕاپەڕین، هەولێر
ژمارەی تەلەفۆن: ٢٢٣٢٠٢١
سندووقی پۆستە ژمارە: ١

# مێژووی شانۆ لە ئەدەبیاتی کوردیدا

## لە کۆنەوە تا ١٩٥٧

**د . فەرهاد پیربال**

ناوی کتێب: مێژووی شانۆ لە ئەدەبیاتی کوردیدا - لە کۆنەوە تا ١٩٥٧
نووسەر: د. فەرهاد پیرباڵ
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٧١
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
بەرگ: شکار عەفان نەقشبەندی
نووسینی سەر بەرگ: خۆشنووس محەممەد زادە
وێنەکانی ناوەوە و تابلۆکانی بەرگ: ئەرشیفی ماڵی شەرەفخانی بەتلیسی - هەولێر
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمان مەحمود
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠١
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٣٠٢)ی ساڵی ٢٠٠١ی دراوەتێ

پێشکەشە

بە مامۆستاکانم،

کە هیچیان، هیچیان فێرنەکردم

پێشکەشە

بە قوتابیانی پۆلی یەکەمی بەشی شانۆ لە «کۆلێژی هونەر»

لە زانکۆکانی: هەولێر و سلێمانی و دهۆک

# پێڕست


دەسپێک ... 7
بەشی یەکەم: زاراوەی شانۆ لە زمانی کوردیدا ... 9
بەشی دووەم: پیشاندانە شانۆییە میللییەکان ... 15
بەشی سێیەم: شانۆنامە و شانۆی شێوە ڕۆژئاواییی لە کام دەفری شارستانیدا سەریان هەڵدا؟ ... 25
بەشی چوارەم: یەکەم شانۆنامە بە زمانی کوردی ... 45
بەشی پێنجەم: شانۆی کوردی لە کوردستانی عیراقدا ١٩٢٠-١٩٣٠دا ... 57
بەشی شەشەم: کرۆنۆلۆژیای شانۆی کوردی ١٩١٩-١٩٥٧ ... 67
بەشی حەوتەم: دامەزرێن و پێشڕەوانی شانۆی کوردی ... 99
بەشی هەشتەم: سەرهەڵدانی ڕەخنەی شانۆیی لە ئەدەبیاتی کوردیدا ١٩٢٧-١٩٣٧ ... 125
ئەنجام ... 137

# دەسپێک

لەم تۆژینەوەیەدا هەوڵ دەدەین بەکورتی کەرەستە و سەرچاوەکانی پێکهاتنی شانۆی کوردی دەسنیشان بکەین و مێژووی سەرهەڵدانی شانۆنامە لە ئەدەبی کوردیدا ساغ بکەینەوە؛ کە چۆن لە ماوەی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای بیستەمدا لەژێر کاریگەریتیی کولتووری ئەوروپا و نووسەرە گەنجە تورکەکانی ئەستەمبۆڵدا، وەک ژانرێکی رۆژئاوایی، دێتە ناو ئەدەبەکەمان و پاشانیش لەژێر کاریگەریتیی جموجۆڵی شانۆی عەرەب لە عیراقدا مۆرکێکی نەتەوەیی بەخۆیەوە دەگرێت.

هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تاکو ئێستا تۆژینەوەیەکی ئەکادیمیی سەربەخۆی ئەوتۆ لەبارەی مێژووی سەرهەڵدانی شانۆنامە لە ئەدەبیاتی کوردیدا نەکراوە. ئامانجی ئەم تۆژینەوەیە ئەوەیە کە ببێتە یارمەتیدەرێک لەم بوارەدا.

جیاوازیی ئەم تۆژینەوەیە، لەچاو ئەوانەی تا ئێستا کراون، لەوەدایە کە بۆ یەکەمین جار چەند سەرچاوە و کەرەستەیەکی تازە دەخاتە بەردەست؛ لە هەمان کاتدا بەپێی مێتۆدێکی سەرتاپابین، چەند ڕاستییەک لە گۆشەنیگایەکی ئۆبژەکتیڤەوە دەخاتە بەرچاو.

ئەو گیروگرفتەی هاتە سەر ڕێگەی ئەم تۆژینەوەیەمان، ئەمە بوو: ئایا ئێمە حسێب تەنیا بۆ تێکستەکان بکەین یان بۆ تەنیا شانۆگەرییە پێشکەشکراوەکان، یانیش بۆ هەردووکیان؟ حسێب تەنیا بۆ تێکست یان تەنیا بۆ پیشاندان؛ یان بۆ هەردووکیان؟ بۆ چارەکردنی ئەم کێشەیە، ئێمە هاتین، بەشێوەیەکی بنەڕەتی، حسێبمان تەنیا بۆ تێکست، واتە بۆ شانۆنامەی نووسراو کرد؛ بەڵام چەندی پێمان کرا و پەیمان پێ برد، نواندنە شانۆییەکانیشمان تۆمارکردووە. ئەمەش چونکە، مێتۆدی تۆژینەوە، لە بنچینەدا، پشت بە تێکست دەبەستێت؛ یەکێک لە بابەتەکانی ئەدەبیاتناسی بریتیە لە تێکستی ئەدەبی.

کەواتە، دەبێ دان بەوەدا بنێین کە ئێمە لێرەدا خۆمان لە قەرەی لایەنە تەکنیکی و هونەرییەکانی شانۆ (دەرهێنان، نواندن، دیکۆر، ماکیاژ..) نەداوە؛ زۆرتر لەپێناو نووسینەوەی کەرەستەکان و بە ئەرشەفەکردنی شانۆگەرییە پێشکەشکراوەکان کارمان کردووە. نەمانتوانیوە لە لایەنە تەکنیکی و هونەرییەکانی شانۆی ئەو سالآنە بکۆڵینەوە، زۆرتر پشتمان بە پیشاندانێکی پانۆرامایی و کرۆنۆلۆژی بەستووە. ئەم کارەش، بێگومان، بە کەم و کورتییەک دەژمێردرێت، بەڵام هۆیەکەی، بۆ ئێمە ناگەڕێتەوە: چونکە پیشاندانە هونەری و تەکنیکییەکانی ئەو تێکستە شانۆییانە، ئەمڕۆ، بە فیلمی ڤیدیۆ و بە کاسێت لە بەردەست ئێمەدا نین. هەروەها سەبارەت بە نەبوونی رەخنەیەکی ئەوتۆی شانۆیی لەو زەمانەدا، هیچ بەڵگەنامەیەکمان لەبارەی تەکنیک و شێوازی دەرهێنانی ئەو شانۆگەرییانە بۆ نەماوەتەوە کە ئەمڕۆ بتوانین بۆ تۆژینەوە پشتیان پێ ببەستین.

کێشەیەکی دیکەمان ئەوە بوو کە نەمانتوانی ئەو تێکستە شانۆیی و جموجۆڵە شانۆییەی کە لە سالآنی ١٩٢٠ – ١٩٥٧دا لە دەرەوەی کوردستانی عیراقدا هەبوون، هەموویان بخەینە چوارچێوەی ئەم تۆژینەوەیە. ئەم کەموکورتییە خەوشێکی دیکەی تۆژینەوەکەمانە.

ئەگەر ئێمە لە ساڵی ١٩١٩وە دەستمان پێکردووە، هۆیەکەی ئەوەیە کە لەو ساڵەدا یەکەمین تێکستی شانۆیی بلاوکراوەتەوە. ئەگەر لە ساڵی ١٩٥٧یش راوەستاوین، هۆیەکەی ئەوەیە کە ئەو ساڵە، لەرووی سیاسییەوە، بەرەو وەرچەرخانێکی مێژوویی گرنگ دەڕوات؛ لەو ساڵەدا (١٩٥٧) بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا، کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان لە سێ شاری گەورەی کوردستاندا (سلێمانی، هەولێر، هەڵەبجە) دادەمەزرێت و یەکەمین شانۆگەرییەکانی خۆیان پێشکەش دەکەن؛ هەروەها دوای ئەوەش، یەکەمین تاخمی قوتابیان لە بەشی نواندن و شانۆ لە پەیمانگای بەغدا، خوێندنی ئەکادیمی لەبارەی هونەری شانۆ تەواو دەکەن و بە بڕوانامەی زانکۆییەوە دەگەڕێنەوە کوردستان و کاردەکەن.

هیوادارم کە تۆژەر و قوتابیانی گەنج ئەم کتێبە هەڵبوەشێننەوە، تەنیا وەک چەند کەرەستە و ئەرشیفێکی سادە تەماشای بکەن؛ هەروەها بتوانن، بە دۆزینەوەی دیدی نوێ و کەرەستەی تازە و دەکاربردنی مێتۆدی هونەری، بەرهەمی تۆکمەتر پێشکەش بکەن.

# زاراوەی ''شانۆ'' لە زمانی کوردیدا



# بەشی یەکەم

زاراوەی ''شانۆ'' لە زمانی نووسینی کوردیی سەدەکانی کۆندا (لای شاعیران و نووسەرانی کلاسیکی کورد) هەروەها لە هیچ قامووسێکی کوردی - بێگانە، یان بێگانە - کوردیی سەدەکانی رابردوودا بەدی ناکرێت. بۆ یەکەمین جار، مەحوی، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا، زاراوەی تیاترۆی لاتینیی Theatre، بەم شێوەیە بەکارهێناوە:

دنیا تیاترۆیە، مەوەستە تیا، بڕۆ
کێ مایەوە کە نەبووبێ تیا تڕۆ(١)


ئەمە، دوو راستیمان بۆ روون دەکاتەوە:

١- کورد تا سەرەتای سەدەی بیستەم هونەری شانۆی، بە واتا رۆژئاواییەکە، نەبووە و نەناسیوە. هەر بۆیەش زاراوەکە - بەو شێوەیەی کە شانۆی رۆژئاوایی دەریبڕێت - لە زمانی کوردیدا دروست نەکراوە و بڵاونەبۆتەوە.

لە سەردەمی عوسمانییەکاندا لە هەولێر، بەپێی سجللاتی کۆن، وانەی ''لیسانی فەرەنسەوی و مۆسیقا و رەسم و ئال ئیشلەری و تەربیەی بەدەنی و حوسنی خەت'' دەخوێنرا(٢). لەو تۆمارە کۆنانەدا هیچ باسێک لە هونەری شانۆ و تیاترۆ نەکراوە. ئەمە بەڵگەیەکی دیکەی راستبوونی قسەکەمانە.

٢- ئەگەر شانۆمان ناسیبێتیش یان شتێکی کەمان لەبارەوە بیستبێت، ئەوا هەر زاراوە لاتینییەکەمان بۆ بەکارهێناوە: تیاترۆ Theatre . ئەم زاراوەیەش، وەک لە قسەی ناو خەڵکیشەوە دەردەکەوێ، واتای هونەریی خۆی لەدەست داوە و لەناو کورددا گۆڕانی بەسەردا هاتووە، واتایەکی خراپی گەیاندووە. بە ''ئافرەتی خراپ'' و ''شوێنی خراپ'' گوتراوە ''تیاترۆ''. ئەمەش چونکە لەناو کورددا نەبینراوە کە ئافرەت بچێتە سەر شانۆ و نواندن پێشکەش بکات. هەروەها لە سەردەمی ئینگلیزەکانیشدا هەر زاراوەی تیاترۆ بەکارهاتووە. بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٢٠دا لە لاپەڕە ٣ی ژمارە(٥٥)ی رۆژنامەی (پێشکەوتن)دا، زاراوەی تیاترۆ بەکارهاتووە. هەروەها تەماشاچی بۆ متفرج بەکارهاتووە.

لە سەرەتای سەدەی بیستەم بەملاوە، وردە وردە، لەناو رۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکاندا، زاراوە ئەورووپاییەکان بۆ (هونەری شانۆ) دەردەکەون، وەکو: پیەس، درام، تیاتر؛ یانیش هەندێ جار زاراوە فارسی و عەرەبییەکان، وەک: نمایش، تەمسیل.



**مەحوی، لە کۆتاییی سەدەی ١٩ یەکەم نووسەری کوردە باسی «تیاترۆ»ی کردبێت.**

١- عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری بە یەکەم نووسەری کورد دەژمێردرێت کە بە زمانی کوردی لە ساڵی ١٩١٩دا، لە گۆڤاری ژین، لە ژمارە(١٥ و ١٦)دا، لە ئەستەمبۆڵ، ناوێکی بۆ هونەری شانۆ Theatre دۆزیبێتەوە. هەکاری دوو زاراوەی بەکارهێناوە: پیەس و "تیاتر". وەک دەبینین ئەم نووسەرە هاوچەرخەش هەر، نەیتوانیوە زاراوەیەکی کوردیی پەتی دابڕێژێت؛ ئەویش هەر زاراوە لاتینییەکانی بەکارهێناوە.

٢- لە ساڵی ١٩٢٠ "لیژنەی فەن و تەمسیل" لە قوتابخانەی ئەربیل ئوولا لە هەولێر دادەمەزرێت. وەک لەم لیژنەیەوە دەردەکەوێ، بە هونەری شانۆ گوتراوە "تەمسیل"، واتە زاراوە عەرەبییەکەیان بەکارهێناوە. لیژنەی ناوبراو، لە پایزی ١٩٢١دا شانۆنامەیەکیان بە ناونیشانی سەلاحەددینی ئەییووبی لە هەولێر پێشکەش کردووە و تاکو ئەوساتەش هیچ ناوێکی "شانۆ"لە ئارادا نەبووە.

٣- پیرەمێرد لە ڕۆژنامەی ژیان، ژمارەی ڕۆژی سێ شەممەی ٢ی ئاغستوسی ١٩٢٧، لە وتارێکی ڕەخنەی شانۆییدا، زاراوەی تەمسیل و فەننی تەمسیل و درام Drame و پیەس Piece ی بەکارهێناوە.

٤- حسێن نازم لە ڕۆژنامەی ژیان، لە ژمارە ٧٦ی ١٢ی ئاغستۆسی ١٩٢٧دا، بە هەمان شێوە، زاراوەی تەمسیل و فەننی تەمسیل و درامای بەکارهێناوە.

٥- زێوەر لە سەرەتای سییەکاندا بە شیعر لەبارەی "فەننی تەمسیل" دەدوێ. بە هەمان شێوە خۆی لە قەرەی وشەی "شانۆ" نەداوە. هەروەها لە ١٩٣٧دا حاجی باقی بەنگینە لە ژمارە ٥١٣ی ڕۆژنامەی ژیان دوو درامای کوردی، بە شیعر هەڵدەسەنگێنێ. شیعرەکە بیست دێرە. ناوی شانۆی تێدا نەهاتووە.

٦ - بێکەس لە شیعرێکیدا کە لە ١٩٣٩/٣/٣٠دا لە ژمارە ٥٦٠ی ڕۆژنامەی ژیندا بڵاوکراوەتەوە، هەر وشەی تیاترۆی بەرامبەر بە شانۆ بەکارهێناوە:

تیاترۆی ئێرە و گشت ئێنتیزامی
ئێستا هاتۆتە سەر گەمەی ڕامی

٧- هەروەها زاری کرمانجی، لە ژمارە (٨)، لە لاپەڕە (١٧)دا وشەی تیاترۆی بەکارهێناوە بۆ شانۆ.



**بێکەس لە ١٩٣٩/٣/٣٠**
**وشەی (تیاترۆ)ی بۆ (شانۆ) بەکار هێناوە**

بەم شێوەیە، دەبینین، لەناو رۆژنامە و گۆڤار و کتێب و بڵاوکراوەکاندا، تاکو ساڵانی چلەکانیش (١٩٤٠) وشەی شانۆ لە زمانی کوردیدا بوونی نیە. هەمیشە زاراوە ئەوروپاییەکان (پیەس، درام، تیاتر) یان وشە فارسی و عەرەبیەکان (تەمسیل، نمایش) لەجیاتی "شانۆ" بەکارهاتوون.


کەواتە، وشەی (شانۆ) وشەیەکی تازەیە؛ وا پێدەچی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بەملاوە کەوتبێتە ناو زمانی کوردییەوە.

شاعیری نوێخواز، عەبدوڵڵا گۆران، لەوانەیە یەکەم نووسەری کورد بێت کە لە ساڵی ١٩٥٠دا زاراوەی "شانۆ"ی لەجیاتی (مسرح) و (تمثیل) ی عەرەب، واتە لەجیاتی تیاتری ئینگلیزی، بۆ یەکەم جار لە زمانی کوردیدا بەکارهێنابێت. ئەمەش لە شیعری (جیلوەی شانۆ) کە لە دیوانی (فرمێسک و هونەر)دا لە ساڵی ١٩٥٠دا لە بەغدا لە چاپخانەی مەعاریف چاپکراوە. دیارە دوا بەدوای ئەم بەکارهێنانەی گۆران، زاراوەی "شانۆ" کەوتۆتە نێو نووسەرانەوە و پەسەند کراوە؛ لە نووسین و لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا پەیتا پەیتا جێگەی خۆی گرتووە. ئەوەتا لە کۆتایی ساڵی ١٩٥٧دا لە ژمارە ١٣٣٧ی رۆژنامەی (ژین)، گۆشەیەک بە ناوی "سینەما و شانۆ" لەلایەن نووری وەشتییەوە دەکرێتەوە. ئنجا لە ساڵی ١٩٦٠دا، لە رەخنەیەکی شانۆییدا لەبارەی شانۆگەریی (چیرۆکی شۆڕشی هەڵواسراوەکان)، لەپاڵ زاراوە کۆنە دارێژراوەکەی گیوی موکریانی (میرمیرێن) کە لە ١٩٥٥دا لە قامووسی کۆلکە زێڕینەدا بەکارهاتووە، زاراوەی "شانۆ" لە سێ شوێنی وتارەکەدا بەکارهاتووە:

(چیرۆکی شۆڕشی هەڵواسراوەکان) کە فلیمێکی مەکسیکییە لە لایەن کاک عەبدولقادر ئازادەوە کراوەتە کوردی، مەکی ئازادی برایشی خستوویەتیە سەر شانۆ. میرمیرێن لەلایەن تیپی نواندنی (کاوە)ی هەولێرەوە، شەوی یەک شەممە تووشهاتی ١٩٦٠/٢/٢١ لە ثانەوی کوڕاندا لە هەولێر پێشکەش کراوە.

شانۆ قوتابخانەی گەلە.. هەروەکو گوتوویانە: شانۆ و نانم بدەرە دەس، گەلێکی تێگەیشتووت ئەدەمێ)[٣]

بە هەمان شێوە لە شوباتی ١٩٥٩دا لە گۆڤاری هەتاو لە لاپەڕە ٢٦دا، وتارێکی دیکە لەبارەی شانۆگەرییەک




**عەبدوڵڵا گۆران یەکەم نووسەری کوردە کە وشەی (شانۆ)ی هێناوەتە ناو نووسینی کوردییەوە لە ساڵی ١٩٥٠**

نووسراوه كه له هەولێر پیشاندراوه و زاراوەی شانۆی تێدا بەکارهاتووه. بەڵام لە هەمان کاتدا زاراوەی (نواندن)یش لە ژمارە(١٤٩)ی هەمان گۆڤاردا بەم شێوەیە بەکارهاتووه: (هەفتەی پێشوو لەسەر شانۆی قوتابخانەی سانەویی کوڕان، قوتابخانەی هەولێر دوو چیرۆکیان نواندووه).

## زاراوەی "شانۆ" لە چییەوه هاتووه؟

ئێمە وای بۆ دەچین کە وشەی شانۆ لە وشەی شێنێ Sceneی ئیتاڵییەوە هاتبێتە ناو زمانی کوردی، کە لە زمانی ئیتاڵیدا بە(شێنێ) یان "شێنۆ" دەمزەد دەکرێت. لە زمانی فەرەنسی و ئینگلیزیشدا بۆتە سێن Scene . تەنانەت لە زمانی فارسیی ئەمڕۆشدا زۆر جاران وشەی (سن) بەکاردێنن، کە هەر لە Scene ی فەرەنسی و ئینگلیزییەوە هاتووه.

تیپە شانۆییە ئیتاڵییەکان، لە ڕێگەی باڵوێزخانە و کۆمپانیا ئیتاڵییەکانەوە لە ئەستەمبوڵ، یەکەم ئەو تیپە شانۆییە ڕۆژئاواییانە بوون کە شانۆی هاوچەرخیان لە ئەستەمبوڵ و شارەکانی دیکەی تورکیادا پێشکەش کردووه[٤]. ئەو شانۆگەرییانە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا پێشکەش کراون؛ واتە لەو سەردەمەی کە دەیان ڕووناکبیر و نووسەر و سیاسەتمەداری کورد لە هەر چوار پارچەکەی کوردستانەوە ڕژابوونە ئەستەمبوڵ. لەوێ ئەو شانۆگەرییە ئیتاڵییانەیان بینیوه و گوێیان لە ناوی ئەو هونەره بووه کە پێی دەڵێن شێنێ یان "شێنۆ". ئەو نووسەر و ڕووناکبیره کوردانە لەوانەیە ئەم وشەیەیان لە کاتی گەڕانەوەی خۆیاندا بۆ کوردستان هێنابێت و خستبێتیانە زمانی نووسینی کوردییەوە. پاشان پاشگری "گەری" و «نامە»ی خراوەتە سەر و بۆتە "شانۆگەری" و «شانۆنامە».

کەواتە، سەبارەت بەوەی هونەرەکە هونەرێکی ئەورووپییە، دەبینین ناوەکەیشی وشەیەکی ئەورووپاییە و وەرمانگرتووه. تەنانەت هاوواتاکانی دیکەیشی: تیاتر، پیەس، درام... هتد، کە پیرەمێرد و عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری و یەکەم ڕەخنەگر و شانۆنامەنووسەکانی دیکە لە نووسراوەکانی خۆیاندا بەکاریان هێناوه، ئەوانیش هەر، ئەورووپایین و لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاواییەوه وەرگیراون. تەنیا وشەی نمایش و تەمسیل نەبێ کە پیرەمێرد لە هەندێ شوێندا بەکاری هێناون، وشەی فارسی و عەرەبین و ئێمە نواندن-مان لی داتاشیون. بەڵگەیەکی دیکەی ڕاستییەکە لەوەدا دەردەکەوێ، کە دەبینین وشەی پەیوەندیداری دیکەیش بە شانۆوه، وەک دیکۆر، مۆنتاژ، دیالۆگ، مەنەلۆگ، ئەکسیسوار... ئەوانیش هەر وشەی زمانە ڕۆژئاواییەکانن.

هەموو ئەمانەی باسمان کردن، بەڵگەی ئەوەن کە هونەرەکە (بە شێوە ڕۆژئاواییەکەی) هونەرێکی کوردی نیە، ژانرێکی نوێیە، لە ڕێگای ئەدەبیاتی ئەورووپایی و تورکیەوه، لە سەرەتای سەدەی بیستەم بەملاوه، کەوتۆتە ناو ئەدەبیاتی کوردییەوه.


**سەرچاوه:**

(١) دیوانی مەحوی، چاپی ک. ز. ک.، بەغدا: ١٩٧٧، ل ٢٥٣.

(٢) محەمەد تەیموور: دەروازەیەکی ڕەخنەیی درامای نوێی کوردی، گۆڤاری کاروان، ژمارە ٦٤، مایسی ١٩٨٨، ل٦٠-٧٠.

(٣) گۆڤاری هەتاو، ژمارە ١٧٢ ، ٢٩ی شوباتی ١٩٦٠، لاپەڕە ١٩.

(٤): Alessio BOBACI: Histoire de la litterature turque, Paris: 1968, P. 4.

# پیشاندانە شانۆییيە مىللىيەكان



## بەشی دووەم


پێش ئەوەی شانۆی هاوچەرخ یان نموونەی شانۆی ڕۆژئاوایی لە کوردستاندا بڵاوببێتەوە، کورد چەندین جۆر شانۆی میللی هەبووە. هونەری تەماشاکردن و پیشاندان، هونەرێکی دێرین و باوی کوردەوارییە. تەنانەت لە سەردەمە دێرینەکانەوە، بۆ نموونە: بەر لە زایینی مەسیح، گووتییەکان (٢٢٠٠ پ. ز) دەمامکی سەرکە بەرانیان لەسەر دەکرد؛ دیاردەی نواندن و لاساییکردنەوەیان لەلا هەبووە. میدییەکانیش چەندین جۆر شانۆی نەریتییان هەبووە. تەنانەت هەندێ لە پسپۆڕان وای بۆ دەچن کە هەندێک لە سوورەتەکانی گاتاکان (لە کتێبی ئاڤێستا) شانۆنامەیەکی تەواون[١] هەروەها ساڵی ٥٣ی پێش زاین، بە قسەی مێژوونووسی یۆنانی، سترابۆن، کورد و ئەرمەن شانۆیان هەبووە[٢].

ئەم شانۆ میللییانە، بێگومان، لە شێوەی نووسیندا نەبوونە، بەڵکو تەنیا لە شێوەی تەدارەک و نواندندا پیشان دراون. دیارترین ئەو شانۆ میللییانە، ئەمانە بوونە:

١- یاری و گەمە میللییەکان

کورد، وەک هەموو گەلانی دیکەی ڕۆژهەڵات، یاری و قۆشمە و گۆڵمەزەکانی وەک قەرەگۆز و جریت بازی و مەیدان ئۆینی و ئۆرتە ئۆینی و عەرووسەک و زۆرخانە و کۆسە بەبە و ڕمبازی و ڕووبەندبازیی هەبووە[٣] ئەم گەمە و یارییانە بە جۆرێک لە نواندنی شانۆیی میللی دەژمێردرێن. تا ئێستاش بەشێکیان ماون، یان هەندێکیان لە بۆنە و ڕۆژە تایبەتییەکاندا، بەتایبەتی لە ساڵانی ١٩٢٠-١٩٤٠دا، لە هەندێ شوێن، بەتایبەت لە سەیرانگەکاندا ئەنجام دراون. یەکێک لە ئەکتەر و شانۆکارەکانی ساڵانی ١٩٢٠ی کوردستان، لەبارەی ئەم جۆرە نواندنە میللییانەی جارانەوە دەڵێ:

(بووکە بە بارانە) یا (داوەرە)، کە لەناو بێستان دەیچەقێنن، تا تەیر و توال لێی بڕەونەوە یان بە شەو ڕەزەوانەکان نیوەشەو گۆچانێکیان لەسەربانی کۆلیت یا لەسەر کەپر دەچەقاند سەر و کڵاویان لەسەر دەنا و جلوک کێشیان پێدا دەدا، تا دز وا تێبگەن ئەمە باغەوانەکەیە ئێشک دەگرێ. وەختی خۆی لە مزگەوتەکان، بەتایبەتی زستانان، فەقێیەکان شەوانی سێشەمووان و هەینی، کە کاتی حەسانەوەیان بوو، لە حوجرە، خۆیان بە یاری و تەمسیلی ماقووڵ و سەیر دەخافڵاند. ئەو فەقێیانە هی زۆر



**دیمەنی شانۆی میللی**
**(شیرین و فەرهاد) کە لەناو میناتۆرەکاندا**
**ڕەنگیان داوەتەوە**

شارانی کوردستان بوون، عاداتی لای خۆیان بڵاو دەکردەوە، ئیدی نموونەی لای خۆیان بوون، فەقێی زۆر سوحبەتچیان تێدا بوو، هەندێ ئەهالی گەڕەکیش بەشدارییان دەکرد: وەک شانۆی مامۆستا و فەقێ، وەستا و شاگرد، باوک و ئەولاد. بەرگی خۆیان گۆڕیوە تا نەیاننناسنەوە، تەمسیلی (شوان و گورگ)یان کردووە، لاسایی زۆر حەیواناتیان کردۆتەوە، کە دیوەخانەکانیش چۆڵ دەبوون، هەندێ لە میوانان کە دەمانەوە لەگەڵ خولامان بەبێدەنگ رایانبواردووە. لە کۆیە پاشا پاشایەتی تا ساڵی (١٩١٤) کە سەفەربەر دەستی پێکرد، مابوو. پاش کۆتایی شەڕ، لە کۆیە وەستا عەبدوڵڵا جەیدی بە رێکخستنی ئیشی پاشا پاشایانێ و رابواردنی گەمەکان کە هەڵدەستا بە ناوی ئەوەوە ناسراوە. کوتەڵیش زۆر کۆنە، بۆ سەرۆک تایفە و سەرۆک عەشیرەت دەکرا؛ ماین یا ئەسپێکی دەڕازێننەوە، هەیکەلێک بە جل و بەرگی سەرۆکەکە لەسەر پشتی ولاغەکە قاییم دەکەن، دەیهێنن لە ناوەندی شیوەنی رادەگرن، یا بەدەوره دەیگێڕن[٤]

**٢- نواندنە مەزهەبی و دینییەکان**

کورد لە نواندنە مەزهەبی و دینییەکاندا، کە پەیوەندییان بە پرسەی شیعەکان و کارەساتەکەی کەربەلاوە هەیە و زیاتر لە ئێران و تورکیای عوسمانیدا باو بوون، بەشداریی کردووە. سەردوولکە، کۆتەڵ (عاشوورا)، شیوەن.. لە گرنگترین نواندنە دینییەکان دەژمێردرێن. دیاردەی کۆتەڵ لە سەردەمی میدیایی و گووتییەکانیش، وەک تەدارەکێکی دینی و درامی، هەر هەبووە. پاشاکان بە کۆتەڵ نێژراون. لە داستانی مەم و زین دا مەم بە کۆتەڵ شاردراوەتەوە. زۆربەی ئەمانە گەنجینەی میتۆلۆژیای شانۆیی و نواندنی کوردین؛ بەشێک بوونە لە ژیانی رۆژانە و رابواردنی ئاسایی خەڵکی کورد[٥]

**٣- میرنەورۆزی و میرمیرێن**

گەلی کورد هەندێ شێوە نواندنی شانۆیی تایبەت بە خۆی هەبووە، لەوانە: میرمیرێن و میر و گزیر و میرنەورۆزی[٦] میرمیرێن جۆرە نواندنێکی کوردەواری بووە، بەهاران کراوە. ئەم نەریتە هونەرییە پەیوەندییەکی هێندە پتەوی بە شانۆی ئەورووپاییەوە هەبووە کە مامۆستا گیوی موکریانی لە قاموسێکی خۆیدا وشەی میرمیرێنی بەرامبەر بە وشەی تیاتر Theatreی ئینگلیزی و مەسرەحی عەرەبیی داناوە[٧]

**دیمەنی شانۆی میللی**



هەروەها لە ساڵی ۱۹٦۰یشدا، لە ڕەخنەیەکی شانۆییدا (چیرۆکی شۆڕشی هەڵواسراوەکان) نووسراوە، زاراوەی (میرمیرێن) بۆ شانۆگەری بەکارهاتووە(۸)

٤- چایخانەکان:

چایخانە و قاوەخانە و دیوەخانەکان لە هەموو شار و شارۆچکەیەکی کوردستاندا جێگەی گێڕانەوەی حەکایەت و نواندنی جۆراوجۆر بوونە. شانۆی چایخانەکانی ئیسرابادی و مەیدان لە خانەقین و قەسری شیرین، کە جەعفەر لەک بەڕێوەی دەبردن، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە هەبووە. لە ساڵی ۱۹۱۵دا لە هەولێر، سەید غەریب بەرزنجی چایخانەی "سەید غەریب"ی دروستکرد. ئەو چایخانەیە، لەگەڵ چایخانەی ئەحمەد ڕەزا (مەچکۆ)، چایخانەی مام تاهیر، چایخانەی سەبر و عەبۆ ببوونە بارەگای نووسەر و هونەرمەندان. شەوانیش، مەلا عەلی کڵاشدروو، لەگەڵ چەندین حەکایەتخوانی دیکە، هەقایەتی کوردەوارییان دەگێڕایەوە. سەکۆی ژوورەوەی ئەو چایخانانە، شەوان، هەر یەکەیان شانۆیەک بوون بۆ خۆیان(۹)

٥- شێوە نواندنە میللییەکانی دیکە

دیاردەکانی کۆسە بەبە، ئاهەنگە شانۆییەکانی نەورۆز و مەدرەسەی مزگەوت و خان و سەیرانگا، زیارە، گەمەی پاشا هەڵبژاردن، چوونە سەیران، دیدەوانی.. بە چەند سەرچاوەیەکی گرنگی دیکەی بزووتنەوەی شانۆیی میللیمان لە قەڵەم دەدرێن. خۆکردنە پاشا و نواندنی پاشایەتی لە زۆربەی شارە کوردییەکانی کۆتایی سەدەی ۱۹، تا هاتنی ئینگلیزەکانیش لە کوردستاندا باو بووە (پێنج ڕۆژ بەر لە نەورۆز تا ڕۆژی سێزدەی نەورۆز). ئینگلتۆن لە کتێبەکەی خۆیدا لەبارەی کۆماری مەهاباد، کە بە زمانی ئینگلیزی نووسیویەتی، باسی دەکا. میهرەجانەکانی سلێمانیش، کە لە ۱۹۱۰ و ۱۹۱۲دا پەیدا بوونە، چەندین چالاکیی شانۆیی و نواندنی میللی و نەریتییان پێشکەش کردووە(۱۰) چەند هونەرمەند و ئەکتەرێکی ناسراوی میللیی وەک فەرەج کوردی و حافزی لەقلەقزادە و ئەحەی ناسر و ئەحەی کڕنوو لە ساڵانی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم لە شاری سلێمانی قۆشمەچی بوونە و چەندین دیمەنی شانۆیی و پیشاندانی تەمسیلییان پێشکەش بە خەڵک کردووە. هەروەها، شانۆی میللیی قوتابخانە ئاینییەکانی کوردستان، لە کاتی ئیجازەدانە



**زۆرانبازی و جریتبازی**
**یەکێک لە نواندنە میللییەکان**

فەقێکان، هەر ساڵێ؛ لەگەڵ شانۆی میللی میهرەجانەکان لە بەهاراندا و شانۆی فرە چەشنی تیپە گەڕۆکەکان لە خان و کاروانسەرا و چایخانەکان بەگشتی، ئاهەنگی مەدارس و چوونە سەیران، دیدەوانی. هەموو ئەمانە، سەرچاوەکانی شانۆی کوردن(١١)

تاهیر ئەحمەد حەویزی، کە یەکێکە لە ئەکتەر و شانۆکارەکانی سالآنی ١٩٢٠ی کوردستان، لەبارەی ئەم جۆرە نواندنە میللیانەی جارانەوە دەڵێ:

گەورەترین شانۆگەری لە کوردستاندا (پاشا پاشایانێ) بووە: (ئەمن لە قەلاتێم، ئەتوو لە گووفاتێ)، (قەلات قەلاتی ئەزە)، لە زۆربەی شارەکاندا هەر شوێنە بەپێی عادەت و نەریتییان، یەکێکی گورج و گۆڵ، کە خۆی پێ بگیرێ و پێنەکەنێ، دەکرێتە مەلیک (شا)؛ بەرگێکی تایبەتی لەبەر دەکەن، شتێکی وەک (تاج)ی لەسەر دەنێن، کەچە شیرێکی دەدەنە دەست، لەسەر کورسییەکی دادەنێن هەندێ دەست و پێوەند بە دەوریا رادەوەستن، هەر فەرمانێکیان پێ بدات دەم و دەست جێبەجێی دەکەن، گەورە و گچکە دەبێ بە گوێی بکەن، بەڵکو لە پەنای پاشایەتی بێگار بە هەندێ کاربەدەستانی شارەکە دەکەن، کاسبکارەکان پارەیان کۆدەکردەوە، بەتایبەتی لە شاری کۆیە، دەچوونە ئەسحابان، شەو دەمانەوە، پاشاش پێشیان دەکەوت شانۆگەرییان دەکرد و مەولودیان دەخوێندەوە، هەندێ پاشا دەسەلاتی هەبوو، سێ رۆژ یان هەفتەیەک بوو، ئەنجوومەنی وەزیرانی هەبوو، بەڵکو پارەیەکی چاکیان دەدایە، ئەمری دەردەکرد: «برۆن فلانە کەس بیبێنن»، تاوانی دەکرد، بەڵکو فەلاقە وەیا بە بەرگەوە دەیخستە ناو ئاوێ، کە ماوەی دەسەلاتی کۆتایی دەهات، خێرا تاجەکەی فڕێ دەدا و جلەکانی دادەکەند و تا هێزی تێدابا رای دەکرد، بیانگرتبا بە هەموویان وەبەرشەقیان دەدا، ئەمە نموونەیەکی بچووککراوەی حوکمداری نیوە دیموکراتی و دانان و لێخستنی سەرۆکان بووە.. لە قەلادزێ ئەو کاتەی حکومەتی عێراقی چووە پشدەر، بەزۆری کاک بەکری قەساب کە کۆیی و یەکێکی کورتەبنەی تێکچەقی و وریا بوو(١٢)

هەموو ئەمانە و دەیانی دیکەی هاوجۆری ئەمانە، بەدرێژایی مێژوو، لە سەدەکانی رابردوودا، لای کورد، دەکرێ بە شێوە نواندنێکی میللی بژمێردرێن. شانۆ لە



**نواندنێکی میللی**
**– لە مستەر ریچ ١٨٢٠ وەرگیراوە–**

کوردستاندا، بەم شێوەیە بووە و لەناو ئەم چالاکییانەدا دەرکەوتووە.

لێرەوە، دەتوانین تێبینی دوو راستی بکەین:

١- پیشاندانی شانۆیی، لای ئێمە، پێش نووسینی شانۆنامە و بڵاوکردنەوەی تێکستی شانۆیی کەوتووە. چونکە، جگە لە هەموو ئەو شانۆ میللییانەش کە نەنووسراونەتەوە؛ لە ساڵی ١٩٠٥ دا، بە گەواهیی مامۆستا محەمەد تەیوور، شانۆگەرییەکی شێوە رۆژئاوایی، بە ناونیشانی "میری دیل" لە هەولێر پێشکەش کراوە(١٣) هەروەها لە ساڵانی ١٩١٠-١٩١٢دا لە میهرەجانەکانی شاری سلێمانیدا نواندنی شانۆییان پێشکەش کردووە، بێ ئەوەی دەقە شانۆییەکانیان بڵاوبکرێنەوە.

٢- شانۆ، تا سەرەتای سەدەی بیستەم، لە کوردستاندا، بەو شێوەیەی یۆنانی دێرین (گریک) یان بە شێوەی ئەورووپا نەبووە، بەڵکو لەناو چەند تەدارەک و نەریتێکدا خۆی بەرجەستە کردووە، چەند پێوەرێکی سەربەخۆی جیاوازی میللیی هەبووە؛ نەیتوانیوە وەک ژانرێکی هونەری - ئەدەبیی سەربەخۆ خۆی پێکبهێنێ.

لەوە دەچێ، بارودۆخی شارستانی و ئایدیۆلۆژیی کوردستان، تا سەرەتای سەدەی بیستەم، بەو شێوەیە نەبووبێ کە شانۆنامەی تێدا سەرهەڵبدات؛ چونکە، وەک رەخنەگری فەرەنسی، تۆدۆرۆف، باسی دەکات: ژانرێکی ئەدەبی بۆ ئەوەی سەرهەڵبدات، پێویستە کۆمەڵگەکەی، گەیشتبێتە ئاستێکی دیاری پێشکەوتن . ئەمەش چونکە، بە بۆچوونی تۆدۆرۆف: ژانری تازەی هەر سەردەمێک سیستەمێکی تایبەتی خۆی هەیە کە لەگەڵ ئایدیۆلۆژیەتی باوی ئەو سەردەمەدا یەک دەگرێتەوە(١٤)


«... ئەوروپا تەمسیلیان کرد بە سنعەت، ئەمما چۆن سنعەتێ؛ لە هەموو سنعەتێک بە واریدات تر و بە فائیدەتر»

ژیان، ژمارە (٥٠٧)
سلێمانی: ١٩٣٦

لێرەوە، دەکرێ بگوترێ: شانۆ، بەو چەمکە ئەوروپاییەی کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەیە، ژانرێکی تازەیە و لەرێگەی شەپۆلی ئەدەبیاتی تورکی و ئەورووپییەوە هاتۆتە ناو ئێمە.

کەواتە، هەر بۆیە، ناکرێت ئەو پۆلێن کردنەی بۆ مێژووی درامای ئەورووپی کراوە، بە هەمان شێوە، بەسەر شانۆی کوردیدا بچەسپێت. ئێمە پێویستە لە نووسینەوەی مێژووی شانۆی کوردیدا، مێتۆدێکی تۆژینەوەی تایبەت بەکار بێنین کە لەگەڵ هەڵکەوتی خۆمان بگونجێت. ئێمەی کورد،

ناتوانین ناو لە هیچ قۆناغێکی شانۆیی خۆمان بنێین قۆناغی «کلاسیزم» یان «رۆمانسیزم» یان «مۆدێرن». چونکە، بۆ نموونە، لەوکاتەی رێبازی کلاسیزم لە ئەورووپادا باو بووە، ئێمە لە کوردستان، بێ ئاگا و دوور لە ئەوان، خەریکی قەرەگۆز و کۆتەڵ و مەیدان ئۆینی و رووبەندبازی و میرمیرێن بووینە. کاتێ ئەورووپا رووی کردۆتە شانۆی رۆمانسیزم، ئێمە لە کوردستان، هێشتا هەر پابەندی ئەو هونەرانەی پێشوو بووینە. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم و دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، کاتێ ئەورووپا روو دەکاتە سمبوولیزم و ریالیزم، ئێمە لە کوردستان، تازە بە تازە، دڵ و دیدەمان بە قۆشمە و عەڕووسەک و گۆڵمەزەکانی فەرەج کوردی و ئەحەی ناسر و حافزی لەقلەقزادە و ئەحەی کڕنوو زاخاو دەدەین. کاتێکیش، ئەورووپا لە ماوەی چارەگی یەکەمی سەدەی بیستەمدا خۆی تازە دەکاتەوە و روو لە شانۆی مۆدێرن و سوریالیزم و دادایزم و فوتووریزم دەکات؛ ئێمە لە هەولێر و لە سلێمانی، هێشتا جارێ، نەک هیچ ئەکادیمیایەکی شانۆمان نیە و نەخوێندووە، بەڵکو تەنانەت هیچ تیپێکی شانۆییشمان دانەمەزراندووە: پشتمان بە دیدەوانی و تیپە شانۆییەکانی قوتابخانەکان بەستووە؛ ژمارەی شانۆگەرییەکانیشمان لە ژمارەی پەنجەکانی دەست تێپەڕ ناکەن.



لەسەر بنچینەی ئەم ڕاستییانەوە، ناچارین، بۆ نووسینەوەی مێژووی سەرهەڵدانی شانۆی کوردی، سێ قۆناغی بنجی دەسنیشان بکەین:

قۆناغی یەکەم: قۆناغی شانۆ میللییەکانمان، کە قۆناغێکی غەیری ئەو شانۆ ئەورووپاییەیە کە بە کلاسیزم و نیووکلاسیزم و رۆمانسیزم و سمبوولیزم دەیناسین. بریتیە لە کۆمەڵێک تەدارەک و نەریت و نواندنی میللیی خۆمان؛ هەر لە سەدەکانی دێرینەوە درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە سەرەتای سەدەی بیستەمیش.

قۆناغی دووەم: لە بڵاوبوونەوەی یەکەم تێکستی شانۆیی نووسراوەوە دەست پێدەکات، لە ساڵی١٩١٩، لە ئەستەمبۆڵ، لەلایەن عەبدولرەحیم رەحمی هەکارییەوە تا دەگاتە ساڵی ١٩٥٧.

قۆناغی سێیەم: لە ساڵی ١٩٥٧ بەملاوە دەست پێدەکات کە بەرەو وەرچەرخانە مێژووییەکەی ساڵی ١٩٥٨ دەچین. لە ساڵی ١٩٥٧دا، بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا،

کـۆمـەڵەی هونەرە جـوانەکـان لە سێ شـاری گـەورەی کوردستاندا (سلێمانی، هەولێر، هەڵەبجە) دادەمەزرێت و شانۆکارەکان لێی کۆ دەبنەوە و یەکەمین شانۆگەرییەکانی خۆیان پێشکەش دەکەن؛ دواتریش یەکەمین تاقمی قوتابیی کورد لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا بەشی شانۆ تەواو دەکەن و لەڕێگەی ئەم کۆمەڵەیەوە دەست دەکەنە کاری شانۆیی.

ژانری شانۆ، بە واتا ئەوروپییەکەی، تەنیا بۆ کورد تازە نیە: بۆ نموونە، شانۆی عەرەبی لە عیراقدا لەوەی خۆمان کۆنتر نیە؛ کۆنترین شانۆگەری لە عیراقدا بریتیە لە "الشماس" نووسراوی حنا حبش، کە لە ١٨٨٠دا لە مووسڵ پێشکەش کراوە[١٥] لە تورکیاشدا، ئیبراهیم شیناسی ١٨٢٦ - ١٨٧١، لە ساڵی ١٨٥٨دا بوو کە یەکەمین شانۆنامەی شێوە ڕۆژئاوایی، بە ناونیشانی شاعیر ئێڤلەمەسی (زەماوەندی شاعیر) بە زمانی تورکی نووسی[١٦] لە ئێرانیش، دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی ئەو شانۆنامە ئەوروپیی، بەتایبەتی فەرەنسییانەی، کە لە سەردەمی دامەزراندنی دارالفنون دا تەرجەمەی سەر فارسی دەکران و پیشان دەدران؛ پاشانیش کاتێ دەرهێنەر و دیکۆرساز و ئەکتەری کورد، میر سیف الدین کرمانشاهی لە ساڵی ١٨٣٠دا لە تفلیسی قەفقازەوە بۆ کرماشان دەگەڕێتەوە و لە تاران و تەورێز و کرماشان شانۆ بە شێوەی ئەوروپایی دەست پێدەکات. ئەم هونەرمەندە کوردە، ڕەنگە لە ئێراندا یەکەمین کەس بێت کە دەرهێنان و بەکارهێنانی دیکۆری لە شانۆدا کردبێتە باو[١٧] دووای ئەویش، ڕۆڵی فتح علی اخوند زادە(١٨١٢- ١٨٧٥) لە ساڵانی ١٨٥٠-١٨٥٦دا - کە میرزا جەعفەری قەراجەداغی شانۆنامەکانی ئەوی لە ئازەربایجانییەوە دەکردنە فارسی - لەگەڵ ڕۆڵی میرزا ئاغای تەورێزی لەبیر ناکرێن[١٨].

لەوانەیە، گەلێک شانۆنامەنووس و دیکۆرسازی کوردی وەک میر سیف الدینی کرمانشاهی هەبووبن کە بە زمانی فارسی یان تورکی و عەرەبی خزمەتی شانۆی فارس و تورک و عەرەبیان کردبێت[١٩] بەڵام بە زمانی کوردی؛ پێویستە چاوەڕێی ساڵی ١٩١٩ بکەین بۆ ئەوەی یەکەم تێکستی شانۆیی بە زمانی کوردی بڵاو بکرێتەوە. ئەمەش لە ئەستەمبۆڵ، بە ناونیشانی (مەمێ ئالان) لە ژمارە ١٥ و ١٦ی گۆڤاری (ژین)دا بە پێنووسی عەبدولرەحیم ڕەحمی



**حەکایەتخوانی**
**کە پڕبوون لە دیمەنی شانۆیی**

هەکاری. تێکستی ناوبراو بە سەرەتای بڵاوبوونەوەی ژانری شانۆنامە لە ئەدەبیاتی کوردیدا دەژمێردرێت، ڕێگە خۆشدەکات بۆ ئەوەی پەیتا پەیتا تێکستی شانۆیی دیکە بنووسرێن و بڵاو ببنەوە؛ لەکۆتاییشدا جموجۆڵێکی شانۆی ڕۆژئاوایی لە کوردستانی عیراقدا دروست ببێت.

**سەرچاوە:**


١- ئیبراهیم فەرشی: کورتە باسێکی ڕێ و شوێنی شانۆ لە کۆندا و شانۆ لە کوردستاندا، گۆڤاری(ڕامان)، ژمارە(٤٤). هەولێر: شوباتی ٢٠٠٠، ل ٤-٨. هەروەها بڕوانە: مجلە خواندنیها، شمارە(٥٢). تهران: ١٣٣٦، ل ٣٧.

٢- جەمال ڕەشید: دراسات كردیة في بلاد سوبارتو، ل ٤٨ - ٤٩).

٣-: B. Majid RAZWANI: Le theatre et la danse en Iran, d Dau- jour d hui, Paris: 1968, p. 3.

٤- تاهیر ئەحمەد حەویزی: شانۆگەری لە کوردستاندا، ڕامان ژمارە ٢٧، ساڵی ١٩٩٩

٥- Jaques MORGAN: Maison Scientifique en Perse 1889-1891, V. 4-5, Paris. 1897.

٦- عبیدالله ایوبیان: میر نوروزی (تاریخچە هنر تئاتر در کردستان ایران - قرن نوزدهم)، مجلە نشریە دانشکدە ادبیات تبریز، شمارە ١٤، ص ٩٥ - ١٢٢. هەروەها بڕوانە: ئیبراهیم فەرشی: کورتە باسێکی ڕێ و شوێنی شانۆ لە کۆندا و شانۆ لە کوردستاندا، گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە (٤٤). هەولێر: شوباتی ٢٠٠٠، ل ٤-٨.

٧- گیوی موکریانی: کۆلکەزێڕینە، چاپخانەی کوردستان، هەولێر: ١٩٥٥.

٨- گۆڤاری هەتاو، ژمارە ١٧٢و ٢٩ی شوباتی ١٩٦٠، لاپەڕە ١٩ - ٢٠.

٩- برایەتی ، ژ ٢٢٠٤، هەولێر: ١٩٩٦/١١/٤

١٠- محەمەد تەیموور: دەربارەی دراما و ڕەخنە، گۆڤاری کاروان، ژ ٤١، هەولێر: ١٩٨٦، لاپەڕە ٦٣ - ٧٠.

١١- محەمەد تەیموور: شانۆ لە قوتابخانەکاندا، گ. ئوتۆنۆمی، ژ ٢٠ و ٢١، ١٩٨٤، ل ١٠٥ - ١١٢و ٧٦-٨٠.

١٢- تاهیر ئەحمەد حەویزی: شانۆگەری لە کوردستاندا، ڕامان ژمارە ٢٧، ساڵی ١٩٩٩

١٣- محەمەد تەیموور: دەروازەیەکی ڕەخنەیی درامای نوێی کوردی، گۆڤاری کاروان، ژمارە ٦٤، مایسی ١٩٨٨، ل ٦٠ - ٧٠.

١٤- Tzvetan TODOROF: La notion de la litterature, Ed. Point, Paris: 1987, P. 30.

١٥- الموسسة العامة للسينما والمسرح، المسرح العراقي اليوم، بغداد، ص٣، ١٩٧٨.

١٦- Alessio BOBACI: Histoire de la litterature turque, Paris: 1968, P. 4.

١٧- محمد رضا فرهنگ: میر سیف الدین کرمانشاهی، مجلە اوینە، پیک بیسنتون، ضمیمە مجلە. شمارە ١٧-١٨، ت ٨٩-٩٢. هەروەها بڕوانە: ئیبراهیم فەرشی: کورتە باسێکی ڕێ و شوێنی شانۆ لە کۆندا و شانۆ لە کوردستاندا، گۆڤاری(ڕامان)، ژمارە(٤٤). هەولێر: شوباتی ٢٠٠٠، ل ٤-٨.

١٨- د. محمد استعلامی: بررسی ادبیات امروز، ل ١٦٩-١٧٠ هەروەها محمد حقوقی: ادبیات امروز ایران، نشر قطرە، تهران: ١٣٧٧، ل ٣٧.

١٩- یحیی اریان پور: از صبا تا نیما، ج ٢، ص ٣١١.

# شانۆنامە و شانۆی شێوە رۆژئاوایی لە کام دەفری شارستانیدا سەریان هەڵدا؟



دیکۆری شانۆیەکی ساڵانی ١٩٥٠ - بەغدا
دروستکراوی: خالید سەعید

## بەشی سێیەم

به پێویستی دەزانین، بە چەند دێڕێک، ئەو زەمینە شارستانییەی کە شانۆنامە و شانۆی ڕۆژئاوایی لێوە لەدایک بوو روون بکەینەوە. فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی شانۆنامە لە ئەدەبیاتی کوردیدا ئەمانە بوون:

١- بلاچەدانی هەستی ناسیونالیستی و راپەڕینە نیشتیمانییەکان، لە کۆتایی سەدەی ١٩م و سەرەتای سەدەی بیستەمدا؛ هەروەها دروستبوونی دەیان ڕێکخراوی سیاسی و کۆمەڵەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لە دەرەوەی کوردستان و لە ناوەوەدا؛ لە ئاکامی ئەمەشدا، دامەزراندنی یەکەمین قوتابخانە کوردییەکان و بەرز بوونەوەی ئاستی تەکنەلۆژی و ڕۆشنبیری و خوێندەواری لەناو گەلدا[١].

لە ١٩١٤ بەملاوە، زۆربەی قوتابیانی کوردی هەولێری، بۆ نموونە، دەرچووانی قوتابخانەی روشدیە یا مەدارس، دەچوونە (دارالمعلمین ابتیدائی سی) و (حقووق کولیەسی) لە مووسڵ. لە سلێمانی و شارە گەورەکانی دیکەی کوردستانیش، بە هەمان شێوە: بۆ فێربوون و خوێندن ڕوویان دەکردە بەغدا و ئەستەمبوڵ. هەروەها، دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی، یەکەمین قوتابخانەکان بۆ کوڕان لە کوردستاندا کرانەوە. دوا بەدوای ئەو، قوتابخانە بۆ کچانیش، بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا دەرگاکانیان کەوتە سەر پشت. لە مانگی ئەیلوولی ١٩٢٧دا، کاتێ مەجید یەعقوبی پارێزگار بوو، یەکەم قوتابخانەی کچان لە هەولێر، لە گەڕەکی قەڵا، لە نزیک دەرگای ئەحمەدیە، کرایەوە. تەنیا یەک پۆل بوو، ٣٥ قوتابی بوون.

ئەم قوتابخانە و کۆمەڵە و ڕێکخراوانە، ڕۆڵێکی دیاریان هەبوو بەسەر بووژاندنەوەی ڕۆشنبیری و نەشونمای جموجۆڵی شانۆیی. (لیژنەی فەن و تەمسیل)، بۆ نموونە، سەر بە قوتابخانەی ئەربیل ئوولای هەولێر، لە ساڵی ١٩٢٠ دامەزراوە و چەندین بەرهەمی هەبووە. جگە لەوەش تیپی شانۆیی قوتابخانەی زانستی کە سەر بە جەمعیەی زانستی بوو لە سلێمانی، لە ١٩٢٦ دامەزراوە، چەندین بەرهەمی شانۆیی هەبووە. جگە لە پیشاندانی فیلمی سینەمایی لەناو ئەم جەمعیەتەدا کە کاریگەریی هەبووە بەسەر سەرهەڵدانی هونەری شانۆ تەنانەت چیرۆکیش لەو شارەدا[٢].

لە ڕۆژنامەی ژیانەوە، ژمارە ٣٧، لە ١٩٢٥/٨/٢٧ بە



**شێخ مەحمود و ڕەفیق حیلمی ١٩٣٢**

قەڵەمی عبدالواحید مەجید نووسراوە کە "لەسەرمانە پرۆغرام و مەعاریف و دەرسەکانی میللەتان بکەین بە کوردی و تەبع بکرێن". هەروەها لە سەروتاری رۆژنامەی ژیان، ژمارە ١٠، ٢٥ی مارتی ١٩٢٦دا هاتووە:

بۆ مەبعووثە محترمەکان..

بە دڵ ئەپارێینەوە و تاڵیبی دوو شتی گەورە، پێویست و نازک ئەکەین:

پرۆغرامێک بۆ مەعاریفی کورد، دارالمعلمینێکی کوردی.

لە رۆژنامەی ژیان، ژمارە ٤٥، ٩ی کانونی یەکەم ١٩٢٦ و لە ژمارە ٤٩ی مانگی کانوونی دووەم دا هاتووە کە لە سلێمانی (کۆمەڵی بژاری زمانی کوردی) بۆ پاککردنەوەی زمانی کوردی دامەزراوە.

بەم شێوەیە، بایەخدان بە کولتوور و بەم هونەرە شارستانییە، تەنانەت خولیای تازەکردنەوەی ئەدەبیش تا رادەیەک، لە ئەرکێکی نەتەوەیی و لە هەستێکی نیشتیمانییەوە هاتوون؛ واتای بنیاتنانی ناسنامەیەکی نەتەوەییان دەگەیاند.

٢- برەوسەندنی جموجۆڵی تەرجەمە و رۆژنامەگەری: بڵاوکردنەوەی چەند رۆژنامە و گۆڤارێکی گرنگی وەکو ژین (ئەستەمبۆڵ ١٩١٨-١٩١٩)، (پێشکەوتن)، (ژیان)، (ژیانەوە) لە کوردستانی عیراق لە سالآنی ١٩٢٠دا. هەروەها بوونی ئینگلیزەکان لە کوردستاندا، بەتایبەتی رۆڵی مێجەرسۆن (حاکمی سلێمانی لە سەرەتای سالآنی بیستدا)، لەرووی دامەزراندنی یەکەمین چاپخانەکان لە کوردستانی عیراقدا و بایەخدان بە تەکنیکە گێڕانەوەییە نوێکانی وەک سینەما و شانۆ، کاریگەرییان هەبووە بەسەر سەرهەڵدانی هونەری شانۆ تەنانەت چیرۆکیش. ژمارە ٦٢ی رۆژنامەی ژیان لە ١٩٢٧دا ل ٣، ئاماژە بۆ کۆمپانیایەکی شانۆیی بیانی دەکات - لەوانەیە کۆمپانیایەکی ئینگلیزەکان بێت - کە لە سلێمانی نواندنی شانۆیی پێشکەش کردووە، دەڵێ:

تیاترۆ! لەمەودوا تیاترۆیشمان ئەبێ! قۆمپانیایەکی قەومێک کە چەند رۆژێ لەمەوپێش هاتبوون و ئیشیان ئەکرد، تەشەبوسیان بە جەلب و هێنانی تاقمێکی تیاترۆ کرد. ئێستا تاقمی تیاترۆیان هێناوە و موساعەدەیان

**... لە زەمانی عوسمانیدا، لە قوتابخانەی (ئەعدادیەی مولکی) مەشقیان بە قوتابیان دەکرد. لەساڵی ١٩٢٥ دەوامی قوتابخانەکان بەرێک و پێکی کرایەوە. لەم ساڵەدا (دیدەوانی) دروست بوو، بە هاندانی (عبدالواحید نوری) و (مستەفا صائیب) و بەسەرپەرشتیی (فوئاد رشید).**

أ. م. ساڵح ڕەشە:
سلێمانی، ب٢، ل٣٦٦



**عەبدولواحید نووری**

ئیستیحسالّ کردووە کە یاری بکەن. مەملەکەت لەم موئەسەسانە خالّی نابێ! و خەڵقی لەپاش ئیش و کار و مەتاعیبی یەومییە بۆ تەتبیعی دەماغ و ئیسراحەتی نەفس بەم تەحرە شتانە لزووم و ئیحتیاجییەک حیس ئەکا.


هەروەها لە ساڵانی ۱۹۱۳ - ۱۹۱۵دا دوو جار سینەمای سەفەری لەلایەن تیپی عوسمانییەکانەوە لە رێگەی زاخۆوە هاتۆتە هەولێر: لەسەر گالیسکەیەک دانرابوو و فلیمی سوڵتان عەبدولحەمیدی پیشانداوە، پاشان چۆتە کۆیە و سولێمانی(۳). بەم شێوەیە ئەم سینەما سەفەرییانە دەورییان هەبووە لە دروستبوونی چێژی شانۆیی و تەماشا کردنی شانۆ.

رۆژنامەنووسی، لە ئەدەبی نوێی کوردیدا، بە منداڵدانی رەگەزە ئەدەبییە تازەکان و پەرەسەندنیان لە قەڵەم دەدرێ. بۆیەش دەبینین هەندێ لە یەکەم رۆژنامەنووسەکان (حسێن حوزنی موکریانی، پیرەمێرد، جەمیل سائیب، جەلادەت بەدرخان) بوونەتە یەکەم تازەکەرەوەکانی ئەدەب؛ رۆژنامە یان گۆڤارەکانیشیان فۆرمی تازە و ژانری نوێیان هێناوەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە: وتاری رۆژنامەنووسی و وتاری سیاسی لە رۆژنامەی کوردستان دا (قاهیرە: ۱۸۹۸ )، چیرۆک لە گۆڤاری رۆژی کورد دا (ئەستەمبۆڵ: ۱۹۱۳ )، شانۆنامە لە گۆڤاری ژین دا (ئەستەمبۆڵ: ۱۹۱۹)، نۆڤلێت لە رۆژنامەی ژیانەوە دا (سلێمانی: ساڵی ۱۹۲۵).

رۆژنامە و گۆڤارەکان تەنیا بیروڕای نەتەوەییان تێدا دەرنەدەبڕا، بەڵکو پشتیان بەستبوو بە سیستەمێکی ئێستاتیکی و نووسینی تازە؛ چەند فۆڕم و ژانر و شێوازێکی تازەیان هێنایە ئارا بۆ دەربڕین. زۆر لە زاراوە زانستی و رەخنەیی و ئەدەبییە تازەکان (بەتایبەتی ئەو وشانەی کە ئەورووپین و لە ئەدەبیاتی ئەورووپیدا بەکاردێن) لە رێی رۆژنامەنووسییەوە لەدایکبوون و بڵاوبوونەوە: پیەس، تیاتر، ئوتوموبیل، شەمەندەفەر، هوتێل، پاسکیل ، بانق، تراژیدیا، کۆمیدیا، بۆمباباران، میکرۆب، شوفێر، بالوێزخانە. ئەمە جگە لە دەوڵەمەندکردنی موفرەداتی زمان و پاککردنەوەی زمانی کوردیش لە وشەی بێگانە(٤). گرووپی نووسەرانی گۆڤاری ژین(۱۹۱۸ - ۱۹۱۹)، بۆ نموونە، پشتیان بەستبوو بە فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیەتێکی هاوچەرخ و سیستەمێکی

**((... یەکەم دەستگای سینەما کە بە پیل ئیشی دەکرد، لە ساڵی ۱۹۱۰ هاتۆتە سلێیانی. لە خانی شێخ ئەحمەددا، لە نزیک (تووی قۆجە) لە شەقامی سابوونکەران دامەزرا. خەڵک بەو شەوە، دەچوونە سەیر کردنی))**

نەجمەددین مەلا، گۆڤاری شەفەق، ژ ۱۱، س ۱۹٦۱



هەڵگرتنی تابلۆی سینەما

تازەی بیرکردنەوە و نووسین. دروشمیان لەم دێڕەدا وەدیار دەکەوێ کە لە وتاری "بیر حەسبحال" بە زمانی تورکی لە ژمارە(١)دا لە ١٩١٨/١١/٧ دا نووسیویانە :


"ئایدیۆلۆژیەتە کۆمەڵایەتی و سیاسیە کۆنەکان" ئەمرۆ، روو لە هەرەسن. ئێمە ئەمرۆ بەشداری لە سازکردنی چەند رچە و پرینسیپێکی تازە دەکەین"(٥).

٣- دروستبوونی پەیوەندییەکی کولتووریی بەهێز، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کورددا، لەنێوان ئەدەبی کوردی و ئەدەبی رۆژئاوادا، واتە لەنێوان نووسەرانی کورد و نووسەرانی ئەورووپا.

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، بەشێکی زۆری نووسەر و رووناکبیرانی کورد، لە هەر چوار پارچەی کوردستانەوە، روویان کردبووە ئەستەمبۆڵ: محەمەد میهری و مستەفا شەوقی لە سابلاخەوە، عەبدولرەحیم رەحمی هەکاری و مەمدووح سەلیم و هەمزە بەگ موکسی و سەعید کوردی و خەلیل خەیالی و د. عبداللە جەودەت و برایانی بەدرخان و قەدری جەمیل پاشا لە دیاربەکرەوە، ئیسماعیل حەقی شاوێس و پیرەمێرد و رەفیق حیلمی و مستەفا پاشا یامولکی و ئەمین زەکی بەگ و نەجدەت کەرکووکلی و حوسێن حوزنی موکریانی و ژەنەراڵ شەریف پاشا و زێوەر لە عیراقەوە.

ئەستەمبۆڵ، وەک قاهیرە، لەو سەردەمەدا، ببووە مەڵبەندێکی رۆشنگەری و تیشکهاوێژی ئەوتۆ، کە نووسەر و رۆشنبیرانی نەک تەنیا کورد، بەڵکو رۆشنبیر و نووسەرانی زۆربەی میللەتانی وەک عەرەب و تورک و ئەرمەن و بولگاری و چەرکەس و فارس و هی دیکەشی تێدا کۆببۆوە؛ ئاڵوگۆڕێکی کولتووریی فراوانی تێدا ئەنجام دەدرا. ئەستەمبۆڵ، ئەم پایتەختە رەنگینە فرە کولتوورە، بەم شێوەیە، ببووە پردێک کە کولتووری هەموو ئەورووپای بە دنیای دواکەوتووی میللەتانی رۆژهەڵات، لەوانە کوردیش، دەگەیاند.

لەسەر دەستی ئەو نووسەر و رووناکبیرە کوردانەی ئەستەمبۆڵدا بوو، کە بیر و نووسین، بیری کوردپەروەری و ئەدەب، تێکەڵ بە یەکتر بوون؛ چەمکی تازە لەبارەی ژیان و ئەدەب و هونەر و شارستانیەت لەدایک بوون؛ کۆمەڵێک پێشبینی و تێگەیشتنی هاوچەرخ و بیروڕای تازە سەریان هەڵدا. ئەو رووناکبیر و نووسەرانە لە ١٩٢٣ بەملاوە،



**سینەما**
**کەرکووک لە ساڵانی ١٩٣٠**

دوای قەدەغەکردنی زمان و کولتووری کوردی و راوەدوونانی رووناکبیرە کوردەکان لەلایەن رژێمی تورکیاوە، پەیتا پەیتا، گەڕانەوە بۆ کوردستان: حوسێن حوزنی موکریانی، پیرەمێرد، ئیسماعیل حەقی بابان، رەفیق حیلمی، ئەمین زەکی بەگ.. بۆ کوردستانی عیراق؛ هەروەها برایانی بەدرخان و عوسمان سەبری و قەدری جان و جگەرخوێن بۆ کوردستانی سووریا. لە کوردستاندا، بەتایبەتی لە کوردستانی عیراقدا، مالێکی کولتووریی هێندە رەسەن و بەبڕشتیان دروستکرد کە تا ئەمڕۆش، ئێمە، لە سای بەرهەم و سێبەری ئەواندا دەژین.

بەم شێوەیە ئەم نەوە نووسەرە هاوچەرخە، کە د. عەبدوڵڵا جەودەت، لەسەر وەزنی (تورکە گەنجەکان) ناوی دەنێ (کوردە گەنجەکان)؛ بوونە پردێک لەنێوان ئەورووپا و کوردستان: کولتووری دنیای رۆژئاوایان - بە تورکیاشەوە - بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا گەیاندە کوردستان(٦) گرووپی نووسەرانی گۆڤاری ژین (١٩١٨ - ١٩١٩)، بۆ نموونە، کە لەژێر کاریگەرێتیی کولتووری ئەورووپی و تورکە گەنجەکاندا پشتیان بە ئێستەتیکایەکی هاوچەرخ بەستبوو؛ بۆ یەکەمین جار باس لە ئازادکردنی ئافرەت و مافەکانی ئافرەتی کورد دەکات. هەر ژمارەیەکی ئەو گۆڤارە، نزیکەی ٧ لاپەڕەی تەرخانکرابوو بۆ بڵاوکردنەوەی داهێنانی ئەدەبی و ژانرە تازەکان: چیرۆک، وتار، شانۆنامە، بەتایبەتیش شیعری نوێ کە مستەفا شەوقی و عەبدولرەحیم رەحمی هەکاری سەرتۆپی بوون. تەسیراتی ئەو نووسەرانەی گرووپی ژین زۆر زوو بەسەر کوردستانی عیراقدا رەنگ دەداتەوە، بەتایبەت بەسەر نووسەرانی (تێگەیشتنی راستی) و (پێشکەوتن) و (ژیانەوە) و (ژیان). لەوانەیە هەر بۆیەش ئەدەبی کوردی لە عیراقدا لە ١٩٢٠ بەملاوە تەکانێکی بەهێز دەدات(٧).

دروستبوونی ئەو پەیوەندییە کولتوورییە بەهێزە، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کورددا، لەنێوان ئەدەبی کوردی و ئەدەبی رۆژئاوادا، واتە لەنێوان نووسەرانی کورد و نووسەرانی ئەورووپا، بە نوقتەگۆڕان و وەرچەرخانێکی کولتووری دەژمێردرێت. ئەم وەرچەرخانە کولتوورییەش، بەشێوەیەکی لەسەرخۆ و پەیتا پەیتا، لە ماوەی کۆتایی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای بیستەمدا، لە سێ رێگەوە گەیشتۆتە ئێمە:



**عوسمان سەبری**

یەکەم: راستەوخۆ لەڕێگەی کولتووری ئەورووپا و زمانە ئەورووپییەکانەوە.

ئەمەش لەبەرئەوەی گەلێک لەو رووناکبیرانە لە زانکۆی پایتەختەکانی ئەورووپا ژیابوون؛ خوێندبوویان و بڕوانامەی بەرزیان هێنابۆوە، یان بەلای کەمییەوە فێری زمانەکانی فەرەنسی و ئەڵمانی و رووسی و ئینگلیزی و یۆنانی ببوون: ئەو ئەدەبیات و زمانە رۆژئاواییانەیان بەکاردەهێنا بۆ دەوڵەمەنکردن و تازەکردنەوەی ئەدەبیاتی کوردی. میقداد – مەدحەت، ژەنەراڵ شەریف پاشا، رەفیق حیلمی، حوسێن حوزنی موکریانی، دکتۆر عەبدوڵڵا جەودەت، ئیسماعیل شاوەیس، مەمدووح سەلیم (فەرەنسی)، عەبدولرەحمان بەدرخان و سورەییا بەدرخان (ئەرمەنی و ئینگلیزی و فەرەنسی)، ئەمین زەکی بەگ، تۆفیق وەهبی، عەبدوڵڵا گۆران (ئینگلیزی)، کامەران عالی بەدرخان و نوورەدین زازا (ئەڵمانی و ئینگلیزی و فەرەنسی)، جەلادەت بەدرخان (رووسی و یۆنانی)، عەبدولڕەحیم رەحمی هەکاری (رووسی و ئەڵمانی) فێر ببوون. ئەمە جگە لە زانینی تورکی یان عەرەبی و فارسی. وەک دەشزانین، ئەم نووسەرانە، هەموویان، هەر یەکە و لە بواری خۆیدا، سوودیان لە کولتوور و زمانە ئەورووپاییەکان وەرگرتووە؛ لە سەرجەم چالاکی و بەرهەمەکانیاندا رەنگی داوەتەوە؛ تەنانەت هەندێکیان تەرجەمەشیان لەو زمانە ئەورووپییانەوە کردووە.

دووەم: لەڕێگەی ئەو ئەدەبیاتە ئەورووپییەوە کە تەرجەمە کرابووە سەر زمانی تورکی و لەلایەن نووسەرانی وەک پیرەمێرد و شێخ نووری شێخ ساڵح و نەجدەت کەرکوکلی و خەلیل خەیالی و مستەفا شەوقی و عەبدولڕەحیم رەحمی هەکاری و جەمیل سائیب و ئەوانی ترەوە دەخوێنرایەوە.


لێرەدا پێویستە ئەوە بگوترێ کە تورکەکان پێش نەتەوەکانی دیکەی وەک عەرەب و فارس کەوتبوونە سەر تەرجەمەکردنی ئەدەبیاتی ئەورووپایی بۆ سەر زمانی خۆیان. کوردیش ئەو ئەدەبیاتە ئەورووپاییەی، بە زمانی تورکی دەخوێندەوە. هەر بۆیەش دەبینین: کورد لە سەرەتادا، لەژێر کاریگەرێتیی تورکدا دەبێت؛ پاشان دەکەوێتە ژێر کاریگەرێتیی عەرەب لە عیراق، فارس لە ئێراندا.

ئەو نووسەرە کوردانەمان، ئەگەرچی ئەورووپاشیان

**... لەساڵی ١٩٢٧ کە زەمانی ئینگلیزیان پێ ئەوت، لە دەشتی (ئەحمەدی ساغا) سێ ئافرەتی تورک گۆرانیان ئەوت و سەمایان ئەکرد: یۆلدز، لوتفیە، لویزە. دوو پیاویشیان لەگەڵ بوو: (نوباربەگ) کە ئەرمەنی بوو، پیاوەکەی تریش ناوی بارام بوو کە ئیشی ئەوە بوو خەڵک بێنێتە پێکەنین و تەنافبازیش بوو.**

**ئەم کۆمەڵە لە تورکیاوە هاتبوون. ئەم تیاترۆخانەیە یەک هاوینی خایاندووە.**

ا. م. ساڵحە رەشە:
سلێمانی، ب٢، ل ٤٢١



**نوورەدین زازا**

نەدیبوو، بەڵام لەڕێگەی زمانی تورکییەوە توانیویانە پەی بە پێشکەوتن و تازەگەرییەکانی ئەدەبی ئەورووپی ببەن. بۆ نموونە، نووسەرێکی وەک شێخ نووری شێخ ساڵح، هیچ زمانێکی ئەورووپایی نەزانیوە، بەڵام سەیرکە چۆن، بە متمانەوە، باس لە وەزنی پەنجەی شیعری نوێی ڕۆژئاوا دەکات:

(ئەم نەوعە وەزنە لە هەموو مەنزوومەی ئەلسینەی غەربیەدا ئیستیعمال ئەکرێ...)(٨).


هەروەها گۆران، وەک د. عزالدین مستەفا ڕەسوول ئاماژەی بۆ دەکات، کاتێ باسی تازەکردنەوەی شیعری کوردی دەکات و باس لە تەئسیری شاعیرانی فەجری ئاتیی تورک دەکات بەسەر شاعیرانی کوردەوە؛ ئەوەش دەسنیشان دەکات کە لەوکاتەدا شاعیرانی تورک، لە ئەنجامی باری تورکیا و بڵندبوونەوەی دەنگی ئازادیخوازیدا، بە ڕەنگدانەوەی شۆڕشی فەرەنسا و تەوژمی ڕۆمانتیکیی شیعری ئەورووپا، ڕوویان کردبووە بیری تازە و، بۆ ڕوخسار گەڕابوونەوە سەر کێشی شیعری فۆلکلۆری تورکی. هەر لەو کاتەدا شاعیرانی کورد لاسایی ئەوانیان دەکردەوە(٩).

ئەم بۆچوونەی د. عزالدین جەختی لەسەر ئەو ڕاستییە دەکاتەوە کە ئەدەبی تورکی خۆیشی - کە کاری کردۆتە سەر نووسەرانی کورد - لەژێر کاریگەرێتیی ئەورووپادا بووە، واتە نووسەرانی کورد لەڕێگەی زمانی تورکییەوە توانیویانە دەستی خۆیان بگەیەننە کولتووری ئەورووپی.

سێیەم: لەڕێگەی زمانی تورکی و ئەدەبیاتی نەتەوەیی نوێی تورکییەوە.

ئەدەبی تورکی لەو سەردەمەدا لەمێژ بوو، واتە پێش عەرەب و فارس، خۆی تازە کردبۆوە و کەوتبووە ژێر تەسیری پەرناس و سمبوولیزمی ئەورووپی: سەروەتی فنوون(١٨٩٠)، فەجری ئاتی(١٩٠٨)، گەنج قەڵەملار(١٩١٠)(١٠) کاریگەرێتیی ئەدەبیاتی تورکی بەسەر کوردانی ئەوکاتەوە، تەنیا لە بواری تێگەیشتن بۆ داهێنان، یان تەنیا لە ئاستی وەرگرتنی ڕووانین و تەکنیک و بابەتەکاندا نەماوەتەوە، بەڵکو لەو سەردەمەدا زمانێکی تازەش هاتە ناوەوە، کە گۆران ناوی ناوە (زمانی کوردیی عوسمانلی): ئەو زمانە تەواو لەژێر تەئسیری ڕۆمانتیکە تورکەکاندا بوو(١١).

## دامەزراندنی یەکەم قوتابخانەکان کاری کردە سەر لەدایکبوونی شانۆ لەلای کورد



**قوتابخانەیەکی ناو قەڵای هەولێر لە ساڵانی ١٩٢٠**

ئەو نووسەرە کوردانەی کە لەڕێگەی زمانی تورکییەوە کەوتبوونە ژێر کاریگەرێتیی ئەدەبی نەتەوەیی تورکییەوە، دوو دەستەن:

دەستەی یەکەم: ئەوانەی دوور بەدوور، هەر لە کوردستانەوە، ئەو ئەدەبیاتە تورکییە تازەگەرانەیان پێدەگەیشت، بێ ئەوەی ئەستەمبۆڵ و ناوەندە کولتوورییەکانی ئەستەمبۆڵیان دیبێت؛ تەنیا لەڕێگەی خوێندنەوە و موتابەعەکردنەوە موتەئەسیر بوون. بۆ نموونە، بەڵگەنامە مێژووییەکان بۆمان دەسەلمێنن کە جەمیل سائیب بەردەوام بڵاوکراوە تازە تورکییەکانی ئەستەمبۆڵی، لەلایەن پیرەمێردەوە پێگەیشتووە و کەوتۆتە ژێر کاریگەرێتیی ئەو کولتوورە تورکییەوە. هەروەها شێخ نووری شێخ ساڵح نموونەیەکی دیکەی دیاری ئەم جۆرە نووسەرانەیە، کە رەفیق حیلمی لەبارەیەوە دەڵێ:

شێخ نووری شێخ ساڵح شاعیرە گەورەکانی تورکی دەوری ژیانەوە و ئینقیلابی عوسمانیی بە وردی خوێندۆتەوە. لە ئەدیبەکانی دەوری وریابوونەوەی تورک زۆر سوودمەند بووە و لە دانانی شیعری کوردییا پێڕەوی تۆفیق فیکرەتی کردووە(١٢).

دەستەی دووەم: ئەوانەی کە لە ئەستەمبۆڵ ژیابوون و راستەوخۆ لەناو ژینگە کولتوورییە تازەکەدا شێلەی ژیان و ئەزموون و کولتوورەکەیان وەردەگرت؛ تەنانەت هەندێک لەو رووناکبیرانە، لە زانکۆکانی ئەنقەرە و ئەستەمبۆڵ خوێندبوویان و بڕوانامەی بەرزیان هێنابۆوە، یان بەلای کەمییەوە زۆر بەباشی فێری زمانی تورکی ببوون و بەکاریان دەهێنا بۆ دەوڵەمەنکردن و تازەکردنەوەی ئەدەبیاتی کوردی. پیرەمێردی نەمر، کە نموونەیەکی دیاری ئەم دەستە نووسەرانەیە، لە ماوەی ساڵانی **١٨٩٧ - ١٩٢٣**دا لە ئەستەمبۆڵ - راستەوخۆ لەناو جموجۆڵە ئەدەبییەکەدا ژیاوە - گەواهیمان بۆ دەدات و دەڵێ:


''ئێمە زۆرترمان لەوێوە، لە ئەستەمبۆڵەوە، پێگەیشتووین''. ''یەکەم جار لە ئوططە دراوسێی رەجایی زادە ئەکرەم بەگ و عوشاقی زادە خالید زیا و حسێن رەحمی بووم، رەزا تۆفیقیشیان پێ ناساندم''،

''ئیتر کەوتمە بەهەشتی سەروەتی فنوونەوە''،

''ئێواران کە لە ئەستەمووڵەوە بە واپۆر ئەگەڕامەوە بۆ

**... سەربەخۆیی و بەختیاری، بە عیلم و عیرفان؛ عیلم و عیرفانیش بە مەداریسی ئیپتیدائیە پێک یەت. قوتابخانە ئەساسی بەرز بوون و ڕزگار بوونی هەموو میللەتێکە.**

عەبە عەزیز هەولێری
گ. دیاری کوردستان، ژ ١٥



**شێخ نووری**

لانەی سەعادەتی خۆم کە ئوطظە بوو، وە کە سەروەتی فنوونم لە گۆگرتەی ئەو واپۆڕی سەر دەریای مەرمەڕییەدا ئەخوێندەوە، تەئسیری ئەو شیعر و ئەدەبیاتە لە سندبادی بەحری زیاتر ئەیخستمە دەریای خولیاوە"(١٣)

کەواتە پیرەمێرد، ئەگەر وەک نموونەیەک بۆ نووسەرانی کوردی ئەستەمبۆڵ وەری بگرین، رادەی کاریگەرێتیی ئەو ئەدەبیاتە نەوژەنەمان بەسەر نووسەرانی کورددا بەم شێوەیە بۆ روون دەبێتەوە:

١- پیرەمێرد بە بەکارهێنانی وشەی (ئێمە) دان بەوەدا دەنێ کە نەوەیەکی نووسەرانی کورد، سەرتاپا، لە ئەستەمبۆڵدا پێگەییوە.

٢- پیرەمێرد، لەگەڵ نووسەر و شانۆنامەنووسانی گەورەی وەک رەجایی زادە ئەکرەم بەگ و عوششاقی زادە خالید زیا و حسێن رەحمی و رەزا تۆفیق، نەک هەر هاوڕێی نزیک، بەڵکو دراوسێش بووە و لە یەک ئاپارتماندا ژیاون.

٣- پیرەمێرد بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەژێر کاریگەرێتیی گۆڤاری سەروەتی فنوون دا بووە و یەکسەر لەناو جموجۆڵە ئەدەبی و شانۆیی و هونەرییەکە ژیاوە.

بۆیە دەبینین: پیرەمێرد پێش هەموو نووسەرێکی کوردی دیکە، کاتێ دەگەڕێتەوە کوردستانی عیراق، دەست دەداتە پێنووس و رەگەزی شانۆنامە (پیەس و تەمسیل، یان درام) بە خوێنەرانی کورد دەناسێنی و بایەخی شانۆنامە بۆ کوردان روون دەکاتەوە(١٤) پیرەمێرد، بۆیە، هەر خۆیشی، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا، وتاری شانۆیی و رەخنەی شانۆیی دەنووسێت(١٥) لە هەمان کاتدا، پیرەمێرد یەکێکە لە یەکەم ئەو نووسەرانەی کە شانۆنامەیان بە زمانی کوردی نووسیبێت.

لەبارەی کاریگەرێتیی ئەدەبیاتی ئەورووپی و تورکە لاوەکان (رێبازەکانی وەک رۆمانسیزم و ریالیزم و سمبوولیزم و پەرناس) بەسەر نووسەرانی کورد، پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە لەو سەردەمەدا چەند گۆڤارێکی گرنگی نوێخواز لە تورکیادا بە زمانی عوسمانی بڵاودەکرانەوە. ئەو گۆڤارانە، کە لەلایەن نووسەرە کوردەکانی ئەوێ و ئێرە دەخوێنرانەوە، کاریگەرێتیەکی زۆریان هەبوو بەسەر ئەو نووسەرە کوردانە؛ لاساییان



حاجی تۆفیق پیرەمێرد

دەكردنەوە و شوێن پێی توركەكانیان هەڵدەگرت. گۆڤارەكان ئەمانە بوون:

١- گۆڤاری سەروەتی فنوون، لە ساڵی ١٨٩٦ بەملاوە لە ئەستەمبۆڵ دەردەچوو، تا ساڵی ١٩٠١ درێژەی كێشا. بەڕێوەبەری گۆڤارەكە، نووسەر و شانۆنامەنووسی ناوداری تورك، ئەكرەم رەجایی زادە بوو، كە بەپێی یاداشتەكانی پیرەمێردی شاعیر، ماوەیەكی زۆر هاوڕێی نزیك و دراوسێی پیرەمێرد بووە لە ئەستەمبۆڵ: لە هەمان گەڕەك و هەمان ئاپارتماندا ژیاوە لەگەڵ پیرەمێرد.

گۆڤاری سەروەتی فنوون، لەنێوان ساڵانی ١٨٩٦ - ١٩٠١دا تۆفیق فیكرەت و خالید زیا و جەناب شەهابەددین و ئەحمەد ئیحسان بەرهەمیان تێدا بڵاودەكردەوە. پاشان گۆڤارەكە بۆ ماوەی هەشت ساڵان وەستا. ئنجا سەرلەنوێ لە ساڵی ١٩٠٩دا سەری هەڵدایەوە، شێوەی قوتابخانەیەكی ئەدەبی سەربەخۆی وەرگرت بە ناوی ئودەبای فەجری ئاتی.

بەم شێوەیە، گۆڤاری سەروەتی فنوون (یان ئودەبای فەجری ئاتی) لە ١٩٠٩ بەملاوە، لە ئاكامدا شەپۆلێكی ئەدەبیی تازەی لە ئەدەبی توركیدا دروستكرد. ئەو نووسەرانەی كە لە دەوری ئەم گۆڤارە تازەیە كۆببوونەوە، بریتی بوون لە بیست نووسەری گەنجی نەوژەن، لەوانە: تۆفیق فیكرەت، ئەحمەد هاشم، یاقووب قادری، فوئاد كۆپرلی، خالید زیا ئوشاقی زادە، ئەحمەد ئیحسان، جەناب شەهابەددین[١٦] گۆران، لەبارەی كاریگەرییێتی ئەم قوتابخانە توركییە بەسەر نووسەرانی كوردی ئەوكاتدا، گەواهیمان بۆ دەدات، دەڵێ:

نووسەر و شاعیرانی ئەوسا، بەتایبەتی شێخ نووری و رەشید نەجیب و من، بە ئەدەبی توركی موتەئەسیر بووین و پێكەوە ئەماننووسی.

ئەدەبی توركی، قوتابخانەی شیعری تازەی تیا پەیدا بوو كە پێیان ئەوترا ئودەبای فەجری ئاتی، لەوانە تۆفیق فیكرەت و جەلال ساهیر بوون. وە ئەدیبێكی تری تورك كە عەبدولحەق حامید ئەگەرچی لەم كۆمەڵە نەبوو، بەڵام دیسان هەر پێی موتەئەسیر بووین.

كەوابێ، هەمووومان، بەیەكەوە، ئەمانڕوانییە یەك كلاوڕۆژنە[١٧].



گۆڤارێكی عوسمانلی تایبەت بە شانۆ ١٩١٨

٢- گەنج قەڵەملار (پێنووسە گەنجەکان) لە ساڵی ١٩١٠ بەملاوە لە ئەستەمبوڵ دەردەچوو. سەرنووسەری گۆڤارەکە، رووناکبیری کورد رەزا گۆگالب دیاربەکری بوو. ئەم گۆڤارەش هەر لە کۆتاییدا چووە ژێر کاریگەرێتی و رەوتی قوتابخانەی فەجری ئاتییەوە.

٣- گۆڤاری ئێنی مەجمووعە (کۆمەڵەی نوێ)، کە لە ١٩٠٨ بەملاوە لە ئەستەمبوڵ لەلایەن کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقیەوە دەردەچوو. جگە لە چەندین گۆڤار و بلاوکراوەی تری وەکو شەهبال (١٩٠٩)، اجتهاد (١٩١٨)، شاعر (١٩١٨)، ئینجی (١٩١٩)، هەروەها لە بواری شانۆدا هەموویان گرنگتر: گۆڤاری شانۆیی (تماشا مصور تیاترو) کە لە هەمان کاتی گۆڤاری ژیندا دەردەچوو لە ئەستەمبوڵ (١٩١٩)؛ تەرخانکرابوو بۆ بلاوکردنەوەی تێکستی شانۆیی و لێکۆڵینەوەی شانۆیی(١٨).

هەموو ئەم گۆڤارانە، بەشێوەیەکی گشتی، بایەخێکی فراوانیان دەدایە بلاوکردنەوەی شانۆنامە و لێکۆڵینەوەی شانۆیی و وتاری رەخنەگرانە لەبارەی درامـا و قوتابخانە شانۆییەکانی ئەوروویا. لەسەر لاپەڕەکانی ئەو گۆڤارانەدا تێکست و نووسراوی یان وەرگێڕدراو بە قەڵەمی ئەم نووسەرانە بەرچاو دەکەون: سەرمەد موختار، حسێن کازم، یووسف زیا، سەنای نەفیس، موحاسیب زادە، جەلال عومەر سەیفەددین، رەفیق خالید، رەشاد نووری، ئەحمەد نووری رەفیق(١٩).

بەم شێوەیە، نووسەرانی کورد، لەژێر کاریگەرێتیی ئەدەبیاتی هاوچەرخی ئەورووپی و تورکە گەنجەکاندا، بۆ نووسین و داهێنانەکانی خۆیان، پشتیان بە ئێستەتیکایەکی هاوچەرخ و پێوەرە ئەدەبییە تازەکان بەستبوو.




خالید زیا عوششاقی زادە
هاوڕێی پیرەمێرد لە ئەستەمبوڵ

## کورتەیەک لەبارەی نووسینی شانۆنامە لای گەنجە تورکەکان ١٨٣٩ - ١٩٠٨

تورکەکان، سەبارەت بەوەی پایتەختی ئیمپراتۆریەتەکەیان لە ئەورووپا نزیک بوو و پەیوەندییەکی بازرگانی و سیاسی و رۆشنبیریی پتەویان لەگەڵ ئەورووپادا هەبوو، لە زۆر زووەوە (پێش گەلانی کورد و عەرەب و

فـارس) توانیـویانە پەیوەندی لەگـەڵ ژیانی کـولتـووری و هونەریی ئەورووپا دروست بکەن. لە ماوەی ساڵانی ١٨٣٩ - ١٨٧٦دا، کــە ئەم قــۆناغــە لە مــێــژووی دەوڵەتی عـوسـمانیدا بە قۆناغی تەنزیمات Tenzimat واتە حکوومەتی دەسـتـووری ناسراوە؛ هەر چی بزووتنەوەیەکی ئایدیۆلۆژی و کولتووری و وێژەیی لە ئەورووپا دروست ببووایە، یەکسـەر لە تورکیادا دەنگی دەدایەوە و بڵاو دەبۆوە.

بەم شێوەیە، یەکەم شانۆگەرییە شێوە رۆژئاواییەکان بە زمـانی تورکی لە سـاڵی ١٨٣٩ بەمـلاوە پیـشـانی خـەڵک دران. شـانۆگـەرییـە تراژیک و لیـریک و کـۆمـێـدییـەکـان، لەلایەن گـرووپ و کـۆمـپـانیـا فـەرەنسی و ئیـتـاڵیـەکـان یان لەلایەن بـاڵوێزخـانەکـانیـانەوە، ئامـادە دەکـران و پیـشـانی جـەمـاوەر دەدران(٢٠) ئیـتـر، لە کـۆتـایی سـەدەی نـۆزدەهەم بەمــلاوە، وردە وردە "تیــاترۆ" بووە یەکــێک لە هونەرە جەماوەری و بڵاوەکانی تورکیای عوسمانی. ئەم قۆناغەی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم، لە ژیانی کولتووریی تورکیادا، بە قـۆناغی بووژانەوەی شـانۆگـەرییـە شـێـوە رۆژئاواییـەکـان لە قــەڵەم دەدرێ(٢١) لەم قــۆناغــەدا چەند نووســەرێکی عــوسـمــانی، کـە مـاوەیەکی زۆری ژیانیــان لە ئەورووپا و بەتایبــەتیش لە فــەرەنســا بەســەر بردبوو، بە نووسین و بڵاوکردنەوەی شـانۆنامـەکـانیـان تەکـانێکی گـەورەیان دایە داهێنان و پەرەســەندنی نـووســینی شـانۆنامــە لە ئەدەبی تورکیدا؛ لەوانە: ئیبراهیم شیناسی ١٨٢٦ - ١٨٧١، کە لە ساڵی ١٨٥٨دا یەکەمین شانۆنامەی شێوە رۆژئاوایی بە زمـانی تورکی نووسی بە ناونیـشـانی شـاعیـر ئێڤلەمـەسی (زەماوەندی شـاعیـر). ئیـتر لەمە بەدوا چەندین نووسەری دیکەش پەیتـا پەیتـا شـانۆنامـەی کـۆمـێدی و تراژیک و لیـریکیـان بڵاوکـردەوە، گـرنگـترین ئەو شـانۆنامـەنووسـە عوسمانیانەی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم ئەمانە بوون: نامیق کـەمـال ١٨٤٠ - ١٨٨٨، عـەلی بەگ ١٨٤٤ - ١٨٩٩، ئەحمەد مەدحەت ئەفەندی ١٨٤٤ - ١٩١٢، شەمسەددین سـامی ١٨٥٠ - ١٩٠٧، مـەحـموود ئەکـرەم رەجایی زادە ١٨٤٧ - ١٩١٣، مـحـەمـەد رەفـعـەت ١٨٥١ - ١٩٠٧، ئەبو زیا تۆفیق ١٨٤٩ - ١٩١٣.



**ئەکرەم رەجائی زادە**
**هاوڕێی پیرەمێرد لە ئەستەمبۆڵ**

ئەم شـانۆنامـەنووسـانە، لە رێگای داهێنانەوە، هەروەها لە رێگای وەرگێڕان و ئامادەکردنی شانۆنامەکانی مۆلییێر، راسین، ڤـیـکتـۆر هووگـۆ، ئەلکزەندەر دوومـاس.. هونەری

شانۆگەری و درامایان، نەک هەر گەیاندە ئاستی نووسین و بڵاوکردنەوە، بەڵکو گوڕێکی تازە و ناوەڕۆکێکی هونەری و بەرزیشیان بەخشییە جموجۆڵی شانۆگەری و نووسینی شانۆنامە بە زمانی تورکی(٢٢) لە هەمان کاتدا، چەندین گرووپ و تیپی شانۆیی عوسمانی لە تورکیا دامەزران کە گوڕێکی بەهێزیان بەخشییە ژیانی شانۆیی لە تورکیادا. ناودارترین ئەو گرووپ و تیپە شانۆییانە ئەمانە بوون:

١- تیپی تیاترۆی گەدیک پاشا لە ساڵی ١٨٦٠دا لەلایەن کۆمپانیای سیرکی فەرەنسییەوە دامەزرا.

٢- کۆمپانیای شانۆی میناکیان لەلایەن هونەرمەندێکی ئەرمەنییەوە بە ناوی ماردیۆس میناکیان لە ساڵی ١٨٦٢دا دامەزرا، زیاتر لە ٢٠٠ شانۆگەریی تەرجەمەکراو و ئامادەکراوی بە زمانی ئەرمەنی پێشکەش کرد.

٣- گرووپی تیاترۆی تولووعەت لە ساڵی ١٨٧٨دا لە ئەستەمبۆڵ دامەزرا.


٤- گرووپی تیاترۆی شاری بورسە لەلایەن ئەحمەد وەفیق پاشاوە لە ساڵی ١٨٧٨دا دامەزرا، کە خاوەنەکەی پیاوێکی ئەرمەنی بوو (تۆماس فەسوولفەجیان).

٥- تیپی شەرق تیاترۆسی لە ١٨٣٤.

٦- تیپی گولووگۆپ تیاترۆسی لە ١٨٨٥.

٧- تیپی عوسمانلی تیاترۆسی لە ١٨٦٢(٢٣).

ئەم هەموو تیپە شانۆییە و چالاکییەکانیان، بێگومان، بێ کاریگەری نەبوونە بەسەر نووسەر و رۆشنبیرانی کوردی ئەستەمبۆڵ.



دروشمی تیپی شانۆیی
گەدیک پاشا
لە ئەستەمبۆڵ ١٨٦٠


## لە ساڵی ١٩٠٨ بەم لاوە

کاریگەرێتیی ئەدەبیاتی تورکی بەسەر ئەدەبیاتی کوردییەوە، بەشێوەیەکی پتەوتر، لەوانەیە لە ١٩٠٨ بەملاوە دەست پێ بکات. چونکە گەلی کورد، تەنیا لە ١٩٠٨ بەملاوە، واتە لەگەڵ هاتنە سەر حوکمی تورکە گەنجەکان و دامەزراندنی دەوڵەتی دەستوورییەوە مافی بە کوردی نووسین و بڵاوکردنەوەی گۆڤار و رۆژنامەیان لە تورکیادا وەدەست هێنا.

ماوەی ساڵانی ١٩٠٨ - ١٩٢٣ بە قۆناغێکی تازە و

گرنگ دەژمێردرێت لە بواری پەرەسەندنی ئەدەبیاتی کوردی و لە هەمان کاتدا بووژانەوەی ژیانی شانۆیی و هونەری لە تورکیادا. هەر لەگەڵ هاتنە سەر حوکمی تورکە گەنجەکان لە ١٩٠٨دا چەندین گرووپ و تیپی شانۆیی و کۆمەڵە و کۆمپانیای شانۆیی تازە لە شاری ئەستەمبۆڵدا دامەزران. گرنگترینیان ئەمانە بوون: دارولتەمسیلی عوسمانی، ئەستەمبۆڵ کۆمپانیاسی، ئەرتوگروول تیاترۆسی، عوسمانلی دۆتانمە جەمعیەتی، سحنەی هەوەس، میناکیان تیاترۆسی، عوسمان تانی تیاترۆسی، بینەمەجیان تیاترۆسی و عوسمانلی تیاترۆ کلۆبی. ئەم گرووپ و کۆمپانیا و کۆمەڵە و تیپە شانۆییە تازانە، بە گوڕێکی تازەوە دەستیان کردە دەرهێنان و خستنە سەر شانۆی شانۆنامە ئەوروپاییەکان. شانۆگەرییەکانی مۆلێیر و راسین و ئەلکزەندەر دووماس و ڤیکتۆر هووگۆ سەرلەنوێ رەواجێکی فراوانیان پەیدا کردەوە(٢٤). هەر لە ماوەی سەرەتای سەدەی بیستەمدا، بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئەدەبیاتی تورکیدا، سەرتاسەری شاکارە شانۆییەکانی شکسپیر لەلایەن رووناکبیری کورد، د. عەبدوڵلا جەودەت، تەرجەمە کرانە سەر سەر زمانی تورکی: چ بە شێوەی کتێب یان لە گۆڤارە عوسمانییەکاندا، بەتایبەتی گۆڤاری شهبال دا (لە ژمارە ٧ تا ٢٥، لە ساڵی ١٩٠٩دا) بڵاوکرانەوە. هەروەها لە ماوەی ساڵانی ١٩١٣ - ١٩١٤ بۆ یەکەم جار لە مێژووی ژیانی هونەریی تورکیادا ئەکادیمیای هونەری شانۆ بە ناوی (دار البدائعی عوسمانی) لە ئەستەمبۆڵ دەکرێتەوە و قوتابیان (هەڵبەتا لەوانە خەڵکی کوردیش) بۆ خوێندنی پراتیک و تیۆری شانۆ رووی تێدەکەن. جگە لەمانەش، کۆمەڵێک نووسەر و شانۆنامەنووسی گەنج لەو ماوەیەدا دەرکەوتن و شانۆنامەکانی خۆیان لە شێوەی درامای ئەورووپیدا بە کتێب یان لە گۆڤارەکاندا چاپ و بڵاوکردنەوە. ناودارترین ئەو شانۆنامەنووسانە: سامی پاشازادە، عەبدولحەق حامید، جەلال ساهیر، خالید زیا عوشاقی زادە، جەناب شەهابەددین، حوسێن سوعات، خالید فەخری ئووزانسۆی، یووسف ئورتاج(٢٥).

شان بەشانی هەموو ئەمانەش، کۆمەڵێک گۆڤاری هونەری و ئەدەبی، کە لەژێر کاریگەرێتیی قوتابخانەی ریالیستی و پەرناسی و سمبولیزم و قوتابخانە هونەرییەکانی دیکەی ئەورووپادا بوون، دەرکەوتن و



**د. عەبدوڵلا جەودەت**
**بۆ یەکەمین جار، سەرتاپای شانۆنامەکانی شەکسپیر تەرجەمە دەکاتە سەر زمانی تورکی**

دەسـتـيـان كـردە بڵاوكـردنەوەى ئەدەبيـاتـى تازە لە فـۆرم و تەكنيكى هاوچەرخـانەى ئەورووپيـدا. ئەو گـۆڤـارانە، بەشـێكى فـراوانى لاپەڕەكـانيـان تەرخـانكردبوو بۆ بڵاوكردنەوەى تێكستى شانۆيى و لێكۆڵينەوەى شانۆيى. گـرنگتـرين ئەو گـۆڤـارانە ئەمـانە بوون: سەروەتى فنوون، فەجرى ئاتى، گەنج قەڵەملار، اجتـهاد، شەهبال، مصور تياترۆ، پێنى مەجمووعە[٢٦].

بەم شێوەيە، شارى ئەستەمبۆڵ لەو سەردەمەدا ١٩٠٨ – ١٩٢٣ جـمـوجـۆڵێكى شانۆيى گەورەى تێكەوتبـوو: هەم لەڕووى تێكست و نووسينەوە، هەم لەڕووى خستنە سەر شانۆ و دەرهێنانەوە. بێگومان، لەو سـەردەمـەشـدا، وەك ئاماژەى بۆ كرا، ژمارەيەكى زۆر لە نووسەر و رووناكبيرانى كورد هاتبوونە ئەستەمبۆڵ، هەناسەيان لەم ئاووهەوا تازە و هونەرييە رەنگينە هەڵدەمژت: كەوتبوونە ژێر كاريگەريتيى رەوت و پێـودانگە نەوژەنەكـانى ئەم نووسـەر و گـۆڤـار و گـرووپ و رێبـازە ئەدەبيـيـە توركى و ئەورووپاييـانە؛ دەيانويست شـوێن پێى ئەمـان هەڵبگرن، تەكنيكى تازە و فـۆرمى نوێ بۆ دەربڕينە ئەدەبيـيـەكـانى خـۆيان بدۆزنەوە. كـاريگەريتـيى تازەبوونەوەى ئەدەبى توركـەكـان بەسـەر نووسەرە كوردە گەنجەكانەوە، لەو سەردەمەدا هێندە بەزەبر بووە، تەنانەت تا سـاڵانى سـيـيـەكـانيش هەر لەژێر كاريگەريتيى ئەو شەپۆڵە توركى – ئەورووپاييەدا بوونە.

شـايانى باسـە، كـە لە ئێـرانيش، لە تاران، بە هەمـان شێوە، يەكـەمين گرووپە شانۆييـەكان و يەكـەمين گۆڤـارە شـانۆييـەكـان، لە دەوروبەرى سـاڵى ١٩٠٨ بەمـلاوە دەردەكەون: رۆژنامـەى تيـاتر لە ١٩٠٨دا[٢٧]. كـۆمـەڵەى نمايشى شـركت فـرهنگى لە ١٩١٣، گـرووپى تاتر ملى ١٩١٣، كـۆمـەڵەى ايران جـوان ١٩٢٢، كـۆمـەڵەى كـمـدى ايران ١٩١٨، كـە لەلايەن شـانۆكـارێكى كـورد بە ناوى محموودى و چەندێكى ديكەى ئێرانييەوە دامەزرا و دە ساڵ بەردەوام بوو[٢٨].



سامى پاشا زادە
نووسەرێكى «گەنجە توركەكان»

## يەكەمين شانۆنامەى شێوە رۆژئاوايى لەبارەى ژيانى كورد

لە گـەرمـەى ئەو جـمـوجـۆڵە شـانۆييـەى كـۆتـايى سـەدەى نۆزدەهەمـدا لە توركـيـا، يەكـێك لەو شـانۆنامـەنووسـانە، مـەدحـەت ئەحـمـەد ئەفـەندى ١٨٤٤ – ١٩١٢،

شانۆنامەیەکی بە ناونیشانی کورد قزی (کچە کورد) لەبارەی ژیانی کوردەکانی کوردستانی تورکیا نووسیوە و لە دەوروبەری ساڵی ١٨٧٧دا لە شاری ئەستەمبوڵ لەسەر شانۆ پیشانی خەڵک دراوە(٢٩). ئایا دەکرێ ئەم شانۆنامەیە بە یەکەم شانۆگەریی کوردی لە قەڵەم بدرێ؟ ئێمە نازانین ئاخۆ ئەم شانۆگەرییە بە زمانی کوردی بووە یان تورکی؟ نازانین ئاخۆ نووسەرەکەی، کورد بووە یان تورک ؟ بەڵام سەرچاوەیەکی ئینگلیزی باسی ئەوە دەکا کە شانۆگەرییەکە چیرۆکێکی خۆشەویستیی کچە کوردێک دەگێڕێتەوە و باسی ژیانی کوردەوەرایی تورکیا دەکا، هەروەها کەسایەتییەکانیش بە جلوبەرگی کوردییەوە هاتوونەتە سەر شانۆ. لە هەمان ساڵدا، بەپێی هەمان سەرچاوە، شانۆگەرییەکی دیکەش، بە ناونیشانی (کاوەی ئاسنگەر) لە ئەستەمبوڵ پیشاندراوە(٣٠).

ئێمە لەبەر نەبوونی بەڵگەنامە و نەتوانینی سەلماندن، ناتوانین ئەم شانۆنامەیەی ئەحمەد مەدحەت ئەفەندی، بە یەکەمین شانۆنامەی نووسراوی کوردی لە قەڵەم بدەین. بە هەمان شێوە، لە ئێرانیش، چەندین شانۆنامە لەلایەن شانۆکارانی کوردی وەک مەحموودی و سیف الدینی کرمانشاهییەوە بە زمانی فارسی پیشاندراون و هەمان ئەو شانۆکارانە رۆڵیان هەبووە لە دامەزراندنی هەندێ گرووپی شانۆییدا(٣١). بەڵام مادام بە زمانی کوردی هیچیان نەکردووە، ئەستەمە بخرێنە چوارچێوەی شانۆی کوردییەوە.

هەر چۆنی بێ، بە درێژایی ئەو سەردەمە و تاکو ساڵی ١٩١٩، ئێمە هیچ تێکستێکی بڵاوکراوەی شانۆییمان بەشێوەیەکی بەرجەستە بە زمانی کوردی لەبەر دەستدا نیە، هەروەها هیچ بەڵگەیەکیشمان بەدەستەوە نیە کە لەو سەردەمەدا هیچ شانۆنامەیەکی نووسراو بە زمانی کوردی بڵاوکرابێتەوە یان پیشانی خەڵک درابێ. چونکە لەو سەردەمەدا، تەنانەت رووناکبیرە هەرە دڵسۆزەکانیش، بۆ نموونە نووسەرێکی وەک د. عەبدوڵڵا جەودەت، شانۆنامە ئەورووپاییەکانی، هەمیشە، تەرجەمەی سەر زمانی تورکی دەکرد نەک کوردی(٣٢).



مامۆستایانی کەرکووک لە قوتابخانەی (علمیە)
١٩٢٨


**سەرچاوە:**

١- سەباحی غالیب: دوو تەقەڵای بێ سوود، چاپخانەی هەڵوێست، لەندەن: ١٩٨٤.

٢- رۆژنامەی ژیان، ژمارە ١٦٩، سلێمانی: دووشەممە ٢٢ی

نیسانی ۱۹۲۹ .
٣- محەمەد تەیموور: دەربارەی دراما و رەخنە، گۆڤاری کاروان، ژ ٤١، هەولێر: ١٩٨٦، ل ٦٣ - ٧٠.
٤- *C. J. EDMONDS: " A kurdish newspaper " in Journal of the Central Asian Society, Vol. 12; Part. 1, 1925, p. 83-90.
٥- حەمید بۆزئارسلان لە تورکییی عوسمانییەوە کردوویەتییە فەرەنسی .
H. BOZARSLAN: Le Probleme national Kurde en Turquie Kemaliste, Sius la direction de M. ROBERT, Paris: 1986. PP. 138-140
٦- عبدالله جودت: بیر خطاب، گۆڤاری (رۆژی کورد)، ئەستەمبۆڵ، ژمارە(١)، ئەستەمبۆڵ: ١٩١٣، ل ٤. هەروەها کوردناسی رووس، ڤ. ئە. گەردلیڤسکی، بە هەمان شێوە، زاراوەی (گەنجە کوردەکان)ی بەرامبەر (گەنجە تورکەکان) بەکارهێناوە. بڕوانە: لاهووتی: کوردستان و کورد، و: جەبار قادر، گ. هەزار مێرد، ژ(٣)، سلێمانی: ١٩٩٨، ل ١٦٢.
٧- فەرهاد پیربال: پێشەکییەک بۆ سەرهەڵدانی شانۆنامە لە ئەدەبی کوردیدا، گۆڤاری هیوا، بڵاوکراوەی ئەنستیتووی کورد لە پاریس، ژمارە (٨)، پاریس ١٩٩١، ل ٦٧-٧٤.
٨- رۆژنامەی ژیان، ژ ٢٨، وتارە ناودارەکەی شێخ نووری لەبارەی رەخنەی ئەدەبی.
٩- د. عزالدین: ئەدەبی نوێی کوردی، ل ٣٩
١٠- Ahmed HACHIM: Les Tendance actuelles de la litterature turque, in Mercure de France, 35me annee, Paris: 1924. PP 641- 655.
١١- د. عزالدین، ئەدەبی نوێی کوردی، ل ٤٤ .
١٢- رەفیق حیلمی: شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ب٢، بەغدا: ١٩٥٦، ل ٢٠٤، ٢٠٥، ٢٠٦.
١٣- نووسراوەکانی پیرەمێرد: رۆژنامەی ژین، ژمارە(٨٩٣)، سلێمانی: ١٩٤٧ و ژمارە(٩٦٧)، سلێمانی: ١٩٤٩. هەروەها رۆژنامەی ژیان، ژمارە(٤٦٢)، ١٩٣٥/١٢/١٤، ل ٦٩.
١٤- رۆژنامەی ژیان، رۆژی سێ شەممە، ٢ی ئاغستۆسی ١٩٢٧.
١٥- بڕوانە رۆژنامەی ژیان ژمارەی رۆژی سی شەممە ٢ی ئاغستوسی ١٩٢٧، کە وتارێکی رەخنەییە، تێیدا رەخنەی لە شانۆگەریی نیرۆن گرتووە کە لە نووسینی محەمەد لطفیی میسرییە و لە شاری سلێمانی لەلایەن تیپی قوتابخانەی زانستییەوە لە رۆژانی ٢٧ و ٢٨ی مانگی تەممووزی ١٩٢٧دا پێشکەش کراوە.
١٦- Ahmed HACHIM: Les Tendance actuelles de la litterature turque, in Mercure de France, 35 me annee, Paris: 1924. PP 641- 655.
١٧- عبدالرزاق بیمار: دانیشتنێک لەگەڵ گۆران، گ، بەیان، ژمارە ٢، بەغدا: شوباتی ١٩٧٠، ل ٣.
١٨- Ahmed HACHIM: Les Tendance actuelles de la litterature turque, in Mercure de France, 35 me annee, Paris: 1924. PP 641- 655.
١٩- Jean DENY: Litterature Turque, in Grand Encyclopedie, La-rousse, Paris.
٢٠- Alessio BOBACI: Histoire de la litterature turque, Paris: 1968, P. 4.
٢١- Metin AND: A history of theatre and poputa, Paris: 1968, P. 349.
٢٢- Metin AND: A history , Paris: 1968, P. 349.
٢٣- Metin AND: , P. 349.
٢٤- Alessio BOBACI: Histoire de la litterature turque, Paris: 1968, P. 4
٢٥- Alessio BOBACI: Histoire de la litterature turque, Paris: 1968, P. 4.
٢٦- Jean DENY: Litterature Turque, in Grand Encyclopedie, La-rousse, Paris.
٢٧- یحیی اریان پور: از صبا تا نیما، ج ٢، ص ٢٢.
٢٨- یحیی اریان پور: از صبا تا نیما، ج ٢، ص ٢٨٩ و ٢٩٢.
٢٩- NICOLAS N. MARTINOTCH: THE TURKISH THEATRE, NEW YORK- LONDON: 1968, PP. 19-20.
٣٠- NICOLAS N. MARTINOTCH: THE TURKISH THEATRE, NEW YORK- LONDON: 1968, PP. 19-20.
٣١- هیمداد حوسێن بەکر: بەکورتی مێژووی شانۆی کوردی، گۆڤاری کاروانی ئەکادیمی، ب ١، هەولێر: بەهاری ١٩٩٧، ل ٨١ - ١٠٠.
٣٢- Gerard Chaliand, Les Kurdes et Le Kurdistan, pcm, Paris;: 1981.

# یەکەم شانۆنامە بە زمانی کوردی



# بەشی چوارەم

له مانگی نیسانی ساڵی ۱۹۱۹دا، له ئەستەمبۆڵ، عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری(۱۸۹۰- ۱۹۵۸) یەکەم شانۆنامە بە زمانی کوردی، بە ناونیشانی (مەمی ئالان) لە گۆڤاری (ژین) بە زنجیرە، لە ژمارە ۱۵ و ۱٦دا، بڵاودەکاتەوە[١].

گۆڤاری (ژین)، ژمارەی یەکەمی، لە ۱۹۱۸/۱۱/۷دا، دووا ژمارەشی، کە ژمارە(۲۵) بووە، لە ۱۹۱۹/۱۰/۲دا، لە ئەستەمبۆڵ بڵاوکراوەتەوە. بەرپرسی یەکەمی گۆڤارەکە، هەمزە بەگ موکسی بووە. محەممەد ئەمین بۆزئارسلان، سەرجەم ژمارەکانی ئەم گۆڤارەی کۆکردۆتەوە و لە چوار بەرگدا، سەرلەنوێ، لە شاری ئووپسالا لە سوێد، لە ساڵی ۱۹٦۵، لە وەشانخانەی (دەنگ) چاپ و بڵاوی کردۆتەوە. ئێمە لێرەدا، لە ڕێنووسە کۆنەکەی خۆیەوە، بە پشت بەستن بە کوردییە لاتینییەکەی بۆزئارسلان، خستوومانەتە سەر ڕێنووسی ئەمڕۆ[٢] ئێوە و دەقی یەکەمین شانۆنامە بە زمانی کوردی:


عدد ۱۵
ژین
مندرجات
توركجه قسمی
كوردجه قسمی
ممی آلان
ژمارە (۱۵)ی گۆڤاری (ژین) ۱۹۱۹
کە یەکەمین شانۆنامەی کوردی تێدا بڵاوکراوەتەوە
نسخه‌سی ۵ غروشدر
نجم استقبال مطبعه‌سی

**گۆڤاری ژین، ژ ۱۵ و ۱٦**
**لە ۱۹۱۹ لە ئەستەمبۆڵ یەکەم شانۆنامەی**
**بە کوردی تێدا بڵاو کراوەتەوە**

## پیەسا کوردی
## مەمێ ئالان

تیاترۆیا کوردان فەزیلەتێ کوردان نۆشی ددت
دو پەردە پیەس
ئەسەرا: عەبدلرەحیم رەحمی هەکاری
ئەشخاص:
مەمێ ئالان
لەوەند- هەڤالێ مەمۆ، خولامێ میر
دایکا مەمۆ- چاڤرەش
ژنا مەمۆ- غەزال

پەردە ڤەبوو

(ئۆدەکێ کورمانجی خەملاندی، ب بەڕ و مافۆران ڕاخستی. دیوارێ وێ، چەکێت مەمۆ پێ ڤە هلاویستی نە. چار تەرەفێ دیوار دۆشەک، بالگی نە.)

مەجلسا ئەول

مەمۆ :(تەنێ) بەلێ... ئیرۆکە میر ئەمر کرییە، غەزایە. نەیاران سەرحەد گرتنە. زارێ کوردان، مەعازەللاه وێ دبەر دەست ویپیێن دوژمنان بچت.
ئەز ژ کی کێمترم! ما ئەز کورمانج نینم! ما ناموسا هەر کوردەکی ناموسا من نینە! ئەلبەت... ئەلبەت ئەزێ بچم. قیامەت رابت دیسا ئەز دچم. خوین سەران بێت دیسا ئەز خوە ناگرم. هەتا غەزال ژی من مەنعی بکەت، دیسا ئەز

ناوەستم. ئەز مەمێ ئالانم. میرێ هەکاریا ئەمر کرییە. هەم سولتان سەلاحەدین شیرێ خوە کێشایە، ل پێشیا تەمامێ دنیایێ وەستانە، قودسا شەریف موحافەزە دکەت. ئومومێ فەلان بەرهەڤ بوونە کو ئەوێ ژ ئیسلامێ بستینن. جوهاب ژ میرێ هەکاریان هاتیە، ئەم دێ بچنە هاریکاریا وی. ئیسلام هەمی، ل وێ بەرهەڤ بوونە. ژبۆ چ؟ ئەلبەت ژبۆ غەزایێ. ما ئەز ژ وان نازدارترم! ما خێرا غەزایێ دێ هەر ژبۆ وان بت!

(دایکا مەمۆ ژ دەردا تێت. وەکی کورێ خوە وەها پڕ غەلەیان دیت)

چاڤرەش: کورێ من، خودێ خێر کەت! تە چ بهیستییە تو وەها حیدەتی، چاڤێ تە وەها سۆر بوونە؟

مەمۆ: دایێ، شیرێ خوە ل من حەلال بکە! دژمنان سەر ل مە راکرییە. هاتنە قودسێ ژ ئیسلامێ بستینن. ئو میر ئەمر کرییە، غەزایە، دێ بچنە غەزایێ. مادەم ئەز ژی کوردم ئۆ ئەز ژ ئالانم، باب و باپیرێت من دڤێ رێ دا چوونە، دڤێت ئەز ژی دڤێ رێ دا بچم. تە شیرێ سپی دایە من. شیرێ خوە ل من حەلال بکە.

چاڤرەش: کورێ من، د رێیا دینێ خوە و د رێیا وەلاتێ خوە دا ئەگەر ئەز حەلال نەکەم، خوەدێ ژی من حەلال ناکەت. ئەگەر تۆ ئیرۆ نەچی، سبێ دژمن وێ بێن. من تو ژبۆ رۆژەکی وەها خودان کری. کو تو وی جیێ ژبۆ دین و وەلاتێ خوە بگری، ناڤێ کوردیتیێ، کورمانجیتیێ ئیلا بکی، من شیرێ خوە حەلال کر، خوە دێ دگەل تە بی.

مەجلسا دویێ

(دەنگێ دەری تێت)

مەمۆ: دایێ، وێ دەری دقوتن( هەمان دبەزت).

ئەو کییە؟ ئۆ ۆ ۆ.. برایێ لەوەند، کەرەم کە..کەرەم کە.

(لەوەند ژ دەر دا تێت)

لەوەند: ئەسەلامو عەلەیکوم! (دچیت ملێ چاڤرەشێ).

چاڤرەش: عەلەیکوموسسەلام، کەرەم کە، روونێ خوارێ (لەوەند رودنت). سەر سەرێ من هاتی، سەرچاڤان. تو قەنجکی، خوەشی؟ مال، بچووک؛ چاوانن؟

لەوەند: خوەدێ ژ تە رازی بت. مال، بچووک دەستێ تە رادموسن.

مەمۆ: سەر سەرێ برایێ خوە هاتی.

لەوەند: سەرێ تە هەزار سالی بت. تە خوە بەرهەڤ کر، دادێ دەستوورا تە دا؟

مەمۆ: مە ژی هەتا نوها ئەو خەبەر ددا. دایکا من شیرێ خوە ل من حەلال کر. دێ کارێ من بکەت. خوەدێ حەز کەت ئەم ژی کەنگێ بچن؟

لەوەند: ئیرۆکە مرۆڤەک ژ باشگالان هاتیە. گۆ «میر هەتا چۆلەمێرگێ چوویە» لازمە دڤێ هەفتیێ دا ئەم بەرهەڤ بینە چۆلەمێرگێ.

مەمۆ: ئیرۆکە خوە بەرهەڤ بکن، سبێ زوو جا ئەم رێ بچن.

لەوەند: دەستوورا من بدە، ئەز ژی بچم خوە بەرهەڤ بکم.

مەمۆ: ل سەر سەرێ من هاتی.

(لەوەند دچت).

چاڤرەش: (خوە ب خوە) یا رەبی، ئەولادێ من ئەمانەتێ تەیە! تو فرسەت و سلامەتیێ بدی یێ! (تەماشا مەمۆ دکەت) کورێ من، خوەدێ دگەل تە بی! ئەز بچم، کارێ زەوادا تە بکم.

(چاڤرەش دچت).

مەمۆ: (خوە ب خوە) ئەی خالقێ من، تە چ لوتفەک مەزن راکرییە، دایەک خودان حەمیەت تە دایە من! چ یا وجدانا من ئەمر دکەت، ئەو پێ رازییە. چو جاران نابت مانعێ شولان. ئەز وێ دچم با غەزالێ. بووکا هەفتەیەکێیە. ئەز بهێلم د جێ دا، ما ئینسافە؟!... بەلێ، ئینسافە، لەورا ئەڤینیا وەلاتی ژ هەمی ئەڤینیان مەزنترە. ئەو ژی پێ رازییە. ئەز بچم غازی ببم، جا ئەو ژی ببتە حەرەما غازیەکی. لازمە ئەو ژی فەخرێ بکەت.

(پیچەک مولاحەزە دکەت، وێ وەختێ غەزال ژ دەر دا تێت. د دەستەکی دا دەسماڵە، چاڤێ خوە پاقژ دکەت. مەمۆ دەستی دگریت، روودنتە خوارێ).

مەمۆ: غەزال، تە خێرە؟ تو بۆ چ دگری؟

غەزال: ما هون ناچن!

مەمۆ: بەلێ. ژ بەر چوونا من لازمە تو بگری؟

غەزال: وەکی تو چوویی، پاش تە دێ چ بکم! ما ممکنە ژینا من! وەکی تو چوویی، روحێ من ژی دچت. من دگەل خوە ببە.

مەمۆ: د شەرێت وەها دا شەرمە ژن دگەل مە بێن. هەم ژی دایکا من تەنێیە. تو دێ چاوا بهێلی!

غەزال: ئەز شەڤ – رۆژ خدامی ژ دایکا تەرا بکم، ئەز ژێ عاجز نابم، ئەز ژێ تێر نابم.

(رۆهنکان ئیزهار دکەت).

ئەز دێ چاوا تە بدم دەستێ فەلەکێ، دێ چاوا ژ تە دوور ببم!

مەمۆ: (ب ئاهەنگ)

ئیرۆ هەفتە داوەت کری
غەزایێ ئەز ژ تە کری
ئەز دچمە بەر کافری

غەزالا من، دەلالا من، بەس بگری
غەزال: مەمۆ ئیرو بوو عەسکەرە
ئەڤینیا مە بوو کەسەرە
تو من ببە دگەل خوە، هەرە
یان بکوژە، یان بکوژ پاشێ هەرە
مەمۆ: تو بەس روهنکان ببارینە
ئیرۆ دژمن مە کینە
وەستانا من لائق نینە
غەزالا من، دەلالا من، بەس بگری
(غەزال نەهشیار دکەڤت).
پەردە دکەڤت
پەردا دویێ
(پەردە ڤەدبیت. دیسا رایخستنا بەرێ. غەزال ب تەنێ سەر دۆشەکێ روونشتییە، ملەحەزان دکەت و یەکجار)
غەزال: ئاه... یا رەبی، ئەڤە بوو سالەک، چو جەواب ژ مەمێ نەهات. جارەک دیتر من مەمێ دیتبا، بلا مەلەکێ مەوتێ هاتبا، ئەمانەتێ خوە ژ من گرتبا !
(رادبیت پییان)
ئاه... ئاه...ئەڤە چ ژینە! ما مرۆڤ ژبۆ دەرد و ئەلەمان هاتنە دنیایێ !
چاڤرەش: (ژ دەر دا تێت) غەزال، خوەدێ خێر کەت، تە چیە؟ دیسا تو وێ دگری یان ژبەر لاوێ من نەگری! نەگری! مزگینا من ل تە ئیروکە مرۆڤەک ژ ئۆردووگاهێ هاتیە، لەشکەرێ مە بەردایە دژمنان، دژمن تەسلیم بوونە، مەمێ سلامەتە ڤان رۆژان دێ بیت.
غەزال: «بێ خوە» خوەدێ گوە دەنگێ تە بی!
(خوە بەرهەڤ دکەت، گوتنا خوە پۆشمان بوو، پێش خەسیبیا خوە شەرم کر).
چاڤرەش: غەزال، خوەدێ وەکی مەمێ دا من، تو ژی ژ بۆ مەمێ هاتی دنیایێ. شەرم نەکە. ئەز ئیفتیخارێ ب تە دکەم کو تو بووکا منی. مەمێ چەند لاوە، تو ژی هندە دەلالی. مەمێ چەند جامێر و خوەدان میرینییە، تو ژی هندە خوەدان ئیسمەتی. ئەز ل پێش تە نابێژم، خوەدێ شاهدە، هەمی جهان ئەز دبێژم، چونکی راستییێ مرۆڤ ئینکار بکەت، بێ ئینسافییە. خوەدێ وە هەردوکان بۆ من بهێلیت.
(دەنگێ دەری تێت، غەزال دچیت)
غەزال: ئەو کییە؟
دەنگەک: ئەزم
(خولامەک ژ دەر دا تێت).
خولام: خالەتا چاڤرەش، خانما من گۆت بلا هەتا لێرە کەرەم بکەت.
چاڤرەش: (دبێژیتە غەزالێ) غەزال، ئەز وێ دچم، ئەمانەتێ تە ئەڤ دەر.
(چاڤرەش دچیت، غەزال تەنێ دمینت).
غەزال: ئاه... ئاه... خوەسیبیا من مزگینی دا من. عەجەبا راستە، جارەک دی ئەم دێ بگیهینە یەک؟
(دەنگێ دەری تێت، غەزال دبەزت).
غەزال: ئەو کییە؟
دەنگەک: مێهڤانە.
(پۆشیا خوە ب دەڤێ خوە دگریت، دەری ڤەدکەن).
غەزال: کەرەم کە!
مێهڤان: (تەماشە دکەت، ناس ناکەت) سەلامون عەلەیکوم.
غەزال: عەلەیکوموسسەلام. کەرەم کە، سەر سەرێ من هاتی.
مێهڤان: (روودنێت) خوەدێ ژ تە رازی بیت.
غەزال: (تاسەک دەو تینت، دەستێ خوە ددەتە سنگێ خوە) کەرەم کە.
مێهڤان: (وەردگریت، دەوی ڤەدخوت) من گەلەک ژتە منەتە.
(غەزال دچیت کارێ نانی بکەت).
مێهڤان: زەحمەتێ نەکێشە. ڤێ گاڤێ ئەز وەستامە، ئەز نەشێم چو بخوم.
غەزال: مێهڤان مێهڤانێت خوەدێ نە، چاوان ئەمر بکن ئەم مەجبوورن ئەمرێ وان بجهـ بینن.
مێڤان: خوەدێ کێماسی نەکەت. پرسیار بێ عەیبن، ئەز دێ تشتەکی ژ تە پرس بکم.
غەزال: ئەمر کە.
مێهڤان: هون کەچا مالێ نە، یان بووکا مالێ نە؟
غەزال: هون مێڤان نەبان، مقابلێ ڤێ سوئالا تە، لازم تات ئەز ب چەکان جەواب بدەم. هندە قەدەر هەیە تو مێهڤانی، قەدرێ مێهڤانی یێ سەر مە واجبە و چو کوردان د مالا خوەدا دەنگ مێهڤانان نەکرییە و دائیما کورمانجان د رێیا مێڤانێ خوە دا جان دایە. دژمنێ کورمانجان ببتە مێهڤان، دیسا قەبوول دکن و قەدری دگرن و خزمەتێ بۆ دکن.
مێهڤان: غەزالا من! سەد ئافەرین بۆ ئیسمەتا تە! ئەز فەخرێ ب تە دکم! تە ئەز نەناسیم، ئەز مەمۆمە! شیرێ تە خواری ل تە حەلال بیت (هەما رادبت، دەستێ غەزالێ دگرت).
غەزال: (یەکجار هەرەکەتا خوە تەبدیل کر، بێ ئێختیار) ئاه... (هەر دو خوە ل ستوویێ یەک ددن، سەر دۆشەکێ دکەفن، نەهشیار دبن).
(چاڤرەش دەری دقوتت. کەس دەری ناڤەکەت. دەری

دشکینت، ژ دەر تێت، بووکا خوە د وی حالی دا دبینت. تەماشە دکەت، ناناست).

چاڤرەش: عەجایب، قەت ممکونە ئەڤ ژی دێ ببا! نامووسا کورێ من، ما ممکونە وەها د دەستێ نەیاران پامال ببت! ئەڤ چ خائینییە! نەخێر! (جارەک دی دچت تەماشە دکەت) لازمە ئەز ببرم، یان بکوژم! قەت چو کورد نامووسا خوە وەها ببینت، ناوەستت! بەلێ، ئەو نامووسا من!... و ئەمانەتێ منە !

(جارەک دی دچت تەماشە دکەت، تێتە غەلەیانێ).

چاڤرەش: بەلێ.. بەلێ.. کوشتن.. ژ غێرێ وێ چو دیتر نینە. خوەدێ ژی ژ من نا پرست. چونکی ل سەر نامووسێیە.

(هەمان دبەزتە، رم ئانی، دئینت دانتە ل سەر سینگێ کورێ خوە)

چاڤرەش: هان بۆ تە! زەربا نامووسێ، ئەی جاناوەرێ نامووسێ !

مەمۆ: ئاه... دادێ...

غەزال: (هەمان هشیار دبت، رمێ د سینگێ مەمۆ دبینت، دبێژتە خەسیا خوە) وای تە چاڤێ خوە کۆر کر (ل ناڤ سەرێ خوە ددت).

غەزال و چاڤرەش: (هەردو دگەل یەک ب ئاهەنگ)

هەرێ مەمۆ، مەمێ ئەباسی، ئەباسی

بریندارۆ مەمۆ، دایێ کۆر بت، نەناسی!

***

نووسەری ئەم شانۆنامەیە، عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری( ١٨٩٠- ١٩٥٨)، کە یەکەمین شانۆنامەنووسە و لە هەمان کاتدا یەکێکە لە یەکەمین تازەکەرەوەکانی شیعری نوێی کوردی؛ لە ناوچەی ئەلباکی (باشقەلا)ی سەر بە شاری وان لە کوردستانی تورکیا لەدایکبووە. لە زانکۆی ئەستەمبۆڵ کۆلێژی (ئیلاهیات)ی تەواو کردووە.

وەک زنار صلۆپی ئاماژەی بۆ دەکات، ئەندامی چالاکی چەندین ڕێکخراوی کوردیش بووە، لەوانە: یەکەمین کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد کە بە ناوی (هێڤی) لە ئەستەمبۆڵ لە ١٩١٢/٧/٢٧ دامەزراوە، هەروەها ئەندامی دامەزرێنی کۆمەڵەی تەعالیی کورد بووە لە ١٩١٨ لە ئەستەمبۆڵ(٣) .

لەگەڵ سەعید نورسیدا، پێکەوە، لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا، لە جەنگی تورکیای عوسمانیدا دژ بە رووسیای قەیسەری، شەڕ دەکەن. هەر پێکەوەش، دوای بریندار بوون، بە دیل دەگیرێن و ساڵێک لە ئەسارەتدا لە نزیک چەمی ڤۆلگا ژیان بەسەردەبەن. لەوانەشە ئەم ئەسیربوونە بووبێتە ئیلهامی شانۆنامەکەی. لە ١٩٢٣دا، کاتێ زمان و کولتووری کورد لە تورکیا قەدەغە دەکرێت، هەکاری ناچار دەبێت پشت لە بیری ناسیوونالیستی بکات و رووبکاتە ژیانی دینداری و خزمەتی ئیسلام بکات. لە ١٩٥٨دا، دوای ئەوەی بەشداری لە کۆنگرەی نێو دەوڵەتییانەی ئیسلامەتی دەکات لە ١٩٥٧ لە پاکستان، کۆچی دوایی دەکات(٤).

نووسەر، لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، بەشێوەیەکی راستەوخۆ لە ناوجەرگەی رووداوە رۆشنبیرییەکاندا و لەناو دڵی جموجۆڵە ئەدەبییەکانی وەک سەروەتی فنوون (١٨٩٠)، فەجری ئاتی (١٩٠٨)، گەنج قەڵەملار (١٩١٠) لە ئەستەمبۆڵ، واتە لەناو کەشوهەوا نوێخوازییەکەی گەنجە تورکەکاندا ژیاوە؛ راستەوخۆ بەهرەی لە بەرهەمەکانی ئەوان و کولتووری ئەورووپایی وەرگرتووە. کەواتە، یەکێکە لە یەکەم ئەو نووسەرە هاوچەرخانەی کە پێوەندیی بە کولتووری رۆژئاواییەوە کردووە و بەشێوەیەکی راستەوخۆ سوودی لە جموجۆڵە فەرهەنگییە رۆژئاواییە نوێخوازەکان وەرگرتووە. دیسان، ناوبراو، یەکێکە لە یەکەمین نووسەرە کوردەکان کە فێری زمانێکی ئەورووپایی (رووسی و ئەڵمانی) بووبێت و سوودی لێیان دیبێت.

لە ئەنجامی ژیان لە ئەستەمبۆڵ و فێر بوونی رووسی و ئەڵمانی و وەرگرتنی ئەو کولتوورە رۆژئاواییە بەشێوەیەکی راستەوخۆ، ع.ر. هەکاری لە کولتووری ئیسلامییەوە باز دەداتە سەر کولتووری رۆژئاوایی و لە هەمان کاتدا پێکەوەیان گرێ دەدات و سوودیان لێ وەردەگرێت. ئەمەش بە ئاشکرا، لە شانۆنامەکەیدا و تا رادەیەک، بەسەر تەکنیک و فۆرمە شیعرییەکانیدا رەنگی داوەتەوە. بەم شێوەیە، ساغ دەبێتەوە کە سەرهەڵدانی یەکەمین شانۆنامەی کوردی، بەری داری ئەو روانینە نەوژەنەی ع. ر. هەکارییە کە لە ماوەی ساڵانی ١٩٠٨-١٩١٩دا لەژێر کاریگەرێتیی جموجۆڵی شانۆی رۆژئاوایی و تورکەکاندا لەلای خەملیبوو(٥).

دوو قۆناغی فیکریی دیار لە ژیانی ع. رەحمی هەکاری دا دەبینرێت:

١- خەباتی نەتەوەپەروەری و بیری ناسیوونالیستانە، کە لە سەردەمی گەنجێتییەوەی دەست پێدەکات تا ساڵی

قەدەغەکردنی زمان و کولتووری کوردی لە تورکیا، واتە تا ساڵە شوومەکەی پەیمانی لۆزان: ١٩٢٣.

٢- دیانەت و خەباتی ئیسلامەتی، کە لە ١٩٢٣ دەست پێدەکات و هەموو ژیانی داهاتووی خۆی بۆ تەرخان دەکات؛ زیاتر لە هەژدە کتێب بە زمانی تورکی لەم بارەیەوە بڵاودەکاتەوە. گەلێک جارانیش، بەتایبەتی پێش ساڵانی ١٩٢٠، ئەم دوو فیکرەی لەیەکتر گرێ دەدا، وەک لە(مەمێ ئالان) دا دەبینین(٦).

تا ئێستا بۆمان ساغ نەبۆتەوە ئایا ئەم شانۆنامەیە خراوەتە سەر شانۆ یان نا؟ بەڵام، بە شایەدی و ئاگاداریی محەممەد ئەمین بۆزئارسلان: ئەم شانۆنامەیە، دوای بڵاوبوونەوەی لە گۆڤاری (ژین)، لە شێوەی کتێبێکی سەربەخۆدا لە ساڵی ١٩٢٠ لە ئەستەمبۆڵ چاپکراوە(٧). بەمەش، ئەم شانۆنامەیە دەبێتە یەکەمین شانۆنامەی چاپکراوی کوردی؛ ع. ر. هەکاریش دەبێتە یەکەمین نووسەری کورد کە شانۆنامەیەکی خۆی لەشێوەی کتێبدا چاپکردبێت.

گومان لەوەدا نیە کە تەنیا بەکارهێنانی زاراوەی (پیەس) و (تیاترۆ) لەسەر نێوچەوانی تێکستێکی کوردیی ساڵی ١٩١٩دا: داهێنانێکە؛ نیشانەی ئەوەیە کە نووسەرەکەی ویستوویەتی، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کورددا، ژانرێکی نوێ بهێنێتە ناو ئەدەبی نەتەوەییمانەوە. لەوەش زیاتر، نووسەر، بە هوشیارییەوە لەبارەی ئەم مەسەلەیە، ئاگاداربووە کە ئەم کارەی ئەو تازەیە؛ ویستوویەتی بەردێکی بناغە بۆ شانۆیەکی نەتەوەیی دابڕێژێت، دەڵێ: (تیاترۆیا کوردان فەزیلەتا کوردان نۆشی ددت). لەوانەیە، هەر لە سۆنگەی ئەم مەبەستەش، لە گۆشەنیگایەکی سیاسی - نەتەوەییەوە بابەتی بەرهەمەکەی خۆی پێشکەش کردووە؛ ئەگینا هەمان چیرۆکی شانۆنامەکە، وەک لای ئەلبێرت کامۆدا لە شانۆنامەی (سوء التفاهم) دەبینین، بە چەندین لای فەلسەفیی دیکەدا دەکەوێتەوە.

سەبارەت بەوەی کە نووسەر خوێندنی ئیلاهیاتی لە زانکۆی ئەنقەرە خوێندووە و رۆشنبیرییەکی ئیسلامیی قووڵی هەبووە و لەگەڵ زانای ناوداری ئیسلامەتی (سەعید نەورەسی) زۆر هاورێ بووە، هەروەها لەبەر ئەوەیش کە لەو سەردەمەدا خەتێکی بیرکردنەوەی پانی ئیسلامی سیاسیی




**عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری یەکەم شانۆنامەنووسی کورد**

بۆ رزگاربوون لەدەست نێڵی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ئیتتیحادییەکان هەبووە؛ دەبینین نووسەر لەم شانۆنامەیەدا دوو کێشەی سیاسی لەیەکتر گرێ داوە. یەکەم: جەنگی ئازادکردنی قودس لەدەست خاچپەرستەکان، بە سەرکردایەتیی سەلاحەددینی ئەییووبی لە سەدەی یازدەهەمدا. دووەم: جەنگی سەربەخۆیی کورد دژ بە دەوڵەتی عوسمانی و ئیتیحادییەکانی دوای ١٩٠٨.

لە شانۆنامەکەدا، ناوی سوڵتان سەلاحەددینی ئەییووبی هاتووە، کە شیری لەڕووی خاچپەرستەکان هەڵکێشاوە و دەستی بە جەنگی رزگاریخوازی کردووە؛ میری هەکارییانیش، واتە میری کوردان، فەرمانی دەرکردووە کە بەتەنگ لەشکری ئازادیخوازی سوڵتان سەلاحەددینەوە بۆ ئازادکردنی قودس بچن. ئیدی، هەموو عێل و عەشیرەتی کوردان کۆبوونەتەوە و بەرەو «قودسی شەریف» بەڕێ کەوتوون بۆ ئەوەی «وڵات» لەدەست «فەلان» رزگار بکەن. لێرەدا، ناوەڕۆکی شانۆنامەکە دوو دیوی یەکانگیری دەبێت. دیوی یەکەمیان دەربڕینی بیرێکی دینی، کە پەسەندکردنی غەزای سەلاحەددین و جەنگی ئیسلامە بۆ ئازادکردنی قودس. دیوی دووەمیشیان، کە رێی تێدەچێت مەبەستە سەرەکییەکە بێت، بریتییە لە جەنگی سەربەخۆیی کوردان لەدەست ئیتتیحادییە تورکەکانی ساڵانی ١٩٠٨- ١٩٢٠، کە نووسەر لەبەر سانسۆر و لە ترسی ئیتتیحادییەکان تەنیا توانیویەتی بەم شێوە سمبوولییە دەری ببڕێت. هەر چۆنێک بێت، ئەم شانۆنامەیە، لە بواری ئایدیۆلۆژیدا، بە گەوێکی گرنگ دەژمێردرێت لەنێوان بیری کوردپەروەی و پان-ئیسلامیی کورد، کە هەر دووکیان، لە تورکیای عوسمانیی ساڵانی جەنگی یەکەمدا باو بوون.



**ئەحمەد مەدحەت ئەفەندی لە ١٨٧٧ لە ئەستەمبۆڵ دوو شانۆگەریی لەبارەی ژیانی گەلی کورد نووسیوە**

نووسەر ناواخن و چارەنووسی جەنگەکەی هێندە بە لاوە گرنگ نیە، بەڵکو زیاتر وەک هۆکارێک بۆ دوورکەوتنەوەی پاڵەوانەکە بەکاری هێناوە. ئەوەی ناواخنی شانۆنامەکە دەوڵەمەند دەکات بریتییە لەو تراژیدیایەی کە لەپاش رۆشتنی مەمۆ دەقەومێ: کوژرانی مەمۆ بەدەست دایکی خۆی. هەر لێرەشدا، عەبدولڕەحیم هەکاری لەگەڵ ئەلبێرت کامۆی فەرەنسی یەکتر دەگرنەوە.

هەر کە پەردە دەکرێتەوە، دەبینین: پاڵەوان لە هەڵوێستێکدایە: هەڵبژاردن. ئایا بچێتە جەنگەکە و کردەوەیەکی هەبێت، یان نەچێت؟ مەم تازە زاوایە، لە

هەمـــان کـــاتدا تازە جـــەنگی ســـەربەخـــۆیی وڵات دەســـتی پێکردووە. ئایا ڕێگای کامەیان هەڵبژێرێت: چوونە جەنگی سەربەخۆیی وڵات (کە ئیحتیمالی لەناوچوونی تێدایە) یان مانەوە لەگەڵ تازەبووکەکەی؟ سەرەتای شانۆنامەکە بەم دوو دڵی و خۆدوواندنە، بەم هەڵوێستــە چارەنووســـازە دەست پێدەکـات. نووسـەر لە سـەرەتای شـانۆنامـەکـەوە پاڵەوانی خـسـتۆتە هەڵوێسـتی هەڵبـژاردنەوە. ئەمـەش تەکنیکێکی شانۆیی هاوچەرخ و زیرەکانەیە، لە تەکنیکی بەرهەمـەکانی نووسـەری ئەڵمـانی زمان، فـرانس کـافکا دەچێت؛ ڕەگـەزی تەشویقی تێدایە.

نووسەر درامای شانۆنامەکەی لەسەر چەند کەرەستەیەکی ریالیستانەی خۆماڵییەوە هەڵچنیوە. دراما لەم بەرهەمەدا چەند پەیوەندیی بە کێشـەیەکی سیاسییەوە هەیە، هێندەش پەیوەندیی بە خاسیەتەکانی کۆمەڵی کوردەواری و دەروونی مـرۆڤی کـوردەوە هەیە. دوو دیوی یەکـانگیـری سـیـاسی – سـایکلۆژی، نەتەوەیی – مرۆڤپەروەرانەی هەیە. بۆیە دەبێ ئاماژە بەوە بدەین کە نووسەر چەندین کێشـەی سـیـاسی – ئەخلاقی– مرۆڤایەتیی لەیەکتر ئاڵاندووە و ورووژاندوونی. ئەم ئاڵۆزییـەش، پەیوەندیی بە ڕۆحیـات و خـاسیـەتەکـانی کـەسایەتیی کوردەوە هەیە کـە مـرۆڤێکە نیـشـتـیـمانەکـەی داگـــیـرکـــراوە و دەیەوێ ئازاد بژی، بۆ ئەم ئازادییـــەش پێویستیی بە خۆبەختکردن هەیە. بەرهەم و چارەنووسیش؛ بەداخەوە، نووسەری شانۆنامەکە پێمان دەڵێ: بێهوودەیە.

بەکـارهێنانی چەند ڕەمـز و نیـشـانە و نەریتـێکی وەک: سـەلاحـەددینی ئەیـیـووبی، مـیـواندۆسـتی، خـۆشـەویسـتی، مـێـرخـاسی، لەخـۆبوردوویی لەپێناو نیـشـتـیـمـاندا، ئازادیخوازی، ئازایەتی، گـوێڕایەڵ بوون بۆ مـیـر، پاراسـتنی نامـووس.. کـۆمـەڵێک نیـشـانەن کـە نەتەوەی کـوردی پێ دەناسرێتەوە(٨). نووسـەر، ورد و زیرەکـانە بەکـاری بردوون کە لەگەڵ ڕوانینە ناسیوونالیستییەکەی خۆی بۆ شانۆ یەک دەگرێتەوە.

لەم شـانۆنامـەیەدا، بۆ یەکـەم جـار لە نووسـینی کـوردیدا، چاومـــان بە چەندین زاراوەی هونەریی تایبـــەت بە شـــانۆ دەکەوێ: تیـاتر، پیـەس، ئەشخـاص، مەجلیس. ئەمـە ئەوە دەردەخـات کـە نووسـەر باش شـارەزای هونەرەکـە بووە. بەم کـــارەیشی، زمـــانی کـــوردیی، بەتایبـــەتی زاراوە هونەرییـەکـانمانی، دەوڵەمـەند کـردووە. لە هەمـان کـاتدا

**عەبدوڕەحیم ڕەحمی هەکاری یەکەم شانۆنامەنووسی کورد**



ویسـتوویەتی، هەندێ جـار، هەر دوو دیالێکتی ژووروو و خـواروو تێکەڵ بە یەکـتـر بکات و ڕێگە خـۆش بکات زمانێکی ستاندارد دروست ببێت. لەڕووی ڕێنووسیشەوە، ئەم تێکستـە، بەڵگەنامـەیەکی بایەخداره بۆ ئەوانەی لە مێژووی پەرەسەندنی ڕێنووسی کوردی دەکۆڵنەوە(٩).

ناوەڕۆکی ئەم شـانۆنامـەیە، وەک لە سـەرەوەشـدا ئاماژەیەکی بچـووکی بۆ کرا، بە رادەیەکی یەکجار زۆر لە شـانۆنامـەی (بەهەڵە لێکگەیشتن)ی ئەلبـێـرت کـامـۆی فەرەنسی دەچێت کە لە ساڵی ١٩٤٤ لە پاریس بە زمـانی فەرەنسی بڵاوکراوەتەوە(١٠).


هێڵی بەیانیی چیرۆک و ریتمی پەرەسەندنی ڕووداوەکان و ژمارەی پاڵەوانە سەرەکییـەکـان، لە هەر دوو شانۆنامـە کـوردی و فـەرەنسـیـیـەکـەدا، هەمـان شتن. لە هەر دوو شـانۆنامـەکـەدا، پاڵەوان (لە کـوردییـەکـەدا مـەمـۆ/ لە فـەرەنسـیـیـەکـەدا ژان) بۆ سـاڵانێکی زۆر، لە مـاڵ و نیشتیمانی خۆی دوور دەکەوێتەوە و گۆڕانی بەسەردا دێت تا رادەی ئەوەی کە لەلایەن دایکی خۆیەوە نەناسرێتەوە. لە هەردوو شانۆنامەکەدا، کاتێ کوڕەکە دەگەڕێتەوە، بە دەستی دایکی خـۆی دەکـوژرێت. لە هەر دوو شـانۆنامـەکـەدا کـوشـتنەکـە بە مـەبەست نیـە و لە ئەنجـامی بە هەڵە تێگەیشتنە، یان راستتر بڵێین: لە ئەنجامی نەناسینەوەیە؛ چونکە ماوەیەکی زۆرە کە دایک کوڕەکەی خۆی نەدیوە. لە هەر دوو شـانۆنامـەشـدا تەنیـا دایک تاوانبـارە، بووک (غەزال) یان خوشک (مارتا) بێگوناهن.

هەڵبەتا، عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری، شانۆنامەنووسە کوردەکەی خۆمـان، دیارە، تێکستـەکەی ئەلبێرت کـامۆی نەدیوە: چونکە پێش ئەلبـێـرت کـامـۆ بە نزیکەی بیـست و پێنج ساڵ بەرهەمەکەی خۆی نووسیوە. بە هەمـان شێوەش، ئەلبێرت کامۆ شانۆنامە کوردییەکەی ئەوی نەخوێندۆتەوە: چونکە دیارە کە ئەلبـێـرت کـامـۆ کـوردیی نەزانیـوە. ئەدی کـەواتە، بۆچی ئەم دوو شـانۆنامـە کـوردی و فـەرەنسـیـیـە، هێندە لەیەکتـر دەچن؛ نهێنیی ئەم وەرگرتن و لەیەکچـوونە چیە؟

ئێـمـە وا تێـدەگـەین: ناوەڕۆکی ئەم چیـرۆکـە ریشـەیەکی فۆلکلۆریی هەبێت و لەناو زۆربەی نەتەوەکـانی ڕۆژهەڵاتدا هەبێت(١١) ئەلبـێـرت کـامـۆش، وەک دەزانین: مـاوەیەکی زۆری ژیانی خۆی لەناو بەربەری و عـەرەبەکـانی جەزائیـر



ئەلبێرت کامۆ



بەسەربردووە؛ لەوێ ئەم چیرۆکە باوەی ناو خەڵکی وەرگرتووە و ئەم شاکارەی لێ دروستکردووە. بە هەمان شێوە، ع. ر. هەکاری، لە دەمی خەڵکەوە چیرۆکەکەی وەرگرتووە و دایڕشتۆتەوە. سەلماندنی ئەوەی کە ئەم چیرۆکە ریشەیەکی فۆلکلۆریی هەیە، پێویستی بەم بەڵگانەی خوارەوە هەیە:

١- لە گۆرانیی فۆلکلۆریی کوردیدا، چیرۆکەشیعرێکی لەم بابەتەمان هەیە، کە ئەمە کۆتاییەکەیەتی:

های، های، های.. مەمۆ
مەمۆ کوڕی عەباسی.
دایە، مەمۆ؛ کورتەک لەسەر کراسی
دەک کۆرە بی؛ نەیناسی..

٢- چیرۆکێک بە هەمان ناوەڕۆک، بە ناونیشانی (چاوبرسی)، لە ژمارە(٤)ی رۆژنامەی (پێشکەوتن)دا لە ١٩٢١/٦/٢٠دا بڵاوکراوەتەوە.

٣- ئەگەر ئەم چیرۆکە سەرچاوەکەی فۆلکلۆر نەبێت، هیچ هێزێکی دیکە نیە کە ئەلبێرت کامۆی فەرەنسی بە ع. رەحمیی هەکاریی کورد بناسێنێ.

ئەم دوو شانۆنامە کوردی و فەرەنسییە، کە کوردییەکە لە ١٩١٩ و فەرەنسییەکە لە ١٩٤٤دا بڵاوکراوەتەوە، لەم خاڵانەی خوارەوەدا لەیەکتر جودا دەبنەوە:

١- لە کوردییەکەدا دایکی پاڵەوانەکە (چاوڕەش) لەگەڵ بووکەکەی (خەزاڵ) دەژی؛ بەڵام لە فەرەنسییەکەدا دایکی پاڵەوان لەگەڵ کچەکەی خۆی (مارتا) دەژی.

٢- لە کوردییەکەدا پاڵەوان (مەمۆ) لەپێناو سەربەخۆیی وڵاتەکەی رۆیشتووە و چۆتە جەنگی سەربەخۆکردنی نیشتیمان؛ بەڵام لە فەرەنسییەکەدا پاڵەوان، ژان، لەپێناو پارەپەیداکردن و بازرگانیدا دایک و خوشک و نیشتیمانەکەی خۆی بەجێهێشتووە.

٣- لە کوردییەکەدا، کوشتنەکە هۆی هەیە نەک ئامانج: لەسەر نامووسە؛ بەڵام لە فەرەنسییەکەدا کوشتنەکە ئامانجی هەیە: لەپێناو پارەیە.

٤- لە کوردییەکەدا، دوای کوژرانی پاڵەوان، شانۆنامەکە کۆتایی پێدێت؛ بەڵام لە فەرەنسییەکەدا، دوای کوژرانی پاڵەوان، دایک و کچەکەش خۆیان دەکوژن (دایک خۆی فڕێ دەداتە رووبارەوە، کچەکەش، واتە خوشکی

پاڵەوانەکە، ژان، خۆی هەڵدەواسێ).

٥- لە کوردییەکەدا تەنیا سێ پاڵەوان دەبینرێن؛ بەڵام لە فەرەنسییەکەدا چەند شەخسیەتێکی دیکەش رۆڵیان هەیە، گرنگترینیان: لاڵە و هاورێی ژان.

٦- لە کوردییەکەدا شانۆنامەکە دوو پەردەیە و یەک دیکۆر دەبینرێت، لە فەرەنسییەکەدا سێ پەردە و چەندین دیمەن و دیکۆری جۆراوجۆر دەبینرێن.

٧- شانۆنامە فەرەنسییەکە، لە باری فەلسەفییەوە، روانینێکی قووڵتر و تراژیدیتر دەردەبڕێت، بۆیەش دەبینین: لە فەرەنسییەکەدا حیبکەی رووداوەکان و سایکلۆژیەتی کەسایەتییەکان ئاڵۆزتر و بەگڕێ و گۆڵترن.

٨- لە کوردییەکەدا، تراژیدیا بە مەسەلەیەکی سیاسییەوە گرێ دراوە (مەسەلەی سەربەخۆیی نیشتیمان)؛ بەڵام لە فەرەنسییەکەدا مەسەلەیەکی فەلسەفیی پێشچاو خراوە: بێهوودەیی ژیان و پووچیی بوونی مرۆڤ.

٩- لە کوردییەکەدا پێوەدانگە هونەرییە شانۆییەکان (تەکنیک، دراما، حیبکە، وێنەکێشانی کەسایەتییەکان، دیکۆر، ریتمی شانۆیی، دیالۆگ و مەنەلۆگ) سادە و ساکارن، لە فەرەنسییەکەدا فراژووتر و هونەریترن.

١٠- قەوارەی تێکستە کوردییەکە تەنیا چەند لاپەڕەیەکە، بەڵام فەرەنسییەکە قەوارەیەکی فراوانی هەیە و بەرهەمێکی، بێگومان، تۆکمەترە.

**سەرچاوە:**


١- M. E. BOZARSLAN: Jin, W. Deng, Upsala: 1985, R. 70-77..

٢- بۆ یەکەمین جار، مەحموود زامدار لە رۆژنامەی العراق، ژ ٢١٧٣، بەغدا: رۆژی ٢٣ی٣ی١٩٨٣، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە ئەم تێکستە دەبێتە یەکەمین شانۆنامەی کوردی، پاشان ئێمە، بێ ئەوەی لە پاریسەوە ئاگامان لەم کارەی ئەو هەبێت، تۆژینەوەیەکمان لەسەر ئەم بەرهەمە نووسیوە و لەگەڵ خستنەسەر رێنووسی ئەمڕۆ، لە ژمارە(٨)ی گۆڤاری(هیوا) لە ١٩٩٣لە پاریس بڵاومان کردەوە.

٣- زنار صلوبي (قدري جميل پاشا): في سبيل كردستان، ت: د. رضوان علي، منشورات رابطة كاوە، بيروت: ١٩٨٧.

٤- Hazim KLIC: E. R. Hekari, Ed. Xani, Danemark: 1991

٥- فەرهاد پیرباڵ: پێشەکییەک بۆ سەرهەڵدانی شانۆنامە لە ئەدەبیاتی کوردیدا، گۆڤاری (هیوا)، ژمارە(٨)، پاریس: ١٩٩٣، ل٦٧ - ٦٨.

٦- د. فەرهاد پیرباڵ: ع. رەحمی هەکاری، ئەو نووسەرە نوێخوازەی کە بۆ یەکەمین جار شانۆنامەی هێنایە ناو ئەدەبیاتی کوردییەوە، ژمارە(٧١)ی (ئەدەب و هونەری برایەتی)، هەولێر: رۆژی (١٩٩٨/٤/٣).

٧- M. E. BOZARSLAN: Jin, W. Deng, Upsala: 1985, R. 70-77..

٨- مەحموود زامدار: کۆنترین پیەسێکی کوردی، مەمێ ئالان، رۆژنامەی العراق، ژ ٢١٧٣، بەغدا: رۆژی ٢٣ی٣ی١٩٨٣.

٩- جەمشید کوردۆ: لەبارەی مێژووی دێرینی شانۆی کوردی، جريدة «گەل» العدد ٧ اذار ١٩٨٤ ص ٥-٦

١٠- ALBERT CAMUS: LE MALENTENDU, 3 ACTES, ED. GALIMARD, PARIS: 1944.

١١-مستەفا نەریمان: لەباری مێژووی شانۆی کوردی، گۆڤاری «بەیان»، ژمارە ١٠٨ حوزيران ١٩٨٥، ل ٢٠٦- ٢٠٧.

# شانۆی کوردی لە کوردستانی عیراقدا لە ساڵانی ١٩٢٠- ١٩٣٠دا



سالّح زەکی صاحێبقڕان، لە ٢١ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٤
کراوەتە قایمقامی کۆیە
«سیدارەی لەسەرە»

# بەشی پێنجەم

دوای عەبدولڕەحیم هەکاری لە ئەستەمبوڵ ساڵی ١٩١٩، سەرهەڵدانی شانۆی کوردی، لە ماوەی ساڵانی ١٩٢٠-١٩٣٠دا دەکەوێتە ژێر کاریگەرێتی نەشونمای شانۆی عەرەبی لە عیراقدا، کە ئەویش هەر، سەرچاوەکانی، لەوانەیە بریتی بن لە کولتووری ئەورووپی و تورکیای لاو.

نەشونمای شانۆی کوردی لە کوردستانی عیراقدا (لە سەردەمی ئینگلیزەکان و راپەڕینەکانی شێخ مەحموودا ١٩٢٠- ١٩٣٠) لە سێ کەناڵەوە دەردەکەوێت:

کەناڵی یەکەم: بریتی بوو لە چالاکییە شانۆییەکانی قوتابخانەکان.

شانۆی قوتابخانەکان (بە هاوکاریی قوتابی و مامۆستایان)، کە لە هەستێکی نەتەوەییەوە هەڵقووڵا بوون و زیاتر لە بۆنە نیشتیمانییەکاندا پیشان دەدران؛ رۆڵێکی گرنگیان هەبووە لە نەشونمای جموجۆڵی شانۆییدا. لەم بارەیەوە، مامۆستا محەمەد تەیموور گەواهیمان بۆ دەدات:

هونەرمەند و هونەردۆستان، شانۆکانی ئەو قوتابخانانەیان کردبووە مەیدانێکی دروشم و مەبەستە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکانیان. بەتەواوی شانۆگەرییەکانیان لە سنووری شانۆی قوتابخانە دەرچووبوون و زۆربەی بینەرانی گشت چینەکانی کۆمەڵ بوون. ئەکتەرەکانیش قوتابی، گەلێک جار مامۆستایانیش بوون(١).



مامۆستایانی قوتابخانەی (نموونەی سەعادەت)
لە سلێمانی، ساڵی ١٩٢١

لە ١٩٢١دا، بۆ نموونە، قوتابخانەی ئیسلامی لە مووسڵ، بە سەرپەرشتیی ارشد افندي العمري، کە ئەندازیاری شارەوانی بووە، شانۆگەریی صلاح الديني ايوبی لە مووسڵ پێشکەش کردووە(٢) پاشان، لەوە دەچێ قوتابخانەکانی کوردستانیش، هەر لەژێر ئەم کاریگەرییەدا، بەتایبەتی لە سەرەتادا، دەست دەکەنە کار و لە ساڵی ١٩٢٠دا لە هەولێر "لیژنەی فەن و تەمسیل" لە قوتابخانەی ئەربیل ئوولای هەولێر، کە یەکەم لیژنەی نواندنی شانۆییە لە کوردستاندا، دادەمەزرێن و لە پایزی١٩٢١ شانۆگەریی (صلاح الدينی ايوبی) پێشکەش دەکەن. ئنجا لە ١٩٢٣دا، کاتێ بڕیاردرا خوێندن بە کوردی بخوێنرێ، لە هەولێر ناوی (لیجنەی فەن و تەمسیل) بووە (لیجنەی فنوونی جەمیلە). ئەم لیژنەیەی هەولێر، کە

یەکەمین لیژنەی هونەرە جوانەکانە لە کوردستاندا، لە کۆتایی بیستەکان و سەرەتای سییەکاندا بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەی سەند(٣).

ئەحمەد خواجە دەڵێ: 'کۆمەڵەی لاوانی کورد 'کە لە هەولێر لە ١٩٢١ دامەزرابوو، لە هەولێر سەلاحەدینیان پێشکەش کردووە. عبدالله عزیز کارگەچی و احمد فەخری سامی و عبدالله سامی ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیە بوون و بەشدارییان لەو شانۆگەرییەدا کردووە. بلاوکراوەیەکی دەسنووسی رەخنەیی توندوتیژیان هەبوو. عبدالخالق قطب و محمد محمود قودسی و تاهیر سادق و مستەفا خۆشناو و خیرالله عبدالکریم و سەید نظیف کۆیی ئەندامانی دیکەی ئەم کۆمەڵەیە بوون''. ئەو کۆمەڵەیەی ئەحمەد خواجە باسی دەکا، لەوانەیە هەمان ئەو لیژنەیە بێت کە باسمان کرد، یان لەوانەیە بە لای کەمییەوە سەرپەرشتیی ئەو لیژنەیەی کردبێت.

ئنجا لە سلێمانی، لە ١٩٢٣دا، پێش ئەوەی هێشتا هیچ تیپێکی شانۆیی دابمەزرێت، شانۆگەریی دایک، نووسینی شێخ نووری شێخ سالح، دیسان قوتابیان: قوتابیانی قوتابخانەی کچانی سلێمانی، لە سلێمانی پێشکەشیان کردووە(٤).

لە کۆیەش، بۆ نموونە، وەک تاهیر ئەحمەد حەویزی بۆمان دەگێڕێتەوە: لە قوتابخانەی کۆیسنجاقی ئەوەلی، قوتابییەکان، بەتایبەتی پۆلی پێنج و شەش، شەوان بۆ سەعی کردن دەچوونە مەکتەب، هەندێ شەو بە گاڵتە و جەفەنگ رایاندەبوارد. لە ساڵی(١٩٣١) محەمەد نافیع عەبدولفەتاح ئاغا حەویزی، کە ناوی لە خۆی نابوو (رۆستەم) و ناوی بابی کردبووە (پیرۆت) لە هەیوانی سەرەوەی قوتابخانەکە، کۆرس داندرابوون، (جەمیل ئاغا) قائمقام (عەبدولخالق قوتب) بەڕێوەبەری قوتابخانە بوو، زۆر کەسیان داوەت کردبوو. رۆستەم بەرگی خۆی گۆڕیبوو، جەمەدانیەکی شڕی لەسەرنابوو، عەبای بە خۆی دادابوو، خۆی قەمبوور کردبۆوە، ریش و سمێڵێکی سپی بۆ خۆی کردبوو، نموونەی لێقەوماوی کوردێکی سەروو بوو، هەموو کەس نەیدەناسییەوە، گۆچانێک بەدەستییەوە، رووی لە دانیشتووان کرد، زۆر بە حەماسەتەوە شیعرەکەی مەلا حەسەنی قازی هەڵەبجەیی (ئەی کوردی ستەمدیدی و مەزڵوم و سیاهچار)ی خوێندەوە، هەیوانەکە لەبن پێی



هەولێر لە ساڵی ١٩١٨



قوتابیانی قوتابخانەی یەکەمی سلێمانی

دەلەرزی و زۆر کـاری لە دانیـــشــتــوان کــرد. لە ســالّــی (١٩٣٢) لە (مەکـتەبی ثانییـە) دەرسی شەوی دەوتەوە و لاتینیـشی فێر دەکردن، لەگەلّ کەشافـان چوونە (رانیـە) و (سەرکەپکان) و تەمسیلی دکتۆر (فوئاد)یان کرد بوو(٥).

کەواتە، پێش ئەوەی تیپی شانۆیی مۆلّەتدراوی رەسمی دابمەزرێت، لیـژنەی نواندنی قـوتابخـانەیی سەرهەلّدەدەن، جـێگەی تیپ و گـرووپە شـانۆییـەکـان دەگـرنەوە. لەم بارەشـــەوە، هەرە کـــۆنتـــرین بەرهەمی تاقـــیکراوەی قـوتابخانەکان لە کوردستـانی عیـراقدا، وەک مـامۆسـتـا مــحــەمــەد تەیموور ئامــاژەی بۆ کـردووە، بریتی بووە لە شانۆگەریی (سەلاحەددینی ئەییووبی) کە لەلایەن (لیژنەی فەن و تەمسیـل لە قوتابخـانەی ئەربیل ئوولای هەولێر) لە پایزی ١٩٢١دا، بۆ ماوەی چەند رۆژێک پێشکەش کراوە. مامۆستاکانی ئەو کاتە: مودەریسی ئایینی و حەمدی نادر و سـالّح بۆلّشــەوی و مـەحـمـوود نەدیم و ئەحـمـەد ناجی ئەفـەندی بوو کـە لە سالّی ١٩١٩ ەوە لە زاخـۆوە هاتبـووە هەولێر و دەرچووی دارالمعلمینی ئیبتیدائی بوو(٦) ئەحمەد خواجـە دەلّێ: 'کـۆمـەلّەی لاوانی کـورد 'کـە لە هەولێـر لە ١٩٢١ دامەزرابوو، رۆلیـان هەبوو لە پێشکەشکردنیدا(٧) هەروەها لە ١٩٢٩دا، شانۆیی (وێنەتی) لە شاری هەولێر، دیسانەوە قوتابییانی سانەویی هەولێر پێشکەشیان کردووە. حـوسێن حوزنی مـوکریانی لە گـۆڤـاری زاری کـرمـانجی لە ژمــارە ١٦دا، لە ٧ی کــانوونی دووەمی ســالّی ١٩٢٩دا باسی کردووە.

ئنجـا پاشـان لە سلێـمـانی، لە ١٩٢٦دا، تیـپی شـانۆی قوتابخانەی زانستی لە سلێمانی دادەمەزرێت، کە دەبێتـە دووەم تیپی شانۆیی لە کوردستانی عیراقدا؛ شانۆگەرییەک بە ناونیـــشـــانی (جــووتە برا) یان (عــیلم و جــەهل لولا المحــامي)، لە نووســـینی تقي الدین اللبناني، لە هاوینی ١٩٢٦دا، لە سلێـمـانی پیـشـاندراوە. ئەم تیـپە شـانۆییـە قوتابخانەییە، دوواتر چەندین شانۆگەریی دیکە پێشکەش دەکات(٨). لەوانە: شـانۆگـەریی نێـرۆن، لە رۆژانی ٢٧ و ٢٨ی تەمووزی ١٩٢٧دا، لە نووســینی مــحــمــد لطفی جمعەی میسری، لە شاری سلێمانی(٩).

کـەنالّی دووەم - کـە ئەویش هەر لە کـەنالّی یەکـەمـەوە دروست بـوو - بریتی بوو لە دامـەزراندنی یەکـەمین تیـپـە شانۆییەکان.

**... ئەو سینەمایەی کە لە سلێمانیدا مەوجوودە و ئیش ئەکات، شەوی جومعە، ١٩ی مانگ تەخصیص کرا. سعادەتی متەصەرەفی خۆشەویستمان بالذات تەشریفی هێنا و عموومی رۆئەسای حەمیەتمەندانی شار بە خواهشێکی تەبیعیەوە ئێشتراکیان کرد و بۆ سەیر کردنی ئەم سینەمایە تەشریفیان هێنا.**

ژیان، ژ (١٦٩)
٢٢ی نیسان ١٩٢٩



هونەرمەندی عێراقی حەقی شبلی


دامەزراندنی تیپە عەرەبییەکان لە ناوەڕاستی ساڵانی ١٩٢٠ بەملاوە لە عیراقدا، هەروەها سەردانی تیپە شانۆییە ئینگلیزی و میسرییەکان بۆ کوردستان، تەنانەت گالیسکە گەڕۆکەکانی سینەماش.. رۆڵێکی راستەوخۆ دەبینن لە نەشونمای جموجۆڵی شانۆیی کوردی لە عیراقدا؛ لەبەرئەوەی ئەم تیپانە دێن چەندین نواندن و شانۆگەری لە شارە گەورەکانی کوردستانی عیراقدا پێشکەش دەکەن. لە ساڵانی ١٩١٣ - ١٩١٥دا، بۆ نموونە، دوو جار سینەمای سەفەری لەلایەن تیپی عوسمانییەکانەوە لە رێگەی زاخۆوە هاتۆتە هەولێر، لەسەر گالیسکەیەک دانرابوو، فلیمی سوڵتان عەبدولحەمیدی پیشانداوە، پاشان چۆتە کۆیە و سولێمانی(١٠)

دامەزراندنی ئەم تیپە عیراقییانە، دیارە، هانی هونەرمەندانی کورد دەدات کە ئەوانیش تیپی سەربەخۆی کوردی دامەزرێنن. ئێمە لێرەدا چەند بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی ئەم راستییە دەهێنینەوە:

١- شانۆکارێکی وەک حقي الشبلي، کە هونەرمەندێکی گەورەی شانۆی عیراقیی ئەوسایە و لەگەڵ تیپە عەرەبییەکەی خۆی لە ١٩٢٩دا دێتە کوردستان، راستەوخۆ کار دەکاتە سەر ویژدان و هەستی شانۆیی نووسەرێکی وەک پیرەمێرد، کە ئەکتەرەکانی شانۆگەریی (سەربازی ئازا) بەراورد دەکات بە حقی شبلی. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە پیرەمێرد بە شانۆکانی حقي الشبلي لە سلێمانی زۆر سەرسام بووە(١١).

٢- نعوم فتح الله سحار (١٨٥٥- ١٩٠٠) کە شانۆنامەنووس و دەرهێنەرێکی عیراقی بوو، لە ١٨٩٥دا لە مووسڵ شانۆگەریی (میری دیل)ی لە فەرەنسییەوە وەرگێڕابوو و پێشکەشی کردبوو(١٢) پاشان هەمان شانۆگەری لە ساڵی ١٩٠٥دا لە شاری هەولێریش پێشکەش دەکرێت و یەکەم شانۆگەرییەکان لە کوردستانی عیراقدا دەست پێدەکەن(١٣).

٣- تیپی مدرسة التفیض الاهلیة لە ١٩٢٤و الفرقة التمثیلیة الوطنیة لە نیسانی ١٩٢٧دا، هەر دووکیان لەلایەن حقی الشبلی یەوە دامەزرابوون؛ لە هاوینی ساڵی١٩٢٩ سەردانی هەولێر و سلێمانییان کردووە: چەندین شانۆگەرییان پێشکەش کردووە، لەوانە: صلاح الدین ایوبی و هاملێت(١٤) حەقي شبلي- خۆیشی، لەم



**کەتەلۆگ و دروشمی تیپی حەقی شبلی**

بارەوە گەواهیمان بۆ دەدات:

" لە **١٩٢٩** هاتوومەتە كوردستان، سێ ڕۆژم پێ چوو. هەر ڕۆژێكیش شانۆییەكم نیشاندا و هەر خۆشم دەوری سەرەكیم دەبینی و دەرهێنەر بووم. ناوی تیپەكەمان مدرسە التفیض الاهلیە بوو كە لە **١٩٢٤** لە بەغدا دامەزرابوو. لە هەر دوو جاری هاتنمان سەلاحەدینی ئەییووبیمان پێشكەش كرد"[١٥]. هەندێ سەرچاوەی دیكەش دەڵێن: سێ شانۆگەرییان لە هەولێر و لە سلێمانی پێشكەش كردووە. لە هەولێر لەسەر چایخانەی معەللەقی ناو بازاڕی دارتاشان و لە سلێمانی بەرامبەر بەردەركی سەرا كە ئەوسا باخچە بوو. شانۆگەرییەكان ئەمانە بوون: سەلاحەددینی ئەییووبی، نووسینی: شیخ نجیب حداد؛ في سبیل التاج، نووسینی فرانسوا كۆربیە و وەرگێڕانی حلیم دموس؛ سوڵتان عەبدولحەمید نووسینی: وداد عرقی[١٦].

٤- لە **٢٤**ی شوباتی **١٩٢٦**، (كۆمەڵەی زانستی كوردان) لە سلێمانی دامەزرا؛ پاشانیش، لەوانەیە هەر لەژێر كاریگەرێتیی تیپەكەی حقي الشبلي دا، لەناو ئەو كۆمەڵەیەدا تیپێكی شانۆیی سەر بە (قوتابخانەی زانستی) دامەزرابێت، كە دەبێتە دووەم تیپی شانۆیی لە كوردستانی عیراقدا. ئنجا چەندین شانۆگەری بە ناوی ئەو تیپەوە پێشكەش دەكەن.

جگە لەمانەش، لە دەوروبەری ساڵی **١٩٢٣**دا، تیپێكی شانۆیی میسری، بە سەرپەرشتیی بشارة واكیم ، لە سلێمانی و شارەكانی دیكەی كوردستاندا نواندنی پێشكەش كردووە[١٧] ئەمە جگە لە كۆمپانیایەكی دیكەی بیانی – لەوانەیە كۆمپانیایەكی ئینگلیزەكان بێت – كە لە سلێمانی لە ساڵی **١٩٢٧**دا نواندنی شانۆیی پێشكەش كردووە؛ دڵی خەڵك و ڕۆژنامەنووس و هونەرمەندانی تازە پێگەیشتووی شانۆی كوردی خۆش كردووە. با لە مانشێتی ڕۆژنامەی (ژیان) ورد بینەوە، كە چەند بەگەرمییەوە پێشوازی لەم هونەرە و لەم تیپە شانۆییە بیانییە دەكات:

تیاترۆ! لەمەودووا تیاترۆیشمان ئەبێ!

قۆمپانیایەكی قەومێك كە چەند ڕۆژێ لەمەوپێش هاتبوون و ئیشیان ئەكرد، تەشەبوسیان بە جەلب و هێنانی تاقمێكی تیاترۆ كرد. ئێستا تاقمی تیاترۆیان هێناوە و موساعەدەیان ئیستیحساڵ كردووە كە یاری بكەن. مەملەكەت لەم موئەسەسانە خاڵی نابێ! و خەڵقی لەپاش



**(لاوانی كورد) لە بەغدا ١٩٢٥/٣/٨**
**كە لە هەولێریش لقیان هەبوو**

ئیش و کار و مەتاعیبی یەومییە بۆ تەتبیعی دەماغ و ئیسراحەتی نەفس بەم تەحرە شتانە لزووم و ئیحتیاجییەک حیس ئەکا(١٨).

بەم شێوەیە، پێدەچێ، هەموو ئەم کاریگەرییە میسری و عەرەبی - عیراقی و ئینگلیزییە جۆراوجۆرە تازانە، بەهۆی ئەو ئەتمۆسفێرە کولتوورییە شارستانییە نوێیەی کە تازە بۆ کورد خولقابوو، رۆڵیان هەبووبێ بەسەر نەشونمای شانۆگەری لە کوردستانی عیراقدا.

کەناڵی سێیەم: ناساندنی ئەم هونەرە بە جەماوەر، واتە دروستکردنی رەخنەی شانۆیی و رۆشنبیرییەکی شانۆیی لەلایەن رۆژنامەنووس و رۆشنبیرانەوە.

دوا بە دوای ئەوەی کە لە ساڵی ١٩٢٩دا، شانۆگەریی (وێنەتی) لە شاری هەولێر، لەلایەن قوتابیانی سانەویی هەولێر پێشکەش دەکرێت، رووناکبیرێکی گەنجی ئەورووپادیدەی ئەو سات، حوسێن حوزنی موکریانی، لە گۆڤاری (زاری کرمانجی) لە ژمارە ١٦دا، لە ٧ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٢٩دا باسێک لەو شانۆگەرییە دەکات و بایەخی شانۆ بۆ خەڵک روون دەکاتەوە.

بەڵام پێش ئەویش، لە ساڵی ١٩٢٧دا، روناکبیرێکی گەنجی ئەورووپادیدەی تر، پیرەمێرد، گەرماوگەرم و زۆر شێلگیرانەتر، پێش هەموو نووسەرێکی دیکە، دەست دەداتە پێنووس و رەگەزی شانۆنامە (پیەس و تەمسیل، یان درام) بە خوێنەرانی کورد دەناسێنی و بایەخی شانۆنامە بۆ کوردان روون دەکاتەوە. پیرەمێرد لە نووسینەکانی خۆیدا هەستی رەخنەیی بەرامبەر شانۆ بڵاودەکاتەوە، دەیەوێ کورد رۆشنبیرییەکی شانۆیی پەیدا بکەن و لە شانۆ تێبگەن. دەڵێ:

"فەننی تەمسیل، لە هەموو جێگایەکدا رەغبەتێکی تەواو و ئیمتیازێکی موناسیبی دراوەتێ.

حەتتا ئەوانەی کە لەم فەننە بەقیمەتەدا دەستدرێژی و ئیختیساسیان پەیداکردووە، بە کەماڵی ئیحتیرامەوە یاد و تەقدیر کراون. زیرا ئەم فەننە، بەسەر ئەخلاقی میللەت، عاداتی مەملەکەت، ئەطوار و ئەفکاری ئینساندا تەئسیرێکی باش ئیجرا دەکات"(١٩).

پیرەمێرد، لە هەمان کاتدا، یەکەم رەخنەی شانۆیی، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا، بە زمانی کوردی دەنووسێت. بڕوانە رۆژنامەی (ژیان) ژمارەی رۆژی سێ شەممەی ٢ی ئاغستوسی ١٩٢٧، کە وتارێکی رەخنەییە، تێیدا رەخنەی لە شانۆگەریی (نیرۆن) گرتووە کە لە شاری سلێمانی لەلایەن تیپی قوتابخانەی زانستییەوە لە رۆژانی ٢٧ و ٢٨ی مانگی تەمموزی ١٩٢٧دا پێشکەش کراوە.

جگە لەوەش، نابێ رۆڵی هەندێ منەوەری دیکەی وەک حسێن نازم، عبدالواحید نووری، مستەفا سائیب، دانیال قصاب، عبدالمجید حسن، شێخ سەلام، مەحموود جەودەت، شێخ نووری شێخ ساڵح، فوئاد رەشید بەکر، یەحیا ئەفەندی رەسسام و هیی دیکە فەرامۆش بکرێت کە لە ساڵانی ١٩٢٠دا هانی پێشکەوتنی ئەم هونەرەیان داوە و رۆشنبیرییەکی شانۆییان بڵاوکردۆتەوە؛ لەوانە، بۆ نموونە: مستەفا سائیب، کە ئەندامی دامەزرێنی (زانستی) بووە. رابەر و دامەزرێنی شانۆی کوردی لە سلێمانی، فوئاد رەشید بەکر، لە بارەیەوە دەڵێ: (مستەفا سائیب بوو کە ئێمەی خستە سەر کەڵکەڵەی تەمسیل کردن)(٢٠) پیرەمێردیش، بە هەمان شێوە گەواهیمان بۆ دەدات: (تەرتیبی تەمسیل لەم چەند ساڵانە و حیساباتی بلیت و مەساریف، رۆح و سەرمایەی ئیرادیش، هەمووی لەسەر شانی مستەفا سائیب بوو)(٢١)

بەم شێوەیە، وردە وردە، کە دەکەوینە ساڵانی ١٩٣٠، جموجۆڵەکە بەبرەوتر دەبێت؛ تا لە ساڵانی ١٩٤٠ و ١٩٥٠دا، رۆشنبیرییە شانۆییەکە بەناو خەڵکدا بڵاوتر دەبێتەوە، چەند تیپێکی مۆڵەتدراوی رەسمی و تەرخانکراو بۆ شانۆ، لەگەڵ چەند شانۆنامەنووسێکی گەنجی دیکە سەرهەڵدەدەن.

**سەرچاوە:**


١- محەمەد تەیموور: شانۆ لە قوتابخانەکاندا، گ. ئوتۆنۆمی، ژ ٢٠ و ٢١، ١٩٨٤، ل ١٠٥ - ١١٢و ٧٦-٨٠.
٢- احمد فياض المفرجي: الحياة المسرحية في العراق، ص ١٥.
٣- بڕوانە فـایلی ژمـارە ١٢٣ی بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردی هەولێر (ساڵانی ١٩٣٠). هەروەها بڕوانە: محەمەد تەیموور: شـانۆ لە قـوتابخـانەکـاندا، گ. ئوتۆنۆمی، ژ ٢٠ و ٢١، ١٩٨٤، ل ١٠٥ - ١١٢و ٧٦-٨٠.
٤- ئازاد عـبدالواحد: دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح، بەرگی ١، بەشی یەکەم، پێشەکیەکەی.
٥- تاهیر ئەحـمەد حەویزی: شـانۆگەری لە کـوردسـتـاندا، گ. رامان، ژ ٢٧، هەولێر: ١٩٩٩.
٦- مـحـەمـەد تەیموور: دەروازەیەکی رەخنەیی درامـای نوێی کوردی، گۆڤاری کاروان، ژمارە ٦٤، مایسی ١٩٨٨، ل ٦٠ - ٧٠.
٧ - مـحـمـد تەیموور: وتارێک، گـۆڤـاری ئوتۆنۆمی ژمـارە ٣ ی سـاڵی ١٩٨٤. هەروەها: مـحەمـەد تەیموور: المسـرح الكردي مسارة التاريخي، جريدة العراق، ٢٨ /٨ / ١٩٨٠
٨- مـەغـدید حاجی: ئافرەت لە شـانۆی کـوردیدا، چاپخـانەی الجاحظ، بەغدا: ١٩٨٩.
٩- یاسین قـادر بەرزنجی: چاوپێکەوتنێک لەگـەڵ فـوئاد رەشـید بەکر، رۆژنامەی العراق، بەغدا: ١٢ی ٧ی ١٩٨٦
١٠- مـحـەمـەد تەیموور: دەروازەیەکی رەخنەیی درامـای نوێی کوردی، گ. کاروان، ژ ٦٨، ل ٧٣.
١١- رۆژنـامـــەی ژیـان، ژمـــارە(٤٦٢)، ١٩٣٥/١٢/١٤، ل ٦٩.
١٢- احمد فـياض المفرجي: الحـياة المسرحيـة في العـراق، ص ١٥.
١٣- محەمەد تەیموور: دەربارەی دراما و رەخنە، گۆڤاری کاروان ژ ٤١، ١٩٨٦، ل ٦٧
١٤- احمد فـياض المفرجي: الحـياة المسرحيـة في العـراق، ص ١٨.
١٥- مـحـەمـەد تەیموور: دەروازەیەکی رەخنەیی درامـای نوێی کوردی، گۆڤاری کاروان، ژمارە ٦٤، مایسی ١٩٨٨، ل ٦٠ - ٧٠؛ هەروەها: مـــحـــەمـــەد تەیموور: دەربارەی درامـــا و رەخنە،گۆڤاری کاروان ژ ٤١، ١٩٨٦، ل ٦٧ .
١٦- محەمەد تەیموور: شانۆ لە قوتابخانەکاندا، گ. ئوتۆنۆمی، ژ ٢٠ و ٢١، ١٩٨٤، ل ١٠٥ - ١١٢و ٧٦-٨٠.
١٧- ئەحـمـەد دەنگ گـەورە: مـێـژووی شـانۆگـەریی کـوردی، رۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (١١٦)، ١٩٧٢، ل ٦.
١٨- رۆژنامـەی (ژیان)، ژمـارە (٦٢)، سلێـمـانی: ١٩٢٧، ل٣.
١٩- پیـرەمـێـرد: رۆژنامـەی ژیـان، رۆژی سێ شـەممە، ٢ی ئاغستۆسی ١٩٢٧.
٢٠- کەمـال رەئووف محەممەد: مستەفا سائیب ئەستێرە گەشەی کورد، دەزگای سەردەم، سلێمانی: ١٩٩٨، ل ١٩.
٢١- رۆژنامەی ژیان، س ١٩٣٦. لە مـامۆسـتـا کـەمـال رەئووف مـحـەمـەد وەرگیـراوە، لەو کـتێـبەی لەبارەی مسـتـەفـا سـائیب نووسـیـویەتی، بڵاوکـراوەی دەزگـای سـەردەم لە سلێـمـانی: ١٩٩٨.

# کرۆنۆلۆژیای شانۆی کوردی
# ١٩١٩-١٩٥٧



قەنتەرەیەکی هەولێر (١٩١٩)

# بەشی شەشەم

**١٩٠٥:** یەکەم شانۆگەری لە کوردستانی عیراقدا، لە هەولێر، بە ناونیشانی(میری دیل) پێشکەش کراوە. نعوم فتح الله سحار لە فەرەنسییەوە تەرجەمەی کردبوو. ڕەنگە بە زمانی عەرەبی بووبێت.

**١٩١٠ – ١٩١٢:** میهرەجانەکانی شاری سلێمانی، کە نواندنی میللی شانۆییشیان کردووە.

**١٩١٩:** بڵاوبوونەوەی یەکەم شانۆنامە بە زمانی کوردی (مەمێ ئالان) بە پێنووسی عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری: گۆڤاری ژین، ژ ١٥ و ١٦، لە ئەستەمبۆڵ، ساڵی ١٩١٩.ع. ڕەحمی هەکاری بۆ یەکەم جار کۆمەڵێک زاراوەی شانۆیی داهێناوە، لەوانە: پیەس Piece، تیاترۆ Theatre، پەردە، ئەسەر (بەرهەم)، ئەشخاص (کەسایەتییەکان)، مەجلیس(دیمەن).

**١٩٢٠:** دامەزراندنی" لیژنەی فەن و تەمسیل" لە قوتابخانەی ئەربیل ئوولای هەولێر، کە یەکەم لیژنەی نواندنی شانۆییە لە کوردستاندا.

– لە بیستەکاندا لە گەڕەکێکی شاری هەڵەبجە جێگای تایبەتی بۆ پیشاندانی شانۆگەری هەبووە.

**پاییزی ١٩٢١:** پیشاندانێکی خۆماڵیی شانۆی کوردیی "مەکتەبەکان" لە کوردستانی عیراقدا، بە ناونیشانی سەلاحەددینی ئەییووبی، لەلایەن (لیژنەی فەن و تەمسیل لە قوتابخانەی ئەربیل ئوولای هەولێر) پێشکەش کراوە. ئەوسا قوتابخانەکە لە بەرامبەر مزگەوتی خانەقا بوو، دەرگاکەی دەیڕوانییە چایخانەی عەبۆ. مامۆستاکانی ئەو کاتەی: مودەریسی ئاینی و حەمدی نادر و ساڵح بۆڵشەوی و مەحموود نەدیم و ئەحمەد ناجی ئەفەندی بوو کە لە ساڵی ١٩١٩ەوە لە زاخۆوە هاتبووە هەولێر و دەرچووی دارالمعلمینی ئیبتیدائی بوو. بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک پێشکەش کراوە. ئەکتەرەکان: عەبدوڵڵا عەزیز کارگەچی، غەریب سەلیم، حسامەددین یەحیا، عەبدولموتەلیب سەید جەمیل، عەلی ئەدیب. خەڵکێکی زۆر لە کاسبکاران و قوتابیان و پیاوماقوڵان و هونەردۆستان ئامادە ببوون. ئێوارەی یەکەم شەربەت دابەشکرایە سەر بینەران. دانیال قصاب دەریهێنابوو، هەر خۆیشی جلوبەرگ و ماکیاژی بۆ کردبوو.

ئەم شانۆگەرییە، کە لە نووسینی نەجیب حەدداد بوو، لە



**دیمەنێک لە شانۆگەریی**
**سەڵاحەدینی ئەییووبی**
**(ئەحمەد حەسەن خۆشناو) ڕۆڵی شاژن دەبینێ**
**یەکەم ئەکتەر لە هەولێر کە دەوری (ژن) دەبینێ**

پێنج پەردەی پەخشان و شیعری پێکهاتبوو، لە شانۆگەریی Le Talisman ی والتەر سکووتی نووسەری ئۆسکۆتلەندی وەرگیرابوو. عبدالمجید حسن دەوری سەلاحەدینی دیوە. ئەحمەد خواجە دەڵێ: "کۆمەڵەی لاوانی کورد "کە لە هەولێر لە ١٩٢١ دامەزرابوو، لە هەولێر سەلاحەدینیان پێشکەش کردووە. عبدالله عزیز کارگەچی و احمد فەخری سامی و عبدالله سامی ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیە بوون و بەشدارییان لەو شانۆگەرییەدا کردووە. بڵاوکراوەیەکی دەسنووسی رەخنەیی توندوتیژیان هەبوو". عبدالخالق قطب و محمد محمود قودسی و تاهیر سادق و مستەفا خۆشناو و خیرالله عبدالکریم و سەید نظیف کۆیی ئەندامانی دیکەی ئەم کۆمەڵەیە بوون.

- شانۆگەرییەکی دیکەش لە هەولێر لە پایزی ١٩٢١دا پێشکەشکراوە، دەقەکەی لەلای محمد تەیموور پارێزراوە.

**١٩٢٢:** شانۆگەریی (قەراڵیچە)، کۆمەڵە گەنجێک لە شاری هەولێر پێشکەشیان کردووە.

- احمد حمدی صاحبقران: تێکستێکی کورتی درامی "محاوەرەیەکی ئیقتیسادی" لە رۆژنامەی (پێشکەوتن)دا.

**١٩٢٣:** یەکەم شانۆگەری لە سلێمانی، شانۆگەریی (عیلم و جەهل) لە ئامادەکردنی فوئاد رەشید بەکر، کۆمەڵە لاوێک پیشانیان داوە.

- شانۆگەریی جوولەکەی کۆڵگێڕ، نووسینی شێخ سەلام، کۆمەڵە لاوێک لە سلێمانی پیشانیان داوە.

- تیپێکی شانۆیی میسری، بە سەرپەرشتیی بشارة واکیم، لە سلێمانی و شارەکانی دیکەی کوردستاندا نواندنی پێشکەش کردووە.

**١٩٢٦:** کۆمەڵەی زانستی کوردان لە ٢٤ی شوباتی ١٩٢٦، پاشان تیپی شانۆی قوتابخانەی زانستی لە سلێمانی دامەزرا.

**١٩٢٦/٧/٢٧:** شانۆگەرییەک بە ناوی جووتە برا (عیلم و جەهل لولا المحامي)، لە نووسینی تقي الدين اللبناني، لە هاوینی ١٩٢٦دا، لە سلێمانی پیشاندراوە. مەحموود جەودەت دەریهێنابوو. عەبدولواحید نووری و فوئاد رەشید بەکر دەوریان تێدا بینیوە، لەگەڵ جەمال مەجید و



**فوئاد رەشید بەکر**
**یەکەم ئەکتەری پیاو کە**
**لە سلێمانی دەوری (ژن) دەبینێ**

سالح عەلی.

ئەم شانۆگەرییە (عیلم و جەهل) لە ١٩٢٦/٧/٢٧ بۆ ماوەی ٣ ڕۆژ لە ماڵی بەهێ خانی ژنی شێخ مەحموودی نەمر پێشان دراوە.

نرخی بلیت سێ ڕوپیە و پێنج ڕوپیە و دە ڕوپیە بووە. بۆ قوتابی بەخۆڕایی بووە.

- شانۆگەریی (ئاغا و ئاغاژن) لەسەر سەکۆی پاڵ دیوارێک لە قوتابخانەی یەکەمی سلێمانی پێشکەشکراوە. فوئاد ڕەشید بەکر یەکەم کەسە لە سلێمانی، دەوری ئافرەت (ئاغاژن)ی لە شانۆگەریی کوردیدا ببینێت. مامۆستا عەلی ئاغا دەوری ئاغا، یەحیا ئەفەندی ڕەسسامیش دەوری خزمەتکاری هەبووە.
- کاتێ بڕیاردرا خوێندن بە کوردی بخوێنرێ، لە هەولێر ناوی لیجنەی فەن و تەمسیل بووە لیجنەی فنوونی جەمیلە. ئەم لیژنەیە لە کۆتایی بیستەکان و سەرەتای سییەکاندا گەشەی سەند.
- شانۆگەریی دایک، نووسینی شێخ نووری شێخ سالح، قوتابیانی کچانی سلێمانی لە سلێمانی پێشکەشیان کردووە.

**١٩٢٧:** ژمارە ٦٢ی ڕۆژنامەی (ژیان)، لە لاپەڕە ٣دا، لە ساڵی ١٩٢٧، ئاماژە بۆ کۆمپانیایەکی بیانی دەکات (لەوانەیە کۆمپانیایەکی شانۆیی ئینگلیزەکان بێت) کە لە سلێمانی نواندنی شانۆیی پێشکەش کردووە.

- لە ٢٧ و ٢٨ی تەممووزی ١٩٢٧ شانۆگەریی نیرۆن، لە نووسینی محمد لطفي جمعەی میسری، بە تەرجەمە و ئامادەکردنی فوئاد ڕەشید بەکر لە عەرەبییەوە، لە شاری سلێمانی، لەلایەن تیپی قوتابخانەی زانستییەوە. فوئاد ڕەشید بەکر دەوری قەرالیچەی خێزانی نیرۆنی تێدا دیوە.
- پیرەمێرد، لە ڕۆژنامەی (ژیان) ژمارەی ڕۆژی سێ شەممە، لە ٢ی ئاغستوسی ١٩٢٧، یەکەم ڕەخنەی شانۆیی، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا، بە زمانی کوردی دەنووسێت. پیرەمێرد، پێش هەموو نووسەرێکی کوردی دیکە، لە ڕۆژنامەی (ژیان)دا، ڕەگەزی شانۆنامە (پیەس و تەمسیل، یان درام) بە خوێنەرانی کورد دەناسێنی.

**ڕۆژنامەی (ژیان) لە ژمارە ٢٦، لە ١٩٢٦/٧/٢٩دا لە بارەی پێشکەشکردنی شانۆگەرییەکەوە دەنووسێ:**

**لە تەرەف تەڵەبەکانی مەکتەبەوە بۆ مەنفەعەتی کەشخانە، شەوی سێ شەممەی رابردوو، لە بینای مەکتەبدا، لە ژێر عینوانی (نەتیجەی سەفاهەت و سەعی) ریوایەتێک تەمسیل کرا. لەگەڵ ئەمەی کە ئەوەڵین جاریان بوو، حەقیقەتەن زۆر جوان تەمسیل کرا. مەزهەری تەقدیر و تەحسینی هەموو لایەک بوو...**

- حسێن نازم لە ژیانی ژمارە ٧٦ی ١٢ی ئاغستۆسی ١٩٢٧دا دووەم وتاری رەخنەی شانۆیی بڵاودەکاتەوە. لە شانۆی نیرۆن دەدوێ کە لە نووسینی محمد لطفی جمعەی میسرییە و لە ئێوارەی ٢٧ی تەمموزی ١٩٢٧ لەلایەن کۆمەڵەی زانستییەوە لە سلێمانی پیشاندراوە.
- لە هاوینی ١٩٢٧: پیشاندانی شانۆنامەی یۆلیۆس قەیسەر، نووسینی شەکسپیر، لەلایەن قوتابیانی زانستییەوە.
- ئەکتەر، فوئاد رەشید بەکر دەڵێ: لە سلێمانی، لە هاوینی ١٩٢٧، شانۆی (لولا المحامي - عیلم و جەهل) مان پێشکەش کرد کە دیکۆرمان نەبوو، لە نووسینی سعید تقي الدين اللبناني بوو. نەماندەزانی دەقەکە چۆن پێشکەش بکەین.

**١٩٢٨:**

- پیشاندانی شانۆگەریی قەلەن (شیربایی) لە شاری تفلیس (لە گورجستانی یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو)، لەلایەن کۆمەڵێک گەنجی کوردەوە پێشکەش کراوە.
- پیشاندانی شانۆنامەی شۆڕشی فەرەنسا لەلایەن قوتابیانی زانستییەوە لە سابوونکەران. فایەق بێکەس و ئەلیف بێ هەوری ئەکتەر بوون.
- شانۆگەریی بەدرەوشتی؛ ئامادەکار: فوئاد رەشید بەکر، لە هەولێر (زاری کرمانجی باسی دەکا).
- بڵاوبوونەوەی دیالۆگێکی شانۆیی، بە زنجیرە، بە ناونیشانی (دەردی دەروون) لە گۆڤاری (زاری کرمانجی) ساڵی ١٩٢٨، ژ ٧ و ٨ و ١١.




**١٩٢٩:**

- تیپی نواندنی(مەکتەبی تفیضی ئەهلی)، بە سەرپەرشتیی حقي الشبلي، کە لە بەغدا لە ١٩٢٤ دامەزرابوو، لە هاوینی ١٩٢٩ هاتوونەتە هەولێر و سلێمانی ؛ سێ شانۆگەرییان لە هەولێر پێشکەش کردووە. لە هەولێر لەسەر چاپخانەی معەللەقی ناوبازاڕی دارتاشان، لە سلێمانی بەرامبەر بەردەرکی سەرا کە ئەوسا باخچە بوو. شانۆگەرییەکان: سەلاحەددینی ئەیووبی، ئامادەکردنی: شیخ نجیب حداد بوو؛ دووەمیشیان في سبيل التاج، نووسینی فرانسوا کۆرپیە و وەرگێڕانی حلیم دموس؛ سێیەمیشیان: سوڵتان

عەبدولحەمید، نووسینی: وداد عرقی. حەقی شبلی گوتوویەتی: "لە ۱۹۲۹ هاتوومەتە کوردستان، سێ رۆژم پێ چوو. هەر رۆژێکیش شانۆییەکم نیشاندا. هەر خۆشم دەوری سەرەکیم دەبینی و دەرهێنەر بووم. لە هەر دوو جاری هاتنماندا سەلاحەدینی ئەییووبیمان پێشکەش کرد".

- شانۆیی (وێنەتی) لە شاری هەولێر، قوتابییانی سانەویی هەولێر پێشکەشیان کردووە. حوسێن حوزنی موکریانی لە گۆڤاری (زاری کرمانجی) ژمارە ١٦، لە ٧ی کانوونی دووەمی ۱۹۲۹ باسی کردووە.

**سەرەتای سالانی ١٩٣٠:**

- کۆمەڵەی گەنجانی کورد لە پاریس شانۆگەریی مەم و زینیان پێشکەش کردووە. بە رای ئەحمەد خواجە.
- لە مانگی مارتی ۱۹۳۰، فوئاد رەشید بەکر، لە سلێمانی، کورتە نمایشێکی نیشانداوە بە ناوی (مامۆستای کۆن).
- لە مانگی مارتی ۱۹۳۰، شانۆی کوردیی "مەکتەبەکان" بە ناونیشانی سەلاحەددینی ئەییووبی، بۆ جاری دووەم، لەلایەن (لیژنەی فەن و تەمسیل لە قوتابخانەی ئەربیل ئوولای هەولێر)، لە دەرهێنانی مامۆستا عەبدولمەجید حەسەن دووبارە کراوەتەوە. وێنەیەکی ئەم شانۆیە لایەن بدرخان السندي لە رۆژنامەی عیراق دا بڵاوکراوەتەوە. ئەکتەرەکان: مستەفا بەهجەت، بەکۆس تۆما (دەوری ئافرەت)، مەتتا زەکۆ، عەبدولمەجید حەسەن (دەرهێنەر) و دەوری سەلاحەددین، جەمیل، ئەحمەد فەخری سامی، سەرکیس تۆما (دەوری ئافرەت)، مەعرووف عەبدوڵلا، سلێمان مەولوود، وەهبی ئاگووب (دەوری ئافرەت)، ئیسحاق، ئیسماعیل ئەمین، یووسف یەحیا، نیسان داود. بۆ ماوەی چەند رۆژێک پێشکەش کراوە. ئەم شانۆگەرییە، کە لە نووسینی نەجیب حەدداد بووە، لە پێنج پەردەی پەخشان و شیعری پێکهاتبوو، لە شانۆگەریی Le Talisman ی والتەر سکووتی نووسەری ئۆسکۆتلەندی وەرگیرابوو. ئەکتەر، فوئاد رەشید بەکر بەشداریی لە سەلاحەدینی ئەییووبی کردووە. دانیال قصاب جلوبەرگ و ماکیاژی بۆ کردبوو.
- لە ۱۹۳۰/۳/۲۰، قوتابخانەی زانستیی کچان، لە سلێمانی، بە سەرپەرشتیی بەرێوەبەر و خانمانی



**قوتابییانی پۆلی شەشەمی**
**قوتابخانەی نموونەییی سەعادەت**
**لە سلێمانی ۱۹۲۱**
**کە رۆڵیان هەبوو لە داهاتووی شانۆی کوردیدا**

قـوتابخـانەكـە، بۆ مـاوەی دوو ڕۆژ ئاهەنگێكی بۆ ئافرەتانی سلێمانی سازدەكات؛ شانۆگەریی (ئەوەی ئەیچێنی ئەوە ئەدروویتەوە) پێشكەش دەكات. فوئاد ڕەشید بەكر یارمەتیی بەڕێوەبردنی دابوو. لەم شانۆگەرییەدا، بۆ یەكەمین جار لە مێژوودا، ئافرەتی كورد دەچێتە سەر شانۆ: خاتوو بەهیجە محي الدين دەوری (دایک) دەبینێ، هەروەها خاتوو شەفیقە سەعید دەوری پزیشک دەبینێ.

لە هەمان ڕۆژدا، شانۆگەرییەكی شیعری بە ناونیشانی (دایكێكی جاهیل كە خشخاشی داوە بە منالەكەی) كە شێخ نووری شێخ ساڵح ئامادەی كردبوو، لەلایەن هەمان قـوتابخـانەی كـچـانەوە پێشكەش دەكرێت، چەند ئافرەتێک دەوری تێدا دەبینن: نەزیهە طالب، حەفصە عرفان، بەدریە خان. ڕۆژنامەی ژیان ژمارە(٢٣٣) لە نیسانی ١٩٣٠، هەروەها لە ٢٧ی مارتی ١٩٣٠دا باسی كردوون.

- حسێن نازم لە ڕۆژنامەی (ژیان) لە ژمارە ٢٣٢ و ٢٣٣ی ساڵی ١٩٣٠ لە بینینێكی ڕەخنەییدا بە ناونیشانی (حفله و تەمثيلی مەكتەبی كچان) خاڵەكانی پرۆگرامی خۆپێشاندانێكی شانۆیی قوتابخانەی زانستیی كچان بڵاودەكاتەوە و ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە بینەران تەنیا ئافرەت بوونە و دوو ڕۆژی پێ چووە.

**١٩٣١:**

- شانۆگەریی (فارس)ی تاهیر سادق لە ڕواندوز.
- شانۆگەریی (كچی كوردستان) لە بەهاری ١٩٣١ لە كۆیە نیشان دراوە. بیرۆكەی خیرالله عبدالكريم بووە، عبدالخالق قطب دەری هێناوە، هەر خۆیشیان دەوریان تێدا بینیوە. عبدالله سامی دەوری لاوی كوردی تیا بینیوە. ئەحمەد مستەفا فەقێ دەروێش كراوەتە كچی كوردستان و دەوری پیرۆزی دیوە. لەبارەی شانۆگەریی (كچی كوردستان) لە كۆیە، تاهیر ئەحمەد حەوێزی، دەڵێ:

لە بەهاری (١٩٣١) (عەبدولخالق ئەفەندی قوتب) بەڕێوەبەری قوتابخانە بەتەمای تەمسیلی (كچی كوردستان) بوو، عەبدوڵڵا ئەفەندی سامی وەری گێڕا بوو، لەگەڵ دكتۆر سەڵاحەددین ڕێكی خستبوو. كە دەچوونە سەیرانی (ئۆمەر خوچان) لەوێ مەشقی پێ

**لە ساڵی ١٩٣٠ لە سلێمانی لە (باخی میللی)ی حەوشەی سەرا چەند تەمسیلێک پێشكەشكراون: (فی سبيل التاج)، (سەلاحەدین)، (مەدحەت پاشا)، (مەلیكی فەرەنسا).**

أ. م. ساڵحه ڕەشه، سلێمانی، ب٢، ل ٤٢١



**فاتیمە محێدین**
**بەڕێوەبەری یەكەم قوتابخانەی كچانی سلێمانی كە ڕۆڵی هەبووە لە جموجۆڵی شانۆیی لە ١٩٢٧ بەم لاوە**

دەكردن. لەگەڵ دكتۆر سەلاحەددین كە خەڵكی شامیّ بوو چوار میّزی بڵندیان بە وەستا عومەری نەجارِ دروست كرد، تا ساڵانی(١٩٦٠)یش هەر مابوون، لە هەیوانی سەرەوە لێكیان دان ، بە پەردە دەوریان گیرا. مامۆستا جەلال حەویّز پەردەیەكی دیمەنی كوردستانی وێنە كێشابوو لەناو شانۆكە هەڵیان واسیبوو، رووی كچێكی جوانیان بۆ (ئەحمەد مستەفا) دروست كرد، ناویان لێنا (پیرۆز) كە كچی كوردستان بوو. وتیان: پیرۆزخان ژنی حەمەد مستەفا ئاغا لەم ناوە تووڕە ببوو، وتبووی: «ناو نەما بوو، ئەو ناوە نەبیّ؟». عومەر عەبدوڵلا (ئیسماعیل، دەستگیرانی پیرۆز بوو). (فاتح ئەفەندی مستەفا) مولەقین بوو، (عەبدوڵلا فەتحوڵلا) بابی پیرۆز بوو، (خەیروڵلا عەبدوڵلای موعەلیم) دەوری هەزەلی دەنواند، عەبدولصەمەد حاجی تەها سەرۆكی ئەشقیایان بوو، ئەحمەدی حەمە مەلاش بەشدار بوو، جەلال ئەفەندی حەویّز ئاغا مەئموری مەركەز بوو. ئێمە: من، فازیڵ عەبدولفەتاح ئاغا، نامیق عەبدوڵلا ئاغا بابەكە تاقمی سروود بووین، بە جل و بەرگی كەشافەوە. مامۆستا جەلال حەویّز بە عودەكەی سروودی پیّ دەوتین. سیّ شەوان ئیشی كرد، نەمزانی و لە بیرم نەماوە بانگ كردن بە پارە بووە یان بە خۆڕایی؟ تاقمی مەلایان وەك: مامۆستا مەلا تۆفیق، مەلا بەهائەددین، مەلا صادق، لە ریزی پێشەوە لەگەڵ جەمیل ئاغا دانیشتبوون، عەبدولخالیق ئەفەندیش لە سەرێكی ریزی پێشەوە دانیشتبوو: «وتیان كە پیرۆز كچی كوردستان بەدەردەكەوت، هەندیّ مەلا سەری خۆیان دادەخست، واتێدەگەیشتن، ئافرەتی بە راستییە!». مامۆستا زەكی ئەحمەد خولەی خوێنرێژ بوو، نواندنەكە سەركەوتنێكی باشی هێنا، ئەوسا عادەت نەبوو، بۆ ژنان تەمسیل بكریّ وەیا دەعوەت بكرێن. داوایان كرد تەمسیلی كچی كوردستان لە هەولێریش بكرێت، قوتابیە كۆییەكان كە لە ناوەندی هەولێر دەیانخوێند، وەك: رۆستەم، محەمەد فەخری، جەلال بەگ، سەمەد محەمەد، محەمەد فەقیّ خدر، بەڵام نەیانهێشت و ناردیان تیپەكەیان لە كۆیە هێنا، (ئامر مەوقیع) نەیهێشت بەناوی كچی كوردستان نمایش بكرێت، بەڵام (سەعید قەزاز) كە بەرێوەبەری تەحریرات بوو، ناوەكەی كردە (كچی عێراق) هەر بۆ ئەوەی تەمسیلەكە بكرێت، سەید (نظیف)یان كردە كچەكە، جلێكی ژنە هەركییان لەبەر كرد بوو، زۆر جوان دەرچوو بوو. عومەر عەبدوڵلا لە هەولێر

**خەیاڵ و عەشقی تیاترۆ فایەقی كردووە پەرێشان، مەراق و دەردی كەم بوو، ئەویشی هاتە سەرشان، نازانم هەوڵی چی دەم، هەوڵی قووت و ئیدارە یاخود بۆ پارەی تیاترۆ بكەومە ساختەلێدان، بەرۆژ شان و قۆڵ ئەكوتین، سا هەرچیمان دەست كەویّ شەویّ تەسلیم بە (نۆبار) ئەكریّ و ئەیخاتە گیرفانی، كاریّ ئەم تیاترۆیە كردی بەم ئەهلی شارە با بە دەواری شڕی ناكا، ئەبەد درەفیقان .**

فایەق بێكەس ساڵی ١٩٢٧

ناوی دەرکردبوو، تەمسیلەکە زۆر بە باشی دەنگی داوە، (سەعید بەهجەت) بەڕێوەبەری ناوەندی بوو.

– لە ١٩٣١ شانۆگەریی ژنهێنانی کوردەواری، لە نووسین و دەرهێنانی فوئاد رەشید بەکر، لەلایەن خوێندکارە کوردەکانی خانەی مامۆستایان لە بەغدا پێشکەشکراوە.

– لە ١٥/ ١٠/ ١٩٣١ لە رواندوز شانۆگەریی نیرۆن پیشاندراوە. کۆمیدیایەکی نۆ پەردە بووە، لەبارەی قومار و دەردە کۆمەلایەتییەکان بووە. دوو رۆژ پرۆڤەیان کردووە. دوو رۆژ بۆ پیاوان، رۆژێک بۆ ژنان بووە. بەڕێوەبەری مەکتەبەکەی رواندوز فوئاد رەشید بەکر بووە، شانۆگەریی نیرۆنی دەرهێناوە، دەوری نیرۆنی بینیوە، دیکۆر و جلوبەرگ و ماکیاژیش خۆی کردوویەتی. سێزدە ئەکتەر دەوریان بینیوە. فوئاد دەوری نیرۆن. ئەکتەرەکانی تر: جەواد رەسوول ناجی (یازدە سالان بووە، دەوری تەمبوورژەن، عەبایەکی سووری لەبەر بووە و قلنجێکی پێ بووە و تاجێکی لەسەر بووە. قلنجەکەی لە لانێوچەوانی خۆی داوە و نەزیف بووە، هەر بەردەوامیش بووە لە نواندن)، عیززەت حسێن ئەحمەد ئەفەندی(دەوری کچە سەماکەری چینی)، تاهیر سادق (رۆلی حەمبال)، یووسف نەسرەت (قومارچی)، نووری سەید عەزیز، نەشئەت شەوکەت، ئیبراهیم حاجی حسێن. ئامانج لەم شانۆگەرییە: کۆکردنەوەی پارە بووە بۆ کڕینی پێداویستییە وەرزشییەکانی قوتابخانە و چالاکییەکانی دیکەی. بە سەرپەرشتیی نائیبی رواندوزی ئەو کات، ئیسماعیل بەگ بووە. ئەو کات قایمقامی رواندوز رەزا بەگ بووە، ئەمری کردووە کە هەموو خەلکی رواندوز بێن ئەم شانۆنامەیە ببینن. ئەکتەر، فوئاد رەشید بەکر دەلێ: "نووکی شمشێرەکەی نیرۆن بە ئاستەم بەر سەری جەواد رەسوول ناجی کەوتبوو لە رواندوز لە کاتی تەمسیلکردندا. لە مالی سمایل بەگی ئاغای رواندوز هێنابوومان. سمایل بەگ و رەزا بەگ و حوسێن حوزنی موکریانی هاتن بینییان. نیرۆن لە ١٩٣١/١٠/١٥ نیشاندراوە. وێنەیەکی ئەکتەرەکانی ئەم شانۆگەرییە لە ئەرشیفی محەمەد تەیموور هەیە کە حوسێن حوزنی موکریانیش لەگەلیان وەستاوە.



شانۆگەریی سەلاحەددینی ئەییووبی
بۆ دووەم جار لە هەولێر لە ئاداری ١٩٣٠

**:١٩٣٢**

– پیرەمێرد شانۆنامەی مەم و زین (کە دەبێتە دووەم شانۆنامە لە ئەدەبی کوردیدا) لە ١٩٣٢ بە زنجیرە لە

ژیان دا بلاو دەکاتەوە. پاشان لە **١٩٣٥**دا دەخرێتە سەر شانۆ.

- شانۆی کچی کوردستان لە کۆیە بۆ دووەم جار نیشان دراوە. بیرۆکەی خیرالله عبدالکریم بووە و عبدالخالق قطب دەری هێناوە، هەر خۆشیان دەوریان تێدا بینیوە. عبدالله سامی دەوری لاوی کوردی تیا بینیوە.
- شانۆگەریی نیرۆن لە کۆیە، لە حەوشەی قوتابخانەی کۆیە پیشاندراوە. عومەر عەبدوڵڵا دەوری نیرۆنی دیوە. لە هەر دوو شانۆگەرییەکەی کۆیەدا مەلای گەورەی کۆیە ئامادە بووە و پێش دەسپێکردن وتاری خوێندۆتەوە و هانی لاوانی داوە کە بەشداری لە هونەری شانۆدا بکەن.
لەبارەی نیرۆنی کۆیەوە،تاهیر ئەحمەد حەویزی، دەڵێ:

شانۆگەریی (نیرۆن) لە ساڵی (١٩٣٢) لە زەمانی عەبدولخالق ئەفەندی قوتب لە حەوشی مەکتەب تەمسیلەکە کرا، دیسان مێزەکانیان لێکدا بوو، عومەر عەبدوڵڵا نیرۆن بوو، ئاگری لە شاری رۆما بەردا بوو، کەیفی پێ دەهات، سابیر قەمبوور بەدەوری دکتۆر هەستا، کابرایەک زگی دێشا، سابیر نەشتەرگەری کرد، بەگاز لینگە کلاشێکی لە زگی دەرهێنا و بە گازەکەوە نیشانی دانیشتووانی داو وتی: «ئەم کابرایە لەگەڵ یاپراخ قووتی داوە!» لە نەشتەرگەرییەکەی بۆوە و زگی دوورییەوە، ئەوجا دختۆر گازەکەی لەناو زگی نەخۆش لێ بەجێ ما! مامۆستا عەبدوڵڵا عەزیز شتێکی وەک فەنەر دروست کردبوو، مۆمی تێدا داگیرساند بوو. کە تەمسیل کۆتایی دەهات، هەڵی دەخست لە یەکدوو دیودا دەتخوێندەوە (شەو باش) واتە کۆتایی هات و برۆن. پێشتر ئەمە لە سلێمانی کرا بوو، کاک عومەر زۆر بە حەماسەت دەیوت «منم نیرۆن».

- تاهیر ئەحمەد حەویزی، دەڵێ: محەمەد نافیع عەبدولفەتاح ئاغا حەویزی، کە ناوی لە خۆی نابوو (رۆستەم) و ناوی بابی کردبووە (پیرۆت)، لە ساڵی (١٩٣٢) لە (مەکتەبی ثانییە) دەرسی شەوی دەوتەوە و لاتینیشی فێر دەکردن لەگەڵ کشافان چوونە (رانیە) و (سەرکەپکان) و تەمسیلی دکتۆر(فوئاد)یان کرد بوو.
- لە هەولێر، شانۆی کچی کوردستان لە **١٩٣٢** لە ئەربیل ئوولا پرۆڤەی کراوە و لە جێگەی چێشتخانەی بەیانی ئێستای لە تەنیشت گەراجی گوێڕی جاران لە هەولێر




**شانۆگەریی نیرۆن لە رواندز ١٩٣١**

نیشاندراوە. عبدالخالق قطب و سەید نەظیف کۆیی و ئەحمەد ناجی ئەفەندی و حەسەن نعمت الله و رەجەب محەمەد دەوریان تیا بینیوە. رەجەب محەمەد دەوری باوکی پیرۆزی دیوە. سەید نەزیف کە ئامادەکاری شانۆگەرییەکە بووە، دەوری ژنانەی (پیرۆز)ی دیوە. فوئاد رەشید بەکر شانۆگەرییەکەی دیوە.

- تیپی(حەقی و بەشارە) لە زستانی ۱۹۳۲ هاتۆتە هەولێر و سلێمانی. لە هەولێر، لە چاپخانەی عەبۆ ۸ شانۆگەریی نیشان داوە. لە سلێمانیش لە هوتێلی حاجی ئیبراهیم کە پلیتی بە دوو روپیە بووە، ئەم شانۆگەرییانەی پێشکەش کردووە: وحیدة، نووسینی: موسی شابندر؛ الذبائح نووسینی ئەنتوان یوزبک؛ هاملێت؛ یولیۆس قەیسەر؛ تاجر البندقیة؛ عقول فی میزان؛ هارون الرشید، مارون نقاش؛ الهاویة. حقي شبلي گوتوویەتی: لە هاتنەوەی جاری دووەمم بۆ سلێمانی و هەولێر و کەرکوک و مووسڵ لە ۱۹۳۲دا، لەگەڵ تیپی حەقی و بەشارە، کە ژمارەمان ٤٥ کەس بووین، هەشت رۆژ مامەوە و هەشت شانۆیی جیاجیام دەرهێنا و پێشکەش کرد. لە هەر دوو جاری هاتنمان سەلاحەدینی ئەییووبیمان پێشکەش کرد".
- شانۆگەریی مچێل لە رواندوز لە رۆژگاری قایمقام رەزا بەگ دا. کۆمێدی بووە. ئەکتەرەکان: عەبدلوەهاب محەمەد عەلی (پیرەژن)، سەید ئەحمەد گۆنی (بووک)، یووسف نەسرەت (مفەوەزی پۆلیس)، تاهیر سادق، سەید نەزیف (مچیل).

**۱۹۳۳:**

- "دکتۆر فوئاد" لە ۱۹۳۳ لە کۆیە پێشکەشکراوە.
- جەلادەت بەدرخان: بلاوکردنەوەی سێیەم تێکستی شانۆیی بلاوکراوە بە زمانی کوردی، شانۆنامەی هەڤەند، یەک پەردەیی، لە ۱۷ چڤانۆک دیمەن پێکهاتووە، دە کاراکتەر بەشدارییان تێدا کردووە، بە (تەماشا) ناوبراوە، گۆڤاری هاوار، ژمارە ۲۰، دیمەشق ۸ی ایاری ۱۹۳۳.
- ئەبووبەکر هەوری: نووسینی شانۆنامەی دڵداری و پەیمانپەروەری، پاشان لە ۱۹٤۳ لە چاپخانەی معارف لە بەغدا چاپکراوە.

**لە سالانی ۱۹۳۰ - ۱۹۳۱ و ۱۹۳٤ - ۱۹۳٥ چەند کۆمەڵە و تیپێکی تیاترۆی جوراوجۆر هاتوونەتە سلێمانی، چەندین نمایش و ئاهەنگی شانۆییان گێڕاوە.**

أ.م. سالحە رەشە:
سلێمانی، ب۲، ل٤۲۲



**عەبدولمەجید حەسەن شانۆکار و دەرهێنەرێکی سالانی ۱۹۳۰ لە هەولێر**

– له هه‌مـــان ســـاڵی ١٩٣٣دا شـــانۆنامـــه‌ی (دڵداری و په‌یمانپه‌روه‌ری) ده‌خرێته سه‌ر شانۆ، به به‌شداریکردنی: ئه‌لیف بێ هه‌وری، له شـوێنی چاپخانه‌ی حه‌مـه ره‌ق له سلێمانی. حاجی عه‌لی ماستاو ده‌وری میر، حاجی عه‌لی که‌بابچی ده‌وری باوک کوژراو، مه‌حـمـوود ده‌باغ ده‌وری نازه‌نین، ئه‌لیف بێ هه‌وریش ده‌وری شێرۆی دیوه.

– شانۆگه‌ریی به‌زه‌یی تاوانبار (شفقة الشرير) له هه‌ولێر، له قـوتابخـانه‌ی شه‌وان، نزیک ده‌رمـانخـانه‌ی (باکوور)ی ئێسـتـا پیـشـاندراوه. ئه‌کـتـه‌ره‌کـان: دانیـال قـصـاب، عـبـدالقـادر ئه‌حـمـه‌د سامی، شیت مـسـتـه‌فـا، وه‌هبی ئاگووب، به‌شیر مسـته‌فا، یووسف شێخ یه‌حیا، حه‌کیم القاضی.

**١٩٣٤:**

– بازرگـانی ڤینیسی شکسـپیر له قـوتابخـانه‌ی ناوه‌ندیی کوڕانی هه‌ولێر نواندرا محمد نافیع ڕۆسته‌می ته‌رجه‌مه‌ی کردبوو.

– تیـپی "فـاتمه روشـدی" ی مـیـسـری هاتنه هه‌ولێـر و له ئوتێلی مه‌گـه‌ردیچ بۆ مـاوه‌ی دوو سێ ڕۆژ شـانۆی النسـر الصـغـیـر یان پێـشکه‌ش کـرد، کـه له نووسـینی ئه‌دمـۆن ڕۆسـتـا بـوو، ئه‌حـمـه‌د رامی دایڕشـتـبـوو. فـاتمه روشـدی ده‌وری پاڵه‌وانه پیاوه‌که‌ی ده‌بینی.

– پیره‌مێرد شانۆنامـه‌یه‌کی ٢٢ لاپه‌ڕه‌یی له چاپخانه‌ی ژین له سلێمانی به ناونیشـانی مه‌م و زین له‌چاپداوه، که به شیـعـر و په‌خشـانه. ده‌بێـته دووه‌م شانۆنامـه‌ی چاپکراو، له‌دووای ئه‌وه‌ی ع.ر. هه‌کاری له ١٩١٩.

**١٩٣٥:**

–وه‌زیری نادری: شانۆنامه‌ی ره‌ڤا ژنێ، چوار په‌رده، ٢٩ لاپه‌ڕه، یه‌ریڤان – ئه‌رمه‌نستانی سۆڤیه‌ت.

– پیـشـاندانی شـانۆنامـه‌ی شیـرین و خـه‌سره‌و له بینای قوتابخانه‌ی ناوه‌ندی له بازاڕی عه‌سریی ئێستـا. ئه‌لف بێ هه‌وری ده‌وری تێدا دیوه.

– له کـانوونی دووه‌می ١٩٣٥، شـانۆگـه‌ریی (سـه‌ربازی ئازا) نووسـینی نووسـه‌ری عـیـراقی رمـزی القطان له سلێـمـانی، له‌لایه‌ن جـه‌مـعـیـه‌تی زانسـتی یه‌وه، پێـشکه‌شکراوه. دوو ئێـواره به‌رده‌وام بووه. ئه‌کـتـه‌ره‌کـان: شاکیر حه‌کیم، عه‌بدولواحید نووری، نووری شێخ مارف،


**دانیاڵ قه‌صاب**
**دیکۆریست و شانۆکارێکی هه‌ولێر**
**له ساڵانی ١٩٣٠**

جەلال ئەفەندی، رەمزی قەزاز، حامید فەرەج، فەهمی قەفتان (کە دەوری ئافرەتی دیوە) لەگەڵ محەمەد تۆفیق قەفتان. مودیری مەعاریفی سلێمانی، لە ٢٠ی ١ی ١٩٣٥دا بە کیتابێکی رەسمیی ژمارە (٨٩) سوپاسنامەیەکی بە زمانی کوردی، بەم بۆنەیەوە، بۆ عەبدولواحید نووری و هەموو بەشداربووانی دیکەی ئەم شانۆگەرییە ناردووە. وێنەیەکی دەگمەنی بەشداربووانی ئەم شانۆگەرییە، لە ژمارە(١٧)ی پاشکۆی عیراقی حەفتاکاندا لەلایەن مستەفا سالح کەریمەوە، لەگەڵ وتاری (چەند لاپەڕەیەکی پرشنگداری کاروانی شانۆگەریی کوردی) بڵاوکراوەتەوە. پیرەمێرد رەخنەیەکی شانۆیی لەبارەی ئەم شانۆگەرییەوە، بە ناوی (تەمسیل، سەرگورشتە نمایی) نووسیوە لە رۆژنامەی ژیان، ژمارە (٤٢٦)، رۆژی ١٩٣٥/١/١٢بڵاوکراوەتەوە.

- لە ١٩٣٥/١/١٣ شانۆی (سەلاحەددینی ئەییووبی)، بۆ جاری سێیەم، لەلایەن عبدالرحمان شەرەف و دانیال قەصاب لە کۆیە، بۆ ماوەی چەند رۆژێک پێشکەش کراوە. تاهیر ئەحمەد حەوێزی، دەڵێ: شانۆگەری سەلاحەدینی ئەییووبی لە ساڵی (١٩٣٥) لە مەکتەبی ئەوەلی، لە زەمانی بەڕێوەبەری مەکتەب (عەبدولڕەحمان شەرەف) تەمسیل کرا. حەمەرەش (محەمەد حەوێز) دەوری سەلاحەدینی- کە قوتابی ناوەندی هەولێر بوو- وەرگرت: بەڕێوەبەری قوتابخانە تەرجەمەی کردبوو، لە هەیوانی سەرەوە- بنی گونبەت، سەری دارە ڕێ بوو- (غەریب مستەفا) (ریکاردۆس= قلب الأسد) پاشای ئینگلیز بوو، فەتحوڵڵا عەبدوڵڵا (جولیانا) خوشکی پاشا ریکاردۆس بوو، مامۆستا عومەر جەلال حەوێزی پاشای فەرەنسا. پێنج پەردە بوو، رۆستەم هەڵبەستەکانی بۆ دانا بوو: (سەلاحەدین نەبم هەردەم، هەوێنمە ئەگەر بەزۆری تیغ پاسی وڵاتی خۆم نەکەم چیمە؟).

- شەڕی قادسیە: مامۆستا (زەکی ئەحمەد) بەڕێوەبەری مەکتەبی ثانیە لە کۆیە لە زەمانی قائمقام (ئەحمەد سامی دبونی موسڵاوی) تەمسیلی قادسیەی کرد، چەفیە و عەگالی لە سەری قوتابییەکان نابوو، بەناوی شەڕی ئیسلامان بەرانبەر ئێرانییەکان.

- زیوەر لە سەرەتای سییەکاندا بە شیعر لەبارەی "فەننی تەمسیل" و شانۆ دەدوێ. ئەم شیعرە لە کاتی پیشاندانی

**ساڵی ١٩٣٢ - ١٩٣٣ لە کۆیە، لە دووی ئیبتدائی بووم، چیرۆکی تەمسیلی (نیرۆن) لە شاری کۆیە، زۆر بە سەرکەوتوویی پێشکەش کرا».**

رەفیق چالاک
دەسنووسی بیرەوەرییەکانی
بەغدا بەغدا: ١٩٧٢ ل٣



**شانۆگەریی سەربازی ئازا**
**لە سلێمانی**
**١٩٣٥**

سـەلاحـەدیینی ئەیـیـووبی لە كـۆیە لە ١٣/١/١٩٣٥ لە دەرهێنانی عـبـدالرحـمن شـرف هەمـوو رۆژێک لەلایەن هونەرمـەند عـوسـمـان حـەسـەنەوە بەدەنگ بۆ بینەران دەخوێنرایەوە.

– لە جەژنی رەمەزانی (لە مـانگی دووازدەی) ١٩٣٥، مەم و زینی پیرەمێرد خراوەتە سەر شانۆ. ئەم شانۆنامەیە لە جێگای ئوتێلەكەی حاجی ئیبراهیم ئاغای نزیک بەردەركی سـەرا لە شـەوانی جـەژنی رەمـەزان بۆ مـاوەی چوار شـەو پیشاندراوە. جەمعیەتی زانستی سەرپەرشتییان كردووە. پیرەمێرد لە رۆژنامەی ژیان ژ ٤٦٢، لە ١٤ /١٢ /١٩٣٥، ئیـشـارەتی بەوە داوە كـە دوواتر لە هەولێریش پێشكەش كراوە. ئەكتەرەكان: مەجید فەتاح ئوتووچی (مەم)، خۆیشی دەرهێنەر بووە.، شـێخ نووری شـێخ جـەلال (زین)، حـاجی باقی نانەوا، بەكر عەلی كەوشدروو، غەفوور بەكر میسری. پیـرەمـێـرد لە رۆژنـامـەی ژیان، لە ژمـارە ٤٦٢، لە ١٤/١٢/١٩٣٥، لە وتاری (تەمسیلی لاوانی زانستی) دا یەكە یەكە رۆڵی ئەكتەرەكان هەڵدەسەنگێنێ و هەندێ رەخنەی شانۆییان لێ دەگرێت.

**١٩٣٦:**

– پیشـاندانی شانۆنامەی (مەحموود ئاغای شیوەكەل) نووسـراوی پیـرەمـێـرد، لە شـوێنی ئوتێلی گـەل لەلایەن قوتابیانی كۆمەڵی زانستییەوە.

**١٩٣٧:**

– پیشاندانی شانۆنامەی شەریف هەمەوەند، نووسینی پیرەمێرد، لەلایەن قـوتابیـانی كـۆمـەڵی زانسـتـیـیـەوە لە سلێمانی.

– حـاجی باقی بەنگینە لە ژمارە ٥١٣ی ژیانی ١٩٣٧ دوو دراماى كـوردی، بەشـیـعـر هەڵدەسـەنگێنێ، یەكـەم: مـحـمـود ئاغـای شـیـوەكـەل، دووەم: فـەقێ ئەحـمـەدی دارەشمانە. شیعرەكە بیست دێڕە.

– لە كـۆیە، شـانۆگـەریی كـچی دامـێن پاك ( ضـحـیـة العفاف)، لە زەمانی –عەلی موزەفەر– جێگری بەڕێوەبەری ناوەندی كـۆیە، لە هەیوانی سـەرەوەی مـەكـتـەبی ئەوەلی پیشـان درا. حەمە رەش (محەمەد حەوێز) پیرۆت ئاغاو باوكی كوڕەكان: نامق عەبدوڵلا ئاغا، كەریم تۆفیق، عومەر حـەبیب–وە كچ: زاهیـر نووری جـان، حـەكـیـم (گـولی)،

**بەینێک لەمەوپێش، بە كەماڵی سروورەوە، بیستمان كە مودیرەی مەكتەبی كچان (زەهرا)، فاتمە خان و هەیئەتی موحتەرەمەی مەكتەبی كچان، بۆ ئەوەی فەننی تەمسیل و مەزایاكەی لە ئافرەتی موحیتەكەمان بگەیەنن، حەفلە و تەمسیلیان رێک خستووە».**

ژیان، ژ (٢٣٢)
٢٧ی مارتی ١٩٣٠

مـحـەمـەد مـیـرزا غـەفـوور. کـامـیـل ئاغـا سـەردولکەی پێ هەڵدەووت، (حەقی ئیـسـمـاعـیل شاوەیس) شـوانەکە بوو، بلووری بەدەمەوە گرتبوو، دەمی دەجووڵاندەوە و قەوانێکیان خستبووە سەر، لە باوکی وابێ ئەو بلوورەکەی لێ دەدا. لە کاتی مردنی (پیرۆت ئاغا)، قەوانێکی تورکییان خستبووە سـەر، بە کـلارنێت، زۆر خـۆش و حـەزین بـوو، مـامـۆسـتـا (عەلی موزەفەر) دەریهێنابوو.

:١٩٣٨

– شـانۆگـەریی (عطـیـل) لە هەولێـر. جـەمـیـل جـەرجـیس دەوری دەیدەمۆنای دیوە.

– پیشـاندانی شانۆنامەی (ئافـاتی تاعـوون) تەرجەمە و ئامادەکردنی شێخ سەلامی شاعیر لە شوێنی سەرۆکایەتیی زانکۆی سلێمانیی ئێستا، لەلایەن قوتابیانی فەیسەڵیەوە، بە سەرپەرشتیی فوئاد رەشید بەکر.

– لە ١٨ی مـانگی ئاداری ١٩٣٨ شـانۆگـەریی قـەڵای دمـدم لە پێنج پەردەدا، لە شـاری حـەسـەکە، لەلایەن تیـپی روابی سـووری بە سـەرپـەرشـتیی مـۆریس عـیـسـا مـەللاک پێـشـکـەش کـراوە. خـۆی دەوری خـانی لەپ زێڕینی دیوە، یەعقووب ئیبراهیم دەوری پیری هەبوو.

:١٩٣٩

– شانۆی "سەلاحەددینی ئەیییووبی"، بۆ جاری چوارەم، بە سەرپەرشـتیی دانیـال قەصاب، بۆ مـاوەی چەند رۆژێک پێشکەش کـراوە. مـەغـدید حاجی دەڵێ: لەلایەن تیـپی سانەویی هەولێـر و لە گـۆڕەپانی قـوتابخـانەکە پێشکەش کرابوو، مامۆستا محمد نافیع رۆستەم تەرجەمەی کردبوو، بێ ئەوەی بە کـتـێب چاپ کـرابێت یان لە گـۆڤـارێک بڵاو بکرێتەوە. ئەمانە دەوریان هەبوو: ئەحمەد حەسەن خۆشناو دەوری شاژن، ئیبراهیم ئیسـمـاعـیل (برایمە فەندی) دەوری جولیـای خوشکی ریکاردۆس، جـەلال مـحـەمـەدەمین دەوری ئوجین، هەروەها مـوسـا عـبـدالـصـمـد و مـحـەمـەد حـەوێزی دەوریان تێدا دیوە.

– لە هەڵەبجـە پیـشـانـدانی شـانۆنامـەی دڵداری و پەیمـانپـەروەری، نـووسین و بەشـداریکردنی: ئـەلیف بێ هەوری، لە هەڵەبجـە، نواندنی: قـوتابیـانی قـوتابخـانەی هەڵەبجە.

– بێکەس لە شیـعرێکیدا کە لە ٣٠/ ٣ /–١٩٣٩دا، لە



**صەلاحەددینی ئەیییووبی**
**لە ١٩٣٠ لە هەولێر پێشکەش کراوە**
**محەمەد حەوێز رۆڵی بینیوە.**

ژمــاره ٥٦٠ی رۆژنامــەی ژیندا بڵاوکــراوەتەوە، وشــەی تیاترۆی بەرامبەر بە شانۆ بەکارهێناوە:

تیاترۆی ئێرە و گشت ئێنتیزامێ

ئێستا هاتۆتە سەر گەمەی رامێ

- ٢٩ی کانوونی دووەمی ١٩٣٩: دامەزراندنی ئێزگەی کوردیی بەغدا و دەسپێکردنی شانۆی رادیۆیی.

**:١٩٤٠**

- بڵاوبوونەوەی شــانۆگــەریی برینا رەش، نووســراوی مووسا عەنتەر، لە کوردستانی تورکیا.

- ١٩٤٠ لە سانەویی کوڕانی هەولێر رۆمیـۆ و جۆلێتی شکسپێر پیشان درا، گیوی موکریانی تەرجەمەی کردبوو.

- لە پێنجـوین، پیــشــاندانی شــانۆنامــەی دڵداری و پەیمانپــەروەری، نووسین و بەشـــداریکردنی: ئەلیف بێ هەوری، لەلایەن قوتابییانی قوتابخانەی پێنجوینەوە.

- شــانۆگــەریی عــوتەیل لە رواندوز، ئامــادەکــردن و دەرهێنانی دانیال قەصاب.

- لە هەولێـر، لە ئامــادەیی هەولێـر، لە حـەوشــەکـەیا شانۆیەک رێکخرا، مامۆستای وێنە (دانیال ئەفەندی) کە جـوولەکـەی هەولێـر و زۆر هونەرمـەند بـوو رێکی خـست، تەنافی تەقسیماتی گڵۆپی کارەبای لەناو شانۆکە وا دانا بووکـە هەر جارە بەشێک تیشکی گڵۆپ لێی بدات. تازە «پیـرمـەم» و چیـای «سـەربەن» داندرا بوو، بکرێنە هاوینە هەوار و هاوینان وەصی و مەلیک بێنە ئەوێ؛ (سالح زەکی بەگ صـاحـێـبـقـران) مـوتەسـەریف بوو، ناویان لێ نابوو (سـەلاحـەدین). راوێژکــاری وەزارەتی ناوخــۆ (مــســتــەر ئادمــۆن) چوو بووە ســەردانی ئەوێ، پێــشــتــر بۆ ئەم شانۆگەرییە دەعوەت کرا بوو، (دانیال ئەفەندی) لە خۆشیان هەندەی تر بایەخی پێدابوو، خۆی زۆر ماندوو کرد بوو. بۆ لای ئێـوارە باو و بۆران هەڵیکرد، شـانۆ و پەردەی تێک و لوول دا. ئەدمـۆنس کـە گـەڕابۆوە، پێـیـان وت: «ئەمـشـەو بمێنێـوە» وتی: «لەسـەر مـەوعــیـدم و ناتوانم..» داوای دەفـتـەرەکـەی کـرد، بردی لەگـەڵ خـۆی، (دانیـال) لە تاوانا دەســتی خــۆی دەشکاندەوە و لە چۆکی خــۆی دەدا. بۆ سبەینێ، شانۆکـە رێک خرایەوە، سێ شـەوان لەسـەر یەک نمایش کرا، خەڵقێکی زۆر بانگ کران: حەمەرەش (محەمەد حەویز) بووە سوڵتان سەلاحەدین و (غەریب مستەفا) بووە

**تەمسیل سنعەتە و زۆر پەسندە، لاسایی مەردانی نەبەردە مەغز و ریشەی لە دڵی نەوجەوانانـدا پێ بنج بەست ئەبێ**

پیرەمێرد
رۆژنامەی «ژیان»
سلێمانی: ١٩٣٥

ریکاردۆس پاشای بەریتانیا ،(زەید ئەحمەد عوسمان) پاشای فەرەنسا ، ئیبراهیم قوتابی پۆلی یەکی ناوەندی- کە دوایی بووە موفەوەزی پۆلیس لە خانەقا ، لەگەڵ پۆلیسەکانی بەشداری شۆڕشی کوردی کرد ، بە ئیبراهیم ئەفەندی ناسرا ، کرا بە (جولیانا)ی خوشکی ریکاردۆس، جوانی لێ دەوەشایەوە، یەکێک مەلیک، عادیل برای (سەلاحەدین) لەگەڵ (جۆلیانا) حەزیان لەیەکتر دەکرد، بەداخەوە پێک نەبران؛ دەنا ئینگلیز دەبوونە خاڵوانمان و رەئیان بەکورد دەگۆڕا و قینی سەلاحەدینیان پێ نەدەڕشتینەوە. منیش (تاهیر ئەحمەد حەویزی) یەک لەوەزیرەکان بووم، ئەوەندە دەوریان دابوومێ، لە پڕێکدا هەڵدەستامە سەرپێ و دەموت: «ئەوە هەر سەڵاحی دین نییە، سەڵاحی دین و دنیایە». جل و بەرگی دەوری سەدەکانی یانزە و دوازدەی زایینی نیشان دەدا، ریش و سمێڵیان بە چەشنە کەتیرەیەک لە روومان دەدا، بە هەموو هێزی خۆت رات کێشابا، لێ نەدەبۆوە، بە وازەنێن لێمان دەکردەوە، وادەزانم مامۆستا گیوی موکریانی (وێنەگری هۆنەراوی) گەلێ وێنەی گرتبووین، جارێکیش لە رۆژنامەیەکی کوردستانی بلاو کراوەتەوە. قوتابییە هەولێرییەکان رۆحێکی کوردایەتی تەواویان هەبوو، هەندێکیان هەر بە کوردی قسەیان دەکرد وەک: قاسمی مەلا فەندی، فەیسەڵ و زەیدی ئەحمەد ئەفەندی و مامۆستا عیزەدین فەیزی، ئەوانی دی هەرچەند لە نێوان خۆیان بە تورکمانییان قسە دەکرد، بەڵام لەگەڵ قوتابییە غەریبەکان - بەتایبەت کۆییەکان کە دەوری سەرەکییان هەبوو- زۆر رێک بوون. کابرایەکی عەریف پۆلیس خەتێکیان لێکردبۆوە، کە یەکەم شەو شانۆ دەستی پێکرد، هاتبوو لە پێشەوە دانیشتبوو، قەڵەمی لەبەر گوێی نابوو، دەیوت: «بەم تەمسیلە، کە راپۆرتی لەسەر بدات، خەتەکە وەردەگرمەوە!» شەوێک لە کاتی پراوە کردن، من بە دەستی چەپە شیرەکەی (زەید)م گرتبوو، لە پڕێک شیرەکەی بڵند کرد، پەنجەی گچکەی دەستی چەپەمی بری، خێرا بەستمانەوە؛ ئێستاش ئەو دروشمەم بە پەنجەوە ماوە.

**١٩٤١:**

پیشاندانی شانۆگەریی بازرگانی ڤینیسیا ، رەئووف یەحیا بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا چۆتە سەر شانۆ و دەوری شایلووکی تێدا دیوە لە سلێمانی.



**شانۆگەریی لە رێی نیشتماندا**
**کە لە ١٩٤٢ و ١٩٤٦دا**
**لە سلێمانی پێشکەش کراوە**

**:١٩٤٢**

- پیرەمێرد شانۆنامەی (مەحموود ئاغای شێوەکەل) یان (پیـەسی تەمـسـیلێکی راسـتی لە وڵاتی خـۆمـاندا رووی داوە) بڵاو دەکـاتـەوە لە ٣٨ لاپەڕەدا لە چاپخـانەی ژین لە سلێمانی.

- لە رەمـــەزانی ١٩٤٢، لە سلێـــمـــانی، لە هۆڵی قـوتابخـانەی خـالدیـیـەی سـەرەتایی کـوڕان، پیـشـاندانی شانۆنامەی (لە رێی نیشتیماندا) بۆ ماوەی دە رۆژ، کە لە ئەسـڵـدا بریتی بوو لە ( في سـبـيـل التـاج) نووسـراوی مـصطفى لطفي المنفلوطي، رەفـیق چالاک کـردبووی بە کـوردی، تەلعـەت مـوبارەک دەریهـێنابوو، تاهیـر یەحـیـا سەرپەرشتیی کردبوو.

**:١٩٤٣**

- ئەبووبەکر هەوری: بڵاوکردنەوەی شانۆنامەی دڵداری و پەیمـانپـەروەری، شـەش پەردەیە، لە بیـست لاپەڕەدا، لە چاپخانەی مەعاریفی بەغدا لەچاپدراوە.

- لە رواندوز پیـــشـــاندانی شـــانۆگـــەریی دڵداری و پەیمـانپـەروەری، نووسـینی ئەبووبەکـر هەوری. دەرهێنانی مـحـەمـەد مەحـمـوود قـودسی کە زابیت تەجنید بوو. برای دەرهێنەر، واتە فـایەق، دەوری شێرۆی دیوە. ئەکـتـەرەکانی تر: عـەلی عەبدوڵلا، عەبدلوەهاب محەمەد عەلی، سەبری نەجیب، سەیدا گولی.

- قـوتابخـانەی ئەحداسی کچان لە سلێمانی شانۆگەریی (هەژاری لەکە نیە ) پێشکەش دەکات.

**:١٩٤٤**

- لە مـارتی ١٩٤٤، دەنگی گـێـتی تازە: ژ ٦: ب١، ل ٣١، شـانۆنامـەی (نەیاری روناکی) بڵاودەکـاتەوە کـە ئیـحـســان لە هەولێـرەوە لە گـۆڤـاری (الادب والفن)ەوە تەرجەمەی کردوە.

- تاهیر حەوێزی دەڵێ: لە (قەڵادزە)، لەساڵی(١٩٤٤) کە بەڕێوەبەری مەکتەبی قەڵادزە بووم، بە هەندێ ئاهەنگ و شانۆگەری لە حەوشی قـوتابخـانە هەڵسـاین. ئەو ساڵە لە قـەڵادزێ دەوری کچ بینین کـوفـر بوو، من (جەلالە دین)ی برای خـۆم کـردە (نەسـرین) و بەرگی کـچـێکی لەبەر کـراو سـەرپۆشی پێ دادراو (قـادری حـاجی تاهیـر)یش کـرا بە کوڕەکە، خەڵقێکی زۆر لە حەوشە کۆکرانەوە، هەندێ پارە



**باکووری**
**کە لە ١٩٤٥ لە کۆیە شانۆگەریی**
**(دۆتیۆ)ی پێشکەش کردووە**

کۆکرایەوە و ژنانیش لەسەر سواندە دەیانڕوانییە حەوشی مەکتەب. (عەبدولوەهاب حاجی ئەحمەد)ی زیندروومان لە ناو سندووقێک دانا بوو، پۆلی سێ بوو، ببووە رادیۆ، ئەخباری دەدا، تاهیر بازیانی فەراشی مەکتەب و مەلا خدر کۆیی بێ ئیشیش بەشدارییان کرد. قوتابخانەی (زانستی) لە سلێمانی کە لە جیاتی مەکتەبی شەو بوو، زۆر دەوری هەبوو.

**١٩٤٥:**

- لە کۆیە باکووری شانۆگەریی دۆتیوی پێشکەش کردووە.
- شانۆیی دکتۆر فوئاد لە چەمچەماڵ.
- لە کفری، شانۆگەریی دڵداری و پەیمانپەروەی، نووسراوی ئەلیف بێ هەوری، دەرهێنانی: مستەفا نەریمان پێشکەشکراوە. تاهیر ساڵح دەوری تێدا دیوە.
- لە مانگی مارسی ١٩٤٥، تیپی نمایشی کوردستان لە ١٩٤٥ لە مەهاباد دامەزراوە. لە مانگی مارسی ١٩٤٥دا ئۆپێرایەک OPera لە مەهاباد بە هۆی لاوە کوردەکانەوە پێشاندرا، کە لە روانگەی چۆنیەتێیەوە هەروەها ئەو کاریگەرییەی خستیە سەر خەڵک بێ نەزیر بوو. ناوی نمایشنامەکە (دایکی نیشتیمان) بوو. لە مانگی تەمووزی ١٩٤٥دا ئەو نمایشنامەیە لە شاری شنۆ کە لەژێر نفووزی یەکیەتیی سۆڤیەتدا بوو، نیشاندرا.
- لە رواندوز، شانۆگەریی (کچی داوێن پاک) لەلایەن عەبدوڵا سامی، بەڕێوەبەری قوتابخانەی رواندوز پێشکەش کراوە.
- لە هەڵەبجە، شانۆگەریی (کاوە و زوحاک) نواندنی: محەمەد حەمەڕەش، ئەحمەد غولام، ئەحمەد جوتیار، قادر ئەحمەد شیرین.

**١٩٤٦:**

لە سەرەتای ١٩٤٦ بەملاوە بەشی کوردی لە رادیۆی بەغدا سەربەخۆیی وەردەگرێت، ماوەی بەرنامەکانی زیاتر دەبێت و هونەری درامای تێدا برەو دەسێنێ و کار لە جموجۆڵی شانۆی داهاتوومان دەکات.

- تیپی نمایشی کوردستان لە ١٩٤٥ لە مەهاباد "شۆڕشی ئارارات" و "خنکاندنی دکتۆر فوئاد" یان پێشکەش کرد. هەروەها درامای "تەرم" لە گۆڕەپانی چوارچرای مەهاباد.
- مەم و زینی پیرەمێرد لە ١٩٤٦دا خراوەتە سەر شانۆ.



**حەسەن فەلاح**
**شانۆکار و دیکۆریستی شانۆ**
**لە ساڵانی ١٩٤٠ - ١٩٥٠ لە سلێمانی**

ئەم جارە حاجی باقی بەنگینە دەوری ئافرەتەکەی بە ناوی (بەنگینە) تێدا دیوە، لەمەشەوە نازناوی بەنگینەی بەسەردا براوە.

**١٩٤٧:**

- لە ١٩٤٦/٧ لە سلێمانی، لە هۆڵی قوتابخانەی گۆیژە، پیشاندانی شانۆنامەی لە ڕێی نیشتیماندا، کە لە ئەسڵدا بریتی بوو لە( في سبيل التاج) نووسراوی مصطفى لطفي المنفلوطي، ڕەفیق چالاک کردبووی بە کوردی و دەوری تێدا دیوە لەگەڵ کامەران موکری و چەندانی تر، بە سەرپەرشتیی حەسەن فەلاح. لە هەمان ڕۆژدا ئۆپەرێتی گوڵی خوێناوی پێشکەشکراوە. ئەم چالاکییە بۆ باربووکردنی لێقەوماوانی بوومەلەرزەکەی پێنجوین سازکرابوو.
- لە هەولێر پیشاندانی لەڕێی نیشتیماندا، تەرجەمە و نواندنی ڕەفیق چالاک لەگەڵ کامەران موکری و چەندانی تر لە هەولێر لە قوتابخانەی ئیبن خەلەکان. حەسەن تۆفیق و کەمال محەمەددەمین دەوری ئافرەتیان دیوە. لە هەمان ڕۆژدا ئۆپەرێتی گوڵی خوێناویی مامۆستا گۆران، لەلایەن لاوانی سلێمانییەوە، بە سەرپەرشتیی کامەران موکری پێشکەشکراوە. عەبدوڵا ڕەشید سالار دەوری کچەکەی تێدا دیوە.
- پیشاندانی شانۆنامەی دڵداری و پەیمانپەروەری، نووسین و بەشداریکردنی: ئەلیف بێ هەوری، لەلایەن قوتابیانی گۆیژە لە سلێمانی.
- لە هاوینی ١٩٤٦: پیشاندانی شانۆگەریی (خەلیل کافری) لە سلێمانی، لە ئامادەکردن و نواندنی عومەر عەلی ئەمین ، بە بەشداریی ئەکرەم عەبدولقادر، کەمال جەلال، ئەحمەد شێخ حەسەن.

**١٩٤٨:**


- پیشاندانی شانۆگەریی (تێکۆشانی ڕەنجدەران) لە سلێمانی، دارا تۆفیق دەوری ئافرەتی دیوە، ئەم هونەرمەندانەش دەوریان هەبووە: عەلی فەتاح، ڕەئووف یەحیا، قادر حاجی سەعید، عەبدوڵڵا سالار، جەمیل عەزیز، قادر دیلان.
- دامەزراندنی تیپی شانۆیی خانەی مامۆستایانی لادێ لە شاری دهۆک. دوو ئەکتەر و مامۆستایانی هەولێری،



**ڕەئووف یەحیا**
**لە ١٩٤١ لە سلێمانی بۆ یەکەمین جار شانۆی شکسپیر بە کورد دەناسێنێ**

جەودەت تەیموور و عزالدین علي الجراح دامەزرێن و ئەندامانی تیپەکە بوونە. دەسپێکردنی ژیانێکی شانۆیی بەگوڕ لە شاری دهۆکدا. جەودەت تەیموور دەڵێ: "ماکیاجمان هەبوو. بۆ هەر پەردەیەک دیکۆر دەکرا. بەرهەمەکان هاوچەرخانە بوون. دارا رەئووف قەزاز کەرکووکی لە هونەری تەشکیلیدا بەهرەدار بوو، دیمەنی دیکۆرەکانی لەسەر قوماش دروستدەکرد. مۆسیقای تەسویریشیمان هەبوو، عزیز البازی و رەزا مستەفا سەرپەرشتییان دەکرد. بەرهەمەکان ریالیزمی رەخنەگرانە بوون.

- ١٩٤٨/٣/٢١: پیشاندانی شانۆنامەی کەڕەلۆی مەنووچەر نووسراوی ئیبراهیم ئەحمەد، دەرهێنانی: رەئووف یەحیا و رەفیق چالاک، حزب التحرر الوطني سەرپەرشتیی کردووە.
- دانیال قەصاب لە هونەرەکانی شانۆدا بەهرەدارێکی کارامە بووە. دیکۆری فیلمی "عليا و عصام" لە ١٩٤٨ ئەو دروستی کردووە. کە لە هەولێرەوە هاتە بەغدا بووە مامۆستای پەیمانگای هونەرە جوانەکان. کتێبێکیشی لەبارەی دەرهێنان نووسیوە.
-گوڵی خوێناوی: عەلی موزەفەر لەماڵی (موحسین ئاغای حاجی عەزیز ئاغا) رێکی خست لە هەڵبەستی (عەبدوڵڵا بەگی گۆران)؛ لە سلێمانی کرا، ئەوجا لە ساڵی (١٩٤٨) لە کۆیە لە تانووکی بەفری قەندیان کرا، (جەمال کەریم حەمە مەلا) ببووە کوڕەکە، (عارف رەووف) کرابووە کچەکە، عەیشێ کارەکەری ماڵی مەلا رەووفی خادیم ئەلسجادەش کارەکەری بووک و زاوا بوو، بەرگێکی کوردییان لەبەر (عارف) کردبوو.
- شانۆگەری کاوە: لە دوای (وثبة) لە ساڵی (١٩٤٨) هەندێ سەربەستی پەیدا بوو (پارتی) و (تەحەرور) لە مەیدانا بەدەرکەوتن. کەوتنە ململانێ. بەناوی نەورۆز کە بەهار و شادی کەوتە وڵاتەوە؛ زۆر شانۆگەریی کاوە کرا. (تەحەرور) نەیاندەزانی لە دژی زۆرداری (دەرەبەگ)ی ناوخۆمان بن، یا لە دژی دەسەڵاتی حکومەت بن؟ (عەلی موزەفەر) و (مەسعودی مەلای گەورە) رێکیان خست، هەر لەو ئاهەنگەدا (عوسمان عەونی) شیعرێکی دانابوو، (موحسین ئاغا) و (عوسمان عەونی) بە جلی کوردی لە بەرانبەر یەکتر دەیانووتەوە، عەلی موزەفەر لە



**محەمەد رەشید کۆیی:**

**من قوتابی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بووم. شانۆگەریی (خانمی مەکرباز) لە ساڵی ١٩٣٩دا، حەوت رۆژ لە شاری هەڵەبجە، سێ رۆژ لە ناو قوتابخانەی فەیسەڵیە لە سلێمانی پێشکەش کرا. من دەوری (سواڵکەر)م وەرگرتبوو.**

مەکتەبی ثانیە پەراوەیان لەسەر تەمسیلەکە دەکرد، لە تانووکان شانۆکەیان هەڵخستبوو، موحسین ئاغا (زوحاک) عەبدولڕەحمان مەحموود ئاغا (جەللاد)، حەمە عەلی مەلا ساڵح (کاوە) باوکی (وریا مەلا عەلی کانی مارانی)، (جەلال تاڵەبانی)، (جەمیل شەرەف)، (واحید محەمەد= حەمکول)، (جەمال کەریم) کە ئەمانە لەسەر بڕاوەکان بوون.

- شانۆگەریی (پەیمانی پۆرتسمۆث)، کە (تەحەرورەکان) لە دوای نەورۆزی پارتییەکان لە ساڵی (١٩٤٨)، لە تانووکی بەفری قەندیان پێشکەشیان کرد؛ شانۆگەریی نوێ کردنەوەی پەیمانی نێوان عێراق و بەریتانیا بوو، لەسەر پاپۆڕێک لە بەندەری (پۆرتسمۆث). ئەنوەر سەید ئەحمەد (قەوام سەڵطەنە)، حەمەد ئەمین قادر (نووری سەعید)، (فاتح رەسوول) فازڵ جەمالی، شێخ بورهان شێخ نەجمەدین، جەلالەدین ئەحمەد (بیڤن) وەزیری دەرەوەی بەریتانیا: شەپقەک لەسەر، پایپەک بەدەمەوە، بە ئینگلیزی قسە کردن، لەپشت پەردەی غەڵبە غەڵبی مانگرتووان و تەقەی تفەنگی پۆلیسان. بە ئاگاداریی تاهیر حەوێزی: محەمەدی تۆفیق وردی ڕێکی دەخات، لە مەکتەبەی ثانیە کە (کەریم رەووف) بەڕێوەبەر بوو، پراوە دەکرا، دەرگەیان لەسەر خۆیان پێوە دەدا.
- لە کۆتایی ١٩٤٨ و سەرەتای ١٩٤٩دا، کەماڵ رەئووف محەمەد و شەماڵ سائیب یەکەم تیپی تەمسیلیی کوردییان لە ئێزگەی بەغدا دامەزراند.

**پاییزی ١٩٤٩:**

- یەکەم بەرهەمی تیپی شانۆیی خانەی مامۆستایانی لادێ لە شاری دهۆک: (سەرتاشخانەی جابی) لە نووسین و دەرهێنانی عزالدین علي الجراح بوو، کە دەوری سەرتاش بوو، مەهدی مەردان: شاگرد، سەری جەودەت تەیمووریان دەتاشی. دارا رەئووف قەزاز و رەزا مستەفاش بەشدارییان تێدا کردبوو.

**بەهاری ١٩٥٠:**

- تیپی شانۆیی خانەی مامۆستایانی لادێ لە شاری دهۆک، لە نووسین و دەرهێنانی عزالدین علي الجراح دوو شانۆگەریی (حاکمی دادپەروەر) و (دختۆری رەوشت چاک) لە دهۆک نوێنرا.



**ئەنوەر تووفی**
**شانۆکار و دیکۆریستی شانۆ**
**لە ساڵانی ١٩٥٠**

– له ٧/ ١٩٥٠: پیـــشـــاندانی شـــانۆنامـــەی هاملێت نووسراوی شکسپیر، ئامادەکردن و دەرهێنانی: مەجید ڕەشید، لەلایەن قوتابییانی سەر بە پەروەردەی سلێمانی لە هۆڵی سانەویی سلێمانی. دیکۆری خالید سەعید. قادر دیلان و دارا تۆفیق دەوریان تێدا بینیوە.

**بەهاری ١٩٥١:**

– تیـپی شـانۆیی خانەی مـامۆسـتـایانی لادێ لە شـاری دهۆک، بە هاوبەشیی عزالدین علي الجراح و دارا ڕەئووف شانۆیی مـامۆسـتـای لادێ لە پەردەیەکی درێژدا لە دهۆک پیشاندرا.

– لە هەڵەبجە، شـانۆگـەریی پیـاوی چرووک، نووسینی: کەمال ڕیاوی. بەشداران: ڕەئووف حەمەمین، کەریم شێخ محەمەد، ئەحمەد جوتیار.

**١٩٥٢:**

– پیشـاندانی شـانۆنامـەی (بوونە خـەلیـفـە بە خـەیاڵ) لە کـتـێـبی قـیـرائەی عـەرەبیـیـەوە، ئەلف بێ هەوری وەریگێـڕاوە. هەر بۆ خـۆیشی دەریهـێـناوە. لەلایەن قـوتابیـانی ناوەندیی شـەو لە هۆڵی دوا ناوەندیی سلێـمـانی پێشکەشکراوە. سەعـید شێخ عـەلی دەوری جوانترین کەنیزەکی تێدا دیوە، محەمەد ڕەزاش دەوری کەنیزەکی دووەمی تێدا دیوە.

– پایزی ١٩٥٢: تیپی شانۆیی خانەی مامۆستایانی لادێ لە شـاری دهۆک، شـانۆگـەریی المعلم کندوزی توفـیق الحکیم، شـاذل طاقـة دەریهـێنا و عـزالدین الجـراح ببوە مـعلم کندوس، دارا ڕەئووف و فـوئاد ئەحـمـەد و ڕەزا مستەفا و فازڵ بەشدارییان تێدا کرد.

– پیشـاندانی شـانۆنامـەی کـڵـۆڵان نووسراوی ڤـیکتـۆر هووگـۆ، ئامـادەکـردنی: کـامـەران مـوکـری، لەلایەن قوتابیانی ناوەندیی شەو.

– جەواد ڕەسوول شانۆی ئۆتێللۆی خسـتـە سەر شـانۆ لە هەولێر.

– لە بەغـدا، ڕەفـیق چالاک شـانۆنامـەیەکی خـۆی بە ناونیـشـانی (کـارکـردنی بە کـەڵک)، چاپ دەکـات و بڵاودەکاتەوە، کە لە چوار پەردە پێکهاتووە.

**١٩٥٣:**

– دامەزراندنی تیپی میللیی شانۆیی لە کۆیە.



**خالید سەعید شانۆکار و دیکۆریستی شانۆ لە ساڵانی ١٩٥٠**

- نەورۆزی ١٩٥٣: تیپی شانۆیی خانەی مامۆستایانی لادێ لە شاری دهۆک، بە دەرهێنانی عیزەدین عەلی، گوڵی خوێناویی گۆرانی شاعیری خستە سەر شانۆ. خەڵک لە سیمێل و زاخۆ و ئاکرێوە هاتبوون. قادر عەلی دەوری کچەکەی دەبینی و فوئاد ئەحمەدی گۆرانیبێژیش دەوری کورەکەی دەبینی. فوئاد ئەحمەد دەڵێ: "خانەکەمان لای گری باس بوو. درێژیی تەختەی شانۆکە حەوت مەتر دەبوو، پانیشی سێ مەتر. بەرزیی تەختەی شانۆ دوو مەتر و نیو دەبوو. هۆڵ جێگای سێ سەد بینەری تێدا دەبۆوە.
- لە کەرکووک لە هۆڵی ئامادەیی کەرکوک شانۆگەریی بووک و زاوا پێشکەش کراوە، لە نووسین و دەرهێنانی عەونی سەید کاکە؛ نواندنی محەمەد عەبدولرەحمان زەنگەنە (قازی)، حەسەن رەشید (زاوا)، بورهان نووری رۆژبەیانی (دایک) بوو.

**بەهاری ١٩٥٤:**

- جەواد رەسوول ناجی شانۆی ئۆتێللۆی شکسپیری دووبارە خستە سەر شانۆ لە هەولێر، لە ئامادەیی هەولێری کوران، بەرامبەر بینایەی پەرلەمانی ئەمڕۆ. فەتاح لەتیف دەوری ئۆتێللۆ، سەفوەت عەلی جەڕاح دەوری دەیدەمۆنای دەبینی. یووسف پۆلص، عەبدوڵلا کاک ئەحمەد، جەواد رەسوول، ئەحمەد سابیر لە ئەکتەرەکانی دیکە بوون، صائیب رەفعەت دەوری ژنانەی ئەمیلیای بینیبوو.

**١٩٥٥:**

- پیشاندانی شانۆنامەی جەنابی موفەتیش، نووسراوی گۆگۆڵ، ئامادەکردن و دەرهێنانی: مەجید رەشید بەکر، لەلایەن قوتابیانی ناوەندیی شەو.
- شکسپیر: شانۆنامەی گەرداوەکە، وەرگێڕانی جەمال نەبەز، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا.
- لە هەڵەبجە، دروستکردنی تیپێکی شانۆیی لەلایەن مامۆستا شەونم لە ناوەندیی هەڵەبجەی کچان، کە چەند بەرهەمێکی شانۆیی خۆماڵی و بێگانەی پێشکەش کرد.

**١٩٥٦:**

- پیشاندانی شانۆنامەی عوتێڵ نووسراوی شکسپیر، وەرگێڕانی: نووری وەشتی، دەرهێنانی: ئەنوەر تووفی،



**مەم و زین - ساڵی ١٩٥٨ لە سلێمانی**

لەلایەن قوتابیانی ناوەندیی شەو. عەزیز ئەمین دەوری دەیدەمۆنای ئافرەتی دیوە، کەمال رەشید موختار دەوری ئیمیلیای دیوە.

- لە رواندوز، پیشاندانی شانۆنامەی لە ڕێی نیشتیماندا، نووسینی کۆربی، تەرجەمەی بۆ عەرەبی: مستەفا لوتفی مەنفەلووتی، تەرجەمەی بۆ کوردی: رەفیق چالاک؛ دەرهێنانی: حەسیب رەسوول ناجی(کە نووسەر بوو لە قوتابخانەی ناوەندیی رواندوز). ئەکتەرەکان: ئەنوەر سلێمان، حەسیب رەسوول ناجی، محەمەد حەسەن مەنگوڕی، سالار عوسمان، تۆفیق سلێمان، سالح قادر بەگ، محەمەد عەبدوللا سلێمان، پاکیزە مستەفا.
- لە هەڵەبجە هۆڵێکی شانۆیی دروستکرا. پیشاندانی شانۆگەریی بازرگانی ڤینیسیای شکسپیر، دەرهێنانی ع.ع. شەونم. ئەکتەرێک بە ناوی سەباح عەبدولرەحمان دەوری ئافرەت (پووریشا) دەبینێ.
- پیشاندانی شانۆگەریی (قولەڕەش) لە سلێمانی، کە عەبدولقادر مستەفا فەتاح دەوری ژنی تێدا دیوە.
- ١٣/ ٣/ ١٩٥٦: پیشاندانی شانۆنامەی (ئافرەت و نوشتە) لە سلێمانی. نووسراوی کامیل ژیر، دەرهێنانی: ئەنوەر تووڤی، لەلایەن قوتابیانی ناوەندیی شەو. رۆژنامەی ژینی ژمارە ١٣٣٧ی رۆژی ٢١/ ٣/ ١٩٥٧ لەسەری نووسیوە.
- پێنج شەممە ٩ تا ١٦/ ٨/ ١٩٥٦: لەناو قوتابخانەی ئامادەیی سلێمانی، بە سەرپەرشتیی پارێزگاری سلێمانی، پیشانگایەکی کشتوکاڵی و پیشەسازی لە سلێمانی سازدەکرێت، کە میهرەجانێکی گەورەی هونەری رەسم و شانۆ و هونەری تر بوون، بۆ ماوەی حەوت رۆژ. حەسەن زیرەکیش بەشداریی لەو ئاهەنگەدا کردبوو. دوو شانۆگەری لەو میهرەجانەدا پێشکەش کراون، لەوانە:
- شانۆنامەی (ئەلە ورگەی شووتی دز) نووسراوی فەرەیدوون عەلی ئەمین، دەرهێنانی: رەئووف یەحیا.
- شانۆنامەی دەستی ماندوو لەسەر سکی تێرە، نووسراوی نووری وەشتی، دەرهێنانی: رەئووف یەحیا. فەتاح کاوە دەوری تێدا بینیوە.

**١٩٥٧:**

- لە هەڵەبجە، شانۆگەریی مەم و زین.



**راپەڕینی ١٩٤٨ – وەفدی کوردان**
**(شارع الرشید)**

-شـەهرەزادی تۆفـیق الحكیم لە هۆڵی سـانەویی کـوڕان لە هەولێـر، مـحـمـد شـوکـر خـەلـیـفـە تەرجـەمـەی کـردبو و دەریهێنابوو، محمد تەیموور دەوری جەللادی تێدا دیبوو.

-پیسکەی تەڕپیر لە هەڵەبجە پێشکەش دەکرێت و کاوەی ئەحمەد میرزا دەوری پڕشنگ دەبینێ.

- لە کەرکووک قوتابیانی قوتابخانەی ناوەندیی کەرکووک شـانۆگـەریی (گـەشـتـیـەوان)یان پێـشـکەشکردووە. لە کۆتاییدا بووە مایەی گیرانی هەندێ لە قوتابییەکان.

**٢١ /٣/ ١٩٥٧:**

شانۆگـەریی چوار قـوتابی نووسین و دەرهێنانی ئەحـمـەد دەنگ گـەورە لە بەغـدا لە هۆڵی مـەلیک فـەیسـەڵ. دیکۆری ئەنوەر تووڤی، دەرهێنـانـی: تەها بابان، ئەژی گۆران، حسێن قەرەداغی، حەمە نووری عارف، عوسمان عوزێری. (١٨٤٠) بلیت فرۆشراوە.

**١٩/ ٦ /١٩٥٧:**



**دەوری سینەماکان، هەر لە ساڵانی ١٩٤٠ بەم لاوە زۆر بوو لە بەرەو پێشەوە چوونی هونەری درامی و شانۆدا**

دامـەزراندنی یەکـەم دەزگـای هونەریی مـۆڵەتپـێـدراوی رەسمی: کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی. دەستەی دامەزرێن: فوئاد رەشید بەکر، شەفیقە سەعید، رەفیق چالاک، نووری محەمەد ئەمین وەشتی، محەمەد ساڵح دیلان، ئازاد شەوقی، خالید سەعید، ولیەم یۆحەننا، مستەفا ساڵح کەریم، شەفیقە سەعید عوسمان، قادر دیلان، مەجید رەشید بەکر، نەجات عەبدە ئەمین، سەید مـحـسین سـەید سـمین. ئەمـە یەکـەم تیـپی شـانۆیی و نیگارکێشانی مۆڵەت پێدراوی سلێمانییە. یەکەم هەڵبـژاردنی گـشـتی لە ٥/ ٧ /١٩٥٧دا کـراوە. کـرانەوەیشی لە ١/ ٨دا بووە. رۆژنامـەی ژینی ژمـارە ١٣٥٥ ی رۆژی ٨/ ٨ /١٩٥٧ لەسـەری نووسـیـوە.. کۆمیتەی وێنە و کۆڵێن: ئازاد شەوقی، خالید سەعید، جەمال بەختیار. کۆمیتەی نواندن: رەفیق چالاک، تەها خەلیل، رەئووف یەحیا، نووری وەشتی. رەفیق چالاک سەرۆکی کۆمەڵە بوو.

**کۆتایی مانگی ٦/١٩٥٧:**

تیـپی نواندنی کـۆمـەڵەی هونەرە جـوانەکـان لە هەولێـر دادەمەزرێت.

**٤ /٧/ ١٩٥٧:**

پیـشـاندانی شـانۆنامـەی خـۆم بە خـۆمم کـرد، نووسـینی

شهاب القصب، وەرگێڕانی مستەفا ساڵح کەریم، لەلایەن: قوتابییانی مەڵکەندیی سلێمانی.

**٧/٧/ ١٩٥٧:**

یەکەم چالاکیی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی: پیشاندانی شانۆنامەی پیسکەی تەرپیر نووسراوی مۆلیێر، تەرجەمە و دەرهێنانی: نووری وەشتی و رەفیق چالاک. تەها خەلیل و کاوەی ئەحمەد میرزا و کەمال رەشید موختار و سەلاحی حەمە جەمیل و پاکیزە فەرەج و دڵشاد مەسرەف و سمکۆ عەزیز و رەفیق چالاک و نووری وەشتی دەوریان تێدا دیوە. جەمال بەختیار و ئازاد شەوقی دیکۆریان بۆ دانابوو. رۆژنامەی ژینی ژمارە ١٣٦٥ی رۆژی ٧ ١٠ ١٩٥٧ لەسەری نووسیوە.

**١٧/٧/ ١٩٥٧:**

دووەم چالاکیی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی: پیشاندانی شانۆنامەی گلکۆی تازەی لەیل (بووکی ناکام)، شیعری ئەحمەد ئاغای دەربەند فەقەرە، دەرهێنانی: رەفیق چالاک. رۆژنامەی ژینی ژمارە ١٣٣٧ی رۆژی ١٩٥٧/٣/٢١ و ژمارە ١٣٦٥ی رۆژی ٧ / ١٠/ ١٩٥٧لەسەریان نووسیوە.

**١٩/٨ /١٩٥٧:**

لقێکی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان لە هەڵەبجە کرایەوە. فوئاد عیززەت مستەفا سەرۆکیان بوو، پاشان مامۆستا گۆران بۆتە سەرۆک. نووری میللی و ع.ع. شەونم لە ئەندامە چالاکەکانی ئەو کۆمەڵەیە بوونە. شانۆگەرییەکانی سلێمانییان لەوێ پیشان داوەتەوە.

**٧/١١/ ١٩٥٧:**

سێیەم چالاکیی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی: پیشاندانی شانۆنامەی لە رێی نیشتیماندا، نووسراوی کۆربی، وەرگێڕان و دەرهێنانی: رەفیق چالاک. رەفیق چالاک و نووری وەشتی و تەها خەلیل و دڵشاد مەسرەف دەوریان تێدا دیوە.

**کۆتایی ١٩٥٧:**

لە ژمارە ١٣٣٧ سالی ١٩٥٧ی رۆژنامەی ژین، گۆشەیەک بە ناوی "سینەما و شانۆ "لەلایەن نووری وەشتی دەکرێتەوە.

**... بەعەرەبی ((تمیل)) و بە کوردی ((وێنەنمایی)) پیشەیەکی هونەرمەندی و عالەم پەسەندییە... پەندێک و عیبرەتێکی وایە بۆ ئەخلاق و کردەوە، لە هەموو دەرسێ لە پێشترە.**

ژیان، ژ (٥٠٧)
سلێمانی: ١٩٣٦

**١٩/ ١١/ ١٩٥٧:**

پیشاندانی شانۆنامەی تاوان و تۆڵە، نووسراوی نووری وەشتی، دەرهێنانی: ئەنوەر تووفی، لەلایەن کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان. دیکۆری خالید سەعید و ئازاد شەوقی. کاوەی ئەحمەد میرزا دەوری کچ و عەزیزی حاجی ساڵح دەوری باوەژن دەبینن. رۆژنامەی ژین ژمارە ١٣٦٥ ی رۆژی ٧/ ١٠/ ١٩٥٧ و ژمارە ١٣٤٤ی مانگی نۆڤەمبەری ١٩٥٧ باسی کردووە و رەخنەی لێگرتووە. هەمان شانۆگەری لە هەمان ساڵدا لە هەڵەبجە پێشکەش دەکرێت.

**١٩٥٨**

- پیشاندانی شانۆنامەی ئەمرەکەی بەگم، یوسف العاني، وەرگێڕان و ئامادەکردنی: تەها خەلیل دڵسۆز. تیپی قوتابیانی ناوەندی شەو لە سلێمانی.
- لە رواندوز، کاوەی ئاسنگەر. ١١ ئەکتەر بوون، گرنگترینیان: محەمەد حەسەن مەنگوڕی، یووسف دەرگەڵەیی، جەمال سەیدا، سمکۆ محەمەد ساڵح، کوردۆ غەفور، شوکریە حاجی نەبی، فەرهاد محەمەد مستەفا.
- لە رواندوز، شانۆگەریی ملاك الرحمة، گۆڕینی سابیر عەبدوڵلا ئەلجەراح، بە ناوی زانا و ئاشتی. ئەکتەرەکان:سابیر عەبدولا ئەلجەراح، ساڵح قادر بەگ، شێرکۆ سەعید...
- لە رواندوز ئۆپەرێتێک بە ناوی پەپوولە لە نووسینی عەبدلرەزاق بیمار پێشکەشکراوە.
- لە رواندوز شانۆگەرییەک بە ناوی ئافرەت و نوشتە، لە نووسینی کامیل ژیر، لە دەرهێنان و نواندنی عومەر هەڵمەت پێشکەشکراوە. سێ ئافرەت دەوریان تێدا بینیبوو: شوکریە محەمەد دیوانە، حەلیمە خورشید، پاکیزە مستەفا.
- شانۆگەریی عەلییە فەندی، لە نووسین و پێشکەشکردنی مستەفا نەریمان لە کەرکووک لەچاپخانەی الشمال لەچاپدراوە.
- پیشاندانی شانۆگەریی (کۆتای زۆردار) لە سلێمانی، کە عەبدولقادر مستەفا فەتاح دەوری تێدا دیوە.

**٢٣/ ٢/ ١٩٥٨:**

پیشاندانی شانۆنامەی مەم و زین، شیعری ئەحمەدی



**دروشمی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان لە سلێمانی کە لە ١٩٥٧ دامەزراوە**

خانی، ئامادەکردنی: ئەمینی میرزا کەریم، دەرهێنانی: ئەنوەر تووڤی، لەلایەن قوتابییانی سانەویی شەو، لەسەر شانۆی ناوەندیی کوڕان لە سلێمانی بۆ ماوەی دە ڕۆژ. گوڵزار عومەر دەوری زینی دیوە، حەسەن تەنیا و ئەکرەم فەقێ مەحموودیش دەوری ئافرەتیان دیوە.

**١٩٥٨/٣/٢٠:**

لە عەنکاوە، لەلایەن قوتابخانەی کچانەوە، دوو شانۆگەری پێشکەشکراوە: چوارکەژی ساڵ، گفتوگۆی گوڵەپەمۆ و گوڵ.

**٩ /٤/ ١٩٥٨:**

پیشاندانی شانۆنامەی بێ ئیشی، یوسف العانی، وەرگێڕان و ئامادەکردنی: تەها خەلیل دڵسۆز. تیپی نواندنی شۆڕش.

**١٩٥٨/٧:**

پیشاندانی شانۆنامەی تاوانی چی بوو؟ نووسراوی مستەفا ساڵح کەریم، دەرهێنانی: قادر دیلان، تیپی مەولەوی.

- لە هاوینی ١٩٥٨ شانۆگەریی فاڵچی لە قوتابخانەی گەڕەکی شۆریجەی کەرکوک پیشاندراوە. نووری هونەر و جەوهەر عەبدل و کەمال بێزار و خوشکە نازەنین دەوریان تێدا بینیوە.

**١٠/ ١١/ ١٩٥٨:**

پیشاندانی شانۆنامەی سەری گلۆڵەکە، یوسف العانی، وەرگێڕان و ئامادەکردنی: عوسمان عوزێری. تیپی نواندنی شۆڕش.

**١٩٥٨/١٢:**

- جەواد ڕەسوول ناجی شانۆگەریی هارونە ڕەشیدی لە هۆڵی ئامادەیی هەولێر لە هەولێر پێشکەش کردووە، لە نووسین و دەرهێنان و دیکۆر و ماکیاژی خۆی، خۆیشی دەوری هارونە ڕەشیدی دەبینی.

**١٩٥٩:**

- یەکەم تاخمی دەرچووی بەشی نواندن لە پەیمانگای بەغدا: سمکۆ عەزیز و بورهان مەسرەف.

**سەرچاوە:**


١- عبیدالله ایوبیان: میر نوروزی (تاریخچە هنر تئاتر در کردستان ایران - قرن نوزدهم)، مجلة نشریة دانشکده ادبیات تبریز، شماره ١٤، ص ٩٥ - ١٢٢.

٢- ولیەم ئیگلتۆن: کۆماری کورد، و: محەمەدی سەمەدی، کوردستانی ئێران: ١٩٦٣. ل ١٠٨

٣- محەمەد تەیموور: دەربارەی دراما و ڕەخنە، گ. کاروان، ژ ٤١، هەولێر: ١٩٨٦، ل ٦٣ - ٧٠.

٤- محەمەد تەیموور: شانۆ لە قوتابخانەکاندا، گ. ئوتۆنۆمی، ژ ٢٠ و ٢١، ١٩٨٤، ل ١٠٥ - ١١٢و ٧٦-٨٠.

٥- محەمەد تەیموور: المسرح الکردي مسارة التاریخي، جریدة العراق، ٢٨ ٨ ١٩٨٠

٦- محەمەد تەیموور: نەوروز و دراما و شانۆ ،الحکم الذاتي، ع. ١ ، ١٩٨٥.

٧- محەمەد تەیموور: دەروازەیەکی ڕەخنەیی درامای نوێی کوردی، گۆڤاری کاروان، ژمارە(٦٤) و(٦٥)، مایسی ١٩٨٨، ل ٦٠ - ٧٠ و ل ٦٥-٦٩.

٨ - محەمەد تەیموور: وتارێک، گۆڤاری ئوتۆنۆمی ژمارە ٣ ی ساڵی ١٩٨٤.

٩- جەمال ڕەشید: دراسات کردیة فی بلاد سوبارتو، ل ٤٨ - ٤٩).

١٠- کاوە ئەحمەد میرزا: دراسة عن الحرکة المسرحیة في مدینة السلیمانیة، کاروان، ژ ١٨، اربیل: ١٩٨٤، ل ٦

١١- زهیر عبدالمسیح: اول مسرحیة کردیة في رواندوز، جریدة العراق، صفحة الثقافة الکردیة. ٥/ ١٩٧٨

١٢- فایەق عومەر تۆفیق: بیبلیۆگرافیای شانۆنامەکانی سلێمانی و مێژووی تیپە هونەرییەکان، چاپی دووەم، سلێمانی: ١٩٩٥.

١٣- یاسین قادر بەرزنجی: دوو شانۆگەریی ساڵی ١٩٣٥ لە سلێمانی، کاروان، ١٩٨٦، ل ٦٣ - ٦٦.

١٤- فەرهاد پیربال: پێشەکییەک بۆ سەرهەڵدانی شانۆنامە لە ئەدەبی کوردیدا، گۆڤاری هیوا، بڵاوکراوەی ئەنستیتووی کورد لە پاریس، ژمارە(٨)، پاریس ١٩٩١، ل ٦٧-٧٤.

١٥- یاسین قادر بەرزنجەیی: شانۆگەری و تێکستی شانۆگەری کوردی، گ. ڕۆژی کوردستان، ژ ٦٥، ل ٥٧ - ٦٥، شوباتی ١٩٨٤ .

١٦- یادێکی هونەرمەند جەواد ڕەسوول ناجی، ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە ٢٢١٢، ساڵی ١٩٩٦.

١٧- فایەق عومەر تۆفیق: بیبلیۆگرافیای نواندن و شانۆییەکانی

كـــۆمـــەڵەی هونەر و وێژەی كـــوردی ١٩٦٩- ١٩٧٩، لە بڵاوكـراوەكـانی ك. هـ. و. ك.، چاپخـانەی كـاكـەی فـەللاح، سلێمانی: ١٩٨٠.ل ١٧.
١٨- فایەق عـومەر تۆفیق: كۆمەڵی هونەرە جوانەكانی سلێمانی ١٩٥٧- ١٩٦٣، سلێمانی: ١٩٩٢.
١٩- مصطفى صالح كريم: صفحات مشرقة في مسار المسرح الكوردي، جريدة العراق، اعداد ١٢١٦ ، ١٢١٩ ، ١٢٢٢، بغداد: شهر ٨/ ١٩٨٠.
٢٠- رەفیق چالاك: ئەوەی دەیزانم لەبارەی هونەرەوە، برایەتی، ژمارەكانی ٢، ١١ تا ١٨، ساڵی ١٩٧٢.
٢١- نووری وەشتی: بیرەوەرییەكانم لە ریزی كاروانی هونەردا، برایەتی، ژمارە ١٥ تا ٢٠، ساڵی ١٩٧٢.
٢٢- لەگـــــەڵ هونـەرمـــــەنـد نووری وەشـــــتی، برایـەتی، ١٩٧٢/٨/١٧
٢٣- جەمال بەختیار: زنجیرە وتارێك، برایەتی، ژمارەكانی ٢٩ تا ٣٢، ساڵی ١٩٧٢-١٩٧٣.
٢٤- نامەیەكی مامۆستا زرار محەمد مستەفا لە ٤٨/١٢- ١٩٩٧ نووسراوە باسەكەمی دەوڵەمەند كرد.
٢٥- مـەغدید حاجی: ئافرەت لە شـانۆی كـوردیدا، چاپخـانەی الجاحظ، بەغدا: ١٩٨٩،
٢٦- مەحمود زامدار: كۆنترین پیەسێكی كوردی مەمێ ئالان، رۆژنامەی العراق، ژ ٢١٧٣، بەغدا: رۆژی ٢٣ی٣ی١٩٨٣.
٢٧-گـۆڤـاری شـانۆ، بڵاوكـراوەی نەقـابەی هونەرمـەندانی سلێمانی، ١٩٨٣، ل ٦٤.
٢٨- عـمـر محـمـد صـالح: ٣٥ سـاڵ لەمـەوبەر و شـانۆگـەریی كوردی، پاشكۆی عیراق، نیسانی ١٩٧٨.
٢٩- مـصطفى صـالح كـەریم: چەند لاپەڕەیەكی پڕشنگداری كاروانی شانۆگەریی كوردی، پاشكۆی عیراق، بەغدا: ٢١ی ٧ی ١٩٧٨.
٣٠- ئەحـمـەد دەنگ گـەورە: مـێـژووی شـانۆگـەریی كـوردی، رۆژنامەی هاوكاری، ژمارە(١١٦)، ١٩٧٢، ل ٦.
٣١- یاسین قادر بەرزنجی: چاوپێكەوتنێك لەگەڵ فوئاد رەشید بەكر، رۆژنامەی العراق، بەغدا: ١٢ی ٧ی ١٩٨٦ .
٣٢- احمد فـياض المفرجي: الحيـاة المسرحيـة في العـراق، ص١٥.
٣٣- تاهیر ئەحمەد حەوێزی: شانۆگەری لە كوردستاندا، رامان، ژمارە ٢٧ و ٢٨، هەولێر: ساڵی ١٩٩٩.
٣٤- یاسین قادر البرزنجي: مسرحية تاجر البدقية، رۆژنامەی العراق، ژمارە(١٥٥٥)، بەغدا: ٢٦ی٣ی١٩٨١.
٣٥-محمد يوسف نجم: المسرحية في الادب العربي، قاهره.
٣٦- فایەق عـومەر تۆفیق: لەپێناو نووسینەوەی مێژووی شانۆی كـوردیدا، بڵاوكـراوەی (هونەرە جـوانەكـان)، زنجـیـرە(٥)، سلێمانی: ١٩٨٣، ل ٧٤-٧٩،
٣٧- محسین محـەمەد: بزووتنەوەی شـانۆی كوردی، برایەتی، ١٩٩٧/٧/٢٠.
٣٨- گۆڤاری هەتاو، ژمارە(١٢٦)، ١٩٥٨، ل ١٤.
٣٩- ولیەم ئیگلتۆن: كۆمـاری كورد، و: محەمـەدی سەمەدی، كوردستانی ئێران: ١٩٦٣. ل ١٠٨
٤٠- حەسەن تەنیا: شانۆ و شانۆی كوردەواری، ل ٥٦.
٤١- - ئیبراهیم فەرشی: كورتە باسێكی رێ و شوێنی شانۆ لە كۆندا و شانۆ لە كوردستاندا، گۆڤاری (رامان)، ژمارە(٤٤). هەولێر: شوباتی ٢٠٠٠، ل ٤-٨.
٤٢- بڕوانە فـایلی ژمـارە ١٢٣ی بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردی هەولێر(ساڵانی ١٩٣٠).
٤٣- ئازاد عبدالواحد: دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح، بەرگی ١، بەشی یەكەم.
٤٤- ئەحـمـەد دەنگ گـەورە: مـێـژووی شـانۆگـەریی كـوردی، رۆژنامەی هاوكاری، ژمارە(١١٦)، ١٩٧٢، ل ٦.
٤٥- رۆژنامـەی ژیان، ژمـارە(٤٦٢)، ١٩٣٥/١٢/١٤، ل ٦٩.
٤٦- رۆژنامەی (ژیان)، ژمارە(٦٢)، سلێمانی:١٩٢٧، ل ٣.
٤٧- پیـرەمـێـرد: رۆژنامـەی ژیان، رۆژی سێ شـەممە، ٢ی ئاغستۆسی ١٩٢٧.
٤٨- بەرهەمی كۆكراوەی عـەبدولواحید نووری، ئامادەكردن و كۆكردنەوەی: مەحموود تۆفیق خەزنەدار، بەغدا: ١٩٩١، ل ٢٧٦.
٤٩- نامیق هەورامی: سەرهەڵدان و گەشەی شانۆ لە هەڵەبجە، هەرێم، ١٩٩٧/٨/٧ هەولێر
٥٠- احمد البياتي: قبل ٦٠ عاما، جريدة خبات، عدد ٨٣٤ يوم ٢٥/ ٧/ ٥٠- ١٩٩٧، ص ١١.
٥١- كـاوەی ئەحمەد میرزا: دوێنێ و ئەمڕۆی شانۆی كـوردی، رۆشنبیری نوێ، ژ ٣٦، بەغدا: ١٩٧٤
٥٢- برایەتی ، ژ ٢٢٠٤، ١٩٩٦/١١/٤
٥٣- برایەتی، ژ ٢١٩٤، ٢١/١٠/ ١٩٩٦
٥٤- محسین محـەمەد: بزووتنەوەی شـانۆی كوردی، برایەتی، ٥٥/٧/٢٠- ١٩٩٧.
٥٥- پیرەمێرد: وتارێكی رۆژنامەی ژین، ژمارە ٨٩٣ و ٩٦٧، سلێمانی: ساڵی ٤٧ و ١٩٤٩.

# دامەزرێن و پێشڕەوانی شانۆی کوردی



شانۆی پیسکەی تەڕپیر – سلێمانی ١٩٥٧

# بەشی حەفتەم



عەبدوڕەحیم ڕەحمی هەکاری

## عبدالرحيم ڕەحمی هەکاری
## (١٨٩٠- ١٩٥٨)

عـبـدالرحـيم ڕەحـمی هەکـاری( ١٨٩٠– ١٩٥٨) ، کـوڕی سەید محەمەد پرتەو و ئیـمەتولاّ خانم؛ یەکەمین نووسەری کوردە کە شانۆنامەی نووسیبێت، لە هەمان کاتدا یەکێکە لە یەکەمین تازەکەرەوەکانی شیعری نوێی کوردی.

لە ناوچەی ئەلباکی (باشقەلاّ)ی سەر بە شاری وان لە کوردستانی تورکیا لەدایک بووە. قوتابخانەی سەرەتایی لە گـوندەکـەی خـۆی، ناوەندی و دارالمعلمـینیـشی لە (وان) تەواو کـردووە. دوای وەرگـرتنی ئیـجـازەی خـوێندنی دینی، لەسەر دەستی سەید عـبدالحكيم ئەرواسی؛ دەچێتە ئەنقەرە و پەیمانگەی دارایی تەواو دەکـات، ئنجـا دەچێـتـە زانکۆی ئەستەمبۆڵ و کۆلێژی (ئیلاهیات) تەواو دەکات.

دوو قـۆناغی فیـکریی دیار لە ژیانی عـبدالرحيم ڕەحـمی هەکاری دا دەبینرێت:

١- خەباتی نەتەوەپەروەری و بیری ناسیـونالیـستـانە، کە لە سـەردەمی گەنجـێتـیـیـەوەی دەست پێـدەکات تا سـاڵی قەدەغەکردنی زمان و کولتووری کوردی لە تورکیـا ، واتە تا ساڵە شوومەکەی پەیمانی لۆزان: ١٩٢٣.

٢- دیانەت و خەباتی ئیـسـلامـەتی، کـە لە ١٩٢٣ دەست پێـدەکـات و هەمـوو ژیانی داهاتووی خـۆی بۆ تـەرخـان دەکـات؛ زیاتر لە هەژدە کـتـێب بە زمـانی تورکی لەم بارەیەوە بڵاو دەکاتەوە.

گـەلێک جـارانیش، بەتایبـەتی پێش سـاڵانی ١٩٢٠ ئەم دوو فـیکرەی لەیەکـتـر گـرێ دەدا ، وەک لە (مـەمێ ئالان)دا دەبینین.

لەگەڵ سەعید نەوڕەسی دا ، پێکەوە ، لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا ، لە جەنگی تورکیای عوسمانیدا دژ بە ڕووسیای قـەیسـەری، شـەڕ دەکـەن. هەر پێکەوەش، دوای بریندار بوون، بە دیل دەگیـرێن و سـاڵێک لە ئەسـارەتدا لە نزیک چەمی ڤۆڵگا ژیان بەسەر دەبەن. لەوانەشە ئەم ئەسیر بوونە بووبێتە ئیلهامی شانۆنامەکەی.

لە ١٩٢٣دا، کـاتێ زمـان و کـولتـووری کـورد لە تورکـیـا قـەدەغـە دەکرێت، هەکـاری ناچار دەبێت پشت لە بیـری ناسیـونالیـستی بکات و ڕوو بکاتە ژیانی دینداریتی و

خــزمــەتی ئیـســـلام بکات. لە ۱۹٥۸دا، دوای ئەوەی بەشداری لە کۆنگرەی نێو دەوڵەتییانەی ئیسلامەتی دەکات لە ۱۹٥۷ لەپاکستان، کۆچی دوایی دەکات و لە گۆڕستانی (نەجاتی بەگ) لە ئەسـتـەمـبـۆڵ دەنێـژرێت. کـوڕێک و دوو کچی لەپاش بەجێ دەمێنێت: پرتەو، ژاڵە، هەلاڵە.

عبدالرحیم رەحمی هەکاری زمانی رووسی و ئەڵمانی و تورکی و فارسی و عەرەبیشی دەزانی. گۆڤارێکی بە ناوی (ئەهلی سوننەت) بە تورکی دەرکردووە کە ۷ ساڵ تەمەنی بووە.

ناوبراو، کـە نووسـەرێکی دیاری گـۆڤـاری (ژین) بووە، وەک زنار صلۆپی ئامــاژەی بۆ دەکــات، ئەندامی چالاکی چەندین رێکخــراوی کــوردیش بووە، لەوانە: یەکـــەمین کــۆمــەڵەی خــوێندکــارانی کــورد بە ناوی (هێــڤی) لە ئەستەمبۆڵ لە ۱۹۱۲/۷/۲۷ دامەزراوە، هەروەها ئەندامی دامەزرێنی کۆمەڵەی تەعالیی کورد بووە (ئەستـەمبـۆڵ: ۱۹۱۸). لە خۆشیی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیدا، لە ۱۹۱۹دا شیـعـرێکی پێشکەش بە ژەنەراڵ شەریف پاشا کـــردووە و لـە ژمـــارە ۲۱ی ژین دا بلاوکـــراوەتەوە. نازناوەکـانی: عـبـدالرحیم زاپسـو، ژ مـالا هەکـاریان، هکارلی عبدالرحیم. بە ئاگاداری و شایەدیی مـامـۆستـا محەمەد ئەمین بۆزئاڕسلان، ئەم کتێبانەی بە زمانی کوردی بلاوکردۆتەوە:

١- عەقیدا کوردان، مەنزووما کوردی، ئەستەمبۆڵ: ۹۱۸. گـۆڤـاری (ژین)، هەروەها بەرگی ژمـارە(۸)ی گـۆڤـاری (کوردستان) لە ئەستەمبۆڵ لە ۱۹۱۹دا. پرۆپاگاندەیان بۆ کردووە.

٢- گـازیا وەلات، دیوانە شیـعـر، ئەسـتـەمـبـۆڵ: ۱۹۲۰. گۆڤاری (ژین) پرۆپاگاندەی بۆ کردووە.

٣- مەمێ ئالان، شانۆنامە، ئەستەمبۆڵ: ۱۹۲۰.

هەروەها چەندین شــیـعــر و پەخـشـــان و وتاری رۆشنبیرانەیشی، لە گۆڤاری(ژین) لە ئەستەمبۆڵ، لە ماوەی سـالانی ۱۹۱۸-۱۹۱۹دا بلاوکـردۆتەوە کـە بایەخـێکی مێـژوویی و ئەدەبی و سیـاسیی گـرنگیـان هەیە بۆ تۆژەری کورد.

عـەبدولڕەحـیم رەحـمی هەکـاری، لە سـەرەتای سـەدەی بیستـەمدا، بەشێوەیەکی راستەوخۆ لە ناوجەرگەی رووداوە



**هەندێ لە ئەکتەرەکانی شانۆی عوسمانلی لە ئەستەمبۆڵ – لە کۆڤاری سەروەتی فنوونەوە وەرگیراوە–**

رۆشنبیرییەکاندا و لەناو دڵی جموجۆڵە ئەدەبییەکانی وەک سەروەتی فنوون (١٨٩٠)، فەجری ئاتی (١٩٠٨)، گەنج قەڵەملار (١٩١٠) لە ئەستەمبوڵ، واتە لەناو کەشوهەوا نوێخوازییەکەی گەنجە تورکەکاندا ژیاوە؛ راستەوخۆ سوودی لە بەرهەمەکانی ئەوان و کولتووری رۆژئاوایی وەرگرتووە. لە ساڵی(١٩١٩)دا، واتە ئەو ساڵەی لە تەمەنی(٢٨) ساڵیدا بیست پارچە شیعرە نوێخوازەکەی خۆی و دوو دیوانە شیعر بە ناونیشانی (گازیا وەلات) و (عەقیدا کوردان، مەنزوومە کوردی) بڵاو دەکاتەوە: شاعیرە نوێخوازەکانی دیکەمان (رەشید نەجیب، شێخ نووری، عەبدولڕەحمان بەگی نفووسی) لە دەشتی شارەزوور یان لە سلێمانییەوە، دوور بەدوور، لە دوورەوە دەیانڕوانییە ئەو جموجۆڵە نوێخوازە هەڵایساوەی ئەستەمبوڵ! هەرچی عەبدوڵڵا گۆرانیشە، جارێ هێشتا بستێک لە (هەڵەبجە) دوور نەکەوتۆتەوە. کەواتە، یەکەم شاعیرێکی هاوچەرخ (باسی سەدەی نۆزدەیەمی پیرەمێرد و حاجی قادری کۆیی ناکەین!) کە پێوەندیی بە کولتووری رۆژئاواییەوە کردبێت و بەشێوەیەکی راستەوخۆ سوود و بەهرەی لە جموجۆڵە فەرهەنگییە رۆژئاواییە نوێخوازەکان وەرگرتبێت و لەناویاندا ژیابێت: عەبدولڕەحیم رەحمی هەکارییە!

دیسان، ناوبراو، لەچاو شاعیرەکانی دیکەمان، یەکێکە لە یەکەمین شاعیرە کوردەکان کە فێری زمانێکی ئەورووپایی (رووسی و ئەڵمانی) بووبێت و سوودی لێیان دیبێت بۆ دەوڵەمەند کردنی رۆشنبیریی شیعریی خۆی. بەکارهێنانی دەیان زاراوە و وشەی تازەی وەک (پیەس)، (تیاتر)... لە نووسینەکانی خۆیدا، کە بۆ یەکەم جار دەکەونە ناو زمانی کوردییەوە، بەڵگەی ئەم راستییەن!

لە ئەنجامی ژیان لە ئەستەمبوڵ و فێر بوونی رووسی و ئەڵمانی و وەرگرتنی ئەو کولتوورە رۆژئاواییە بەشێوەیەکی راستەوخۆ، ع.ر. هەکاری دەبێتە یەکەم شاعیری هاوچەرخی کورد کە لە کولتووری ئیسلامی (عەرەبی- فارسی)یەوە بازبداتە سەر کولتووری رۆژئاوایی و لە هەمان کاتدا پێکەوەیان گرێ بدات و سوود لە دووەمیان وەربگرێت. ئەمەش بە ئاشکرا، لە شانۆنامەکەیدا و تا رادەیەک، بەسەر تەکنیک و فۆرمە شیعرییەکانیدا رەنگی داوەتەوە.

بۆیەش، دەبینین ع.ر. هەکاری، دەستی بۆ چەندین ژانری ئەدەبی بردووە. جۆرە ئەدەبییەکانی دیکەی وەک (شانۆنامە) و (وتار) و (چیرۆکی- بەزمانی تورکی) تاقی کردۆتەوە.

**سەرچاوە:**


1- Hazim KLIC: E. R. Hekari, Ed. Xani, Danemark: 1991

2- M. E. BOZARSLAN: Jin, W. Deng, Upsala: 1985, R. 70-71.

٣- فەرهاد پیربال: پێشەکییەک بۆ سەرهەڵدانی شانۆنامە لە ئەدەبیاتی کوردیدا، گۆڤاری (هیوا)، ژمارە (٨)، پاریس: ١٩٩٣، ل٦٧ - ٦٨.

٤- زنار صلوبي( قدري جميل پاشا): في سبيل كردستان، ت: د. رضوان علي، منشورات رابطة كاوه، بيروت: ١٩٨٧.

٥- د. فەرهاد پیربال: ع. رەحمی هەکاری، ئەو نووسەرە نوێخوازەی کە بۆ یەکەمین جار شیعری ئازادی هێنایە ناو ئەدەبیاتی کوردییەوە، رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە(٨٢٩)، رۆژی ٦/١١/١٩٩٤: هەولێر.

٦- د. فەرهاد پیربال: ع. رەحمی هەکاری، ئەو نووسەرە نوێخوازەی کە بۆ یەکەمین جار شانۆنامەی هێنایە ناو ئەدەبیاتی کوردییەوە، ژمارە (٧١)ی (ئەدەب و هونەری برایەتی)دا لە رۆژی (٣/٤/١٩٩٨)

٧- د. فەرهاد پیربال: دیسان لەبارەی عبدالرحیم رەحمی هەکاری یەوە، گۆڤاری (رامان)، ژمارە( )، هەولێر: ١٩٩٩.

# پیرەمێرد
## (١٨٦٧-١٩٥٠)
## یەکەم رەخنەگری شانۆیی
## یەکێک لە یەکەم شانۆنامەنووسەکان

پیرەمێرد، تۆفیق مەحموود هەمزە ئاغا، لە ١٨٦٧ لە سلێمانی لەدایک بووە. لە حوجرە خوێندوویەتی و لە ١٨٨٢بۆتە کاتبی نفووس. پاشان لە ١٨٩٨دا چۆتە ئەستەمبۆڵ، لەوێ دیپلۆمی حقووق وەردەگرێت و دەبێتە موتەصەریفی ئەماسیا، ئنجا دەبێتە ئەندامی پەرلەمان (مەجلیسی عالی) لە دەوڵەتی عوسمانیدا. وەک زۆربەی رووناکبیرە کوردەکانی ئەو سات، لەگەڵ ژەنەراڵ شەریف پاشا و ئەمین عالی بەدرخان، لە ١٩١٨دا دەبێتە ئەندامی رێکخراوی(جەمعیەتی تەعالی و تەرەقیی کورد)[١] درەنگتریش، لە شۆڕشی کورد دژی رژێمی ئەتاتورک بەشداری دەکات و لەو شۆڕشەدا دەبێتە ئەندامی «کۆمیتەی ئەرزەرۆمی کوردان»؛ کە دوای ئەوە، وەک خۆی دەڵێ «ئیدارەی عورفیەی ئەستەمبۆڵ بە ئیعدام مەحکوومی کردم»[٢] لە ١٩٢٥دا، لەگەڵ دەرچوونی ئەمری ئیعدام و قەدەغەکردنی کولتووری کوردی و راوەدوونانی رووناکبیرە کوردەکان لەلایەن تورکیاوە، پیرەمێرد بە یەکجاری دەگەڕێتەوە سلێمانی و ژیانی خۆی، بەتەواوەتی، تەرخان دەکات بۆ ئەدەبیات[٣].



پیرەمێرد

پیرەمێرد، کە د. عیزەدین مستەفا ناوی ناوە(سیروانی ئەدەب)، بەڕاستی سیروانی ئەدەب بووە: هەر لە ئەستەمبۆڵەوە روو دەکاتە تەرجەمەکردن و کاری رۆژنامەگەری و نووسین، لە سلێمانیش خاوەن و سەرنووسەری رۆژنامەی (ژیان) و (ژین) بووە. پیرەمێرد، کە رۆڵێکی دیاری لە بواری تازەکردنەوەی شیعری کوردیدا هەبووە، لە هەمان کاتدا لە بواری تەرجەمە و رۆژنامەگەری و چیرۆک و شانۆنامە و رەخنەی ئەدەبیشدا دەستێکی باڵای هەبووە[٤].

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، بەشێکی زۆری رووناکبیرانی کورد، لە هەر چوار پارچەکەی کوردستانەوە، روویان کردبووە ئەستەمبۆڵ. پیرەمێرد یەکێک بووە لەو نووسەرانە. چوونی پیرەمێرد بۆ ئەستەمبۆڵ

بە وەرچەرخانێکی کولتووری دەژمێردرێت لە ژیانی ئەدەبیی نەتەوەی کورددا. چونکە ئەستەمبۆڵ ئاڵوگۆڕێکی کولتووریی فـراوانی تێـدا ئەنجـام دەدرا. ئەم پایتـەختـە رەنگینە فـرە کولتوورە، ببووە پردێک کە کولتووری ئەورووپای بە دنیای دوواکەوتووی کورد دەگەیاند. پیرەمـێرد، لە دوو کـەناڵەوە توانیویەتی سوود لە ئەستەمبۆڵ ببینێت:

١- لەڕێگەی ئەو ئەدەبیـاتە ئەورووپییـەوە کە تەرجەمـە کـرابووە سـەر زمـانی تورکی و لەلایەن پیـرەمـێـردەوە دەخوێنرایەوە. کەواتە، پیرەمێرد، ئەگەرچی ئەورووپاشی نەدیبـوو، بەڵام لەڕێگەی زمـانی تورکییـەوە توانیـویەتی پەی بە پێشکەوتن و تازەگەرییەکانی ئەدەبی ئەورووپی ببـات و تەنانەت پەیوەندی لەگـەڵ هەندێک لە رۆژنامـە پاریسییەکانیش ببەستێت(٥).

٢- لەڕێگەی خـودی زمـانی تورکی و ئەدەبیـاتی نەتەوەیی نوێی تورکییەوە.

ئەدەبی تورکی لەو سـەردەمـەدا لەمـێـژ بوو، واتە پێش عـەرەب و فـارس، خـۆی تازە کـردبۆوە و کـەوتبـووە ژێر تەسـیـری پەرناس و سـمـبـولیـزمی ئەورووپی: سـەروەتی فنـوون(١٨٩٠)، فـــەجـــری ئاتی(١٩٠٨)، گـــەنج قەڵەملار(١٩١٠)(٦).


KARAGÖZ
KURULUŞ TARİHİ: 10 AĞUSTOS 1908
Cuma Günleri Çıkar Türkiye'nin En Eski Siyasi Mizahi Halk Gazetesi

گۆڤاری شانۆیی
(قەرەگۆز)
لەو سەردەمە دەردەچوو
کە پیرەمێرد لە ئەستەمبۆڵ بوو

بەم شێوەیە، پیرەمێرد، لە ژینگە کولتوورییە تازەکەدا، شـێـلەی ژیان و ئەزمـــوون و کـــولتـــوورەکـــەی ئەوێی، بەشێوەیەکی راستەوخۆ وەردەگرت. لە زانکۆی ئەستەمبۆڵ خـــوێندبووی و بڕوانامـــەی بەرزی هێنابۆوە، یان بەلای کەمییەوە زۆر بەباشی فێری زمانی تورکی ببوو و بەکاری دەهێنا بۆ تازەکردنەوەی ئەدەبیاتی کوردی؛ دەڵێ:

«بە نیوە خوێندەواری لە سلێمانی دەرچووم و خوێندنێکی بەرزم هێنایەوە»(٧).

پیرەمێرد، کە لە ماوەی ساڵانی ١٨٩٧ - ١٩٢٣دا لە ئەسـتـەمـبـۆڵ ژیاوە، بەم شـێـوەیە کـاریگەرێتی و رۆڵی ئەستەمبۆڵ بەسەر پێگەیاندنی نووسەرانی کوردی ئەو کات روون دەکاتەوە:

"ئێـــمـــە زۆرترمـــان لەوێوە، لە ئەســـتـــەمـــبـــۆڵەوە، پێگەیشتووین"(٨).

"یەکەم جار لە ئوططە دراوسێی رەجایی زادە ئەکرەم بەگ و عوشـشاقی زادە خـالید زیا و حسێن رەحمی بووم، رەزا

تۆفیقیشیان پێ ناساندم ، ئیتر کەوتمە بەهەشتی سەروەتی فنوونەوە''، ''ئێـــواران کــە لە ئەســتــەمبووڵەوە بە واپۆڕ ئەگەڕامەوە بۆ لانەی سەعادەتی خۆم کە ئوططە بوو، وە کە ســەروەتی فنوونم لە گــۆگــرتەی ئەو واپۆڕی ســەر دەریای مەڕمەڕییەدا ئەخوێندەوە، تەئسیری ئەو شیعر و ئەدەبیاتە لە سندبادی بەحری زیاتر ئەیخستمە دەریای خولیاوە ''[٩].

ئەگەر پیرەمێرد وەک نموونەیەک بۆ نووسەرانی کوردی ئەوێ وەری بگرین، رادەی کاریگەرێتیی ئەو ئەدەبیاتە نەوژەنەمان بەسەر نووسەرانی کورددا بەم شێوەیە بۆ روون دەبێتەوە:

١- پیرەمێرد بە بەکارهێنانی وشەی (ئێمە) دان بەوەدا دەنێ کە نەوەیەکی نووسەرانی کورد، سەرتاپا، لە ئەستەمبوڵدا پێگەییوە.

٢- پیرەمێرد، لەگەڵ نووسەر و شانۆنامەنووسانی گەورەی وەک رەجایی زادە ئەکرەم بەگ و عوششاقی زادە خالید زیا و حسێن رەحمی و رەزا تۆفیق، نەک هەر هاوڕێی نزیک، بەڵکو دراوسێش بووە و لە یەک ئاپارتماندا ژیاون. دۆستایەتیی پیرەمێرد لەگەڵ ڕێبەری شیعری تازەی تورکی، عبدالحق حامید، هێندە پتەو بووە کە تەنانەت عبدالحق حامید ڕێگەی داوەتە خۆی یەکێک لە پەخشانەکانی پیرەمێرد بکاتە شیعر و بڵاوی بکاتەوە[١٠].

٣- پیرەمێرد بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەژێر کاریگەرێتیی گـۆڤـاری سـەروەتی فنوون دا بووە و یەکسەر لەناو جموجۆڵە ئەدەبی و شانۆیی و هونەرییەکەدا ژیاوە.

٤- بەشی زۆری ئەو نووسەرانەی پیرەمێرد ناویان دەبا شانۆنامەنووس و شاعیر بوونە.

بۆیە دەبینین: پیرەمێرد پێش هەموو نووسەرێکی کوردی دیکە، کاتێ دەگەڕێتەوە کوردستانی عیراق، دەست دەداتە پێنووس و بایەخی (تەمسیل) بۆ کوردان روون دەکاتەوە[١١] بۆیە، هەر خۆیشی، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا، وتاری شانۆیی و رەخنەی شانۆیی دەنووسێت[١٢] لە هەمان کاتدا، پیرەمێرد یەکێکە لە یەکەم ئەو نووسەرە کوردانەی کە شانۆنامەیان نووسیبێت.



نامیق کەمال

پیرەمێرد، وەک دەیان رووناکبیر و نووسەری دیکە، لە


١٩٢٣ بەملاوە، دووای قەدەغەکردنی زمانی کوردی و راوەدوونانی روناکبیرە کوردەکان لەلایەن رژێمی تورکیاوە؛ گەڕایەوە بۆ کوردستان و بووە پردێک لەنێوان ئەورووپا و کوردستان: بەشێکی کولتووری دنیای رۆژئاوای – بە تورکیاشەوە – بۆ یەکەمین جار گەیاندە کوردستان.

پیرەمێرد هەم لە بواری نووسینی شانۆنامە و هەم لە بوارەکانی دیکەی ئەدەبدا، وا پێدەچێ لە ١٩٢٥ بەملاوە، کەوتبێتە ژێر کاریگەرییەکی دوو فاقییەوە: لە لایەک تورکی – ئەورووپی، لە لایەکی تر عەرەبییەوە. ئەمەش چونکە، کاتێ لە ئەستەمبۆڵەوە دەگەڕێتەوە سلێمانی، دەکەوێتە ناو دنیای ئەدەبیاتی عەرەبی یان عیراقییەوە، بۆ نموونە: دامەزراندنی تیپە شانۆییە ئینگلیزی – عیراقییەکان، هانی پیرەمێرد دەدات کە بیر لەوە بکاتەوە کوردیش تیپی سەربەخۆ دابمەزرێنێ. شانۆکارێکی وەک حقي الشبلي، کە هونەرمەندێکی گەورەی شانۆی عیراقیی ئەوسایە و لەگەڵ تیپە عەرەبییەکەی خۆی لە ١٩٢٩دا دێتە کوردستان، راستەوخۆ کار دەکاتە سەر ویژدان و هەستی شانۆیی پیرەمێرد. پیرەمێرد ئەکتەرەکانی شانۆگەریی (سەربازی ئازا) بەراورد دەکات بە حقي الشبلي(١٣) مانشێتێکی رۆژنامەی (ژیان) ئەوە دەردەخات کە پیرەمێرد چەند بەگەرمییەوە پێشوازی لەم هونەرە شارستانییە تازەیە کردووە چەند دڵی بە تیپێکی شانۆیی بیانی خۆش بووە کە بۆ پێشکەشکردنی شانۆگەری هاتوونەتە سلێمانی:

تیاترۆ! لەمەودوا تیاترۆیشمان ئەبێ! قۆمپانیایەکی قەومێک کە چەند رۆژێ لەمەوپێش هاتبوون و ئیشیان ئەکرد، تەشەبوسیان بە جەلب و هێنانی تاقمێکی تیاترۆ کرد. ئێستا تاقمی تیاترۆیان هێناوە و موساعەدەیان ئیستیحساڵ کردووە کە یاری بکەن. مەملەکەت لەم موئەسەسانە خاڵی نابێ! و خەڵقی لەپاش ئیش و کار و مەتاعیبی یەومییە بۆ تەتبیعی دەماغ و ئیسراحەتی نەفس بەم تەحرە شتانە لزووم و ئیحتیاجییەک حیس ئەکا(١٤).

بەم شێوەیە، پێدەچێ، هەموو ئەم کاریگەرییە میسری و عەرەبی – عیراقی و ئینگلیزییە جۆراوجۆرە تازانە، بەهۆی ئەو ئەتمۆسفێرە کولتوورییە شارستانییە نوێیەی تازە بۆ کورد خولقابوو، رۆڵیان هەبووە بەسەر نەشونمای هەستی شانۆنامەنووسی لای پیرەمێرد.

پیرەمێرد یەکەمین نووسەری کوردە کە رەگەزی شانۆنامە



**ئەکرەم رەجائی زادە**
**شانۆنامەنووسی عوسمانلی**
**لە گۆڤاری (ثروت فنون)**
**هاورێ و دراوسێی پیرەمێرد**

(پیــەس و تــەمـــســـیــل، یان درام) بە خـــوێنەرانی کـــورد دەناسێنێ. هەستی ڕەخنەیی بەرامبەر شانۆ بڵاو دەکاتەوە، دەیەوێ کورد ڕۆشنبیرییەکی شانۆیی پەیدا بکەن. دەڵێ:

"فـەننی تەمـسـیل، لە هەمـوو جێگایەکدا ڕەغـبـەتێکی تەواو و ئیمتیازێکی موناسیبی دراوەتێ.

حەتتـا ئەوانەی کـە لەم فـەننە بەقـیـمـەتەدا دەسـدرێژی و ئیختیساسیان پەیداکردووە، بە کەماڵی ئیحتیرامەوە یاد و تەقدیر کراون.

زیرا ئەم فـــەننە، بەسـەر ئەخـلاقی مـیللەت، عـــاداتی مەملەکەت، ئەطوار و ئەفکاری ئینساندا تەئسیرێکی باش ئیجرا دەکات"(١٥).

پیـرەمێرد، لە هەمـان کـاتدا، یەکـەم ڕەخنەی شـانۆیی، بۆ یەکـەمین جـار لە مـێژووی ئەدەبیـاتی کوردیدا، دەنووسێت. بڕوانە ڕۆژنامـەی (ژیان) ژمـارەی ڕۆژی سێ شـەممەی ٢ی ئاغستوسی ١٩٢٧، کە وتارێکی ڕەخنەییە، تێیدا ڕەخنەی لە شـانۆگـەریی (نیـرۆن) گـرتووە کـە لە شـاری سلێـمـانی لەلایەن تیـپی قـوتابخـانەی زانسـتـیـیەوە لە ڕۆژانی ٢٧ و ٢٨ی مـانگی تەمووزی ١٩٢٧دا پێشـکەش کـراوە. دوای ئەوەش، لە کانوونی دووەمی ١٩٣٥، شانۆگەریی(سەربازی ئازا) نووسـینی ڕمـزي القطان، لە سلێـمـانی، لەلایەن جەمـعیـەتی زانسـتـیـیەوە، پێشکەشکراوە. پیـرەمـێرد ڕەخنەیەکی شـانۆیی لەبارەی ئەم شـانۆگـەرییـەوە، بە ناوی (تەمـسـیل، سـەرگورشـتـە نمایی) لە ڕۆژنامـەی ژیان ژمـارە ٤٢٦، ١٢/ ١ /١٩٣٥ نووسیوە، دەڵێ:

" مودیری مەعاریف پێی ڕاگەیاندین کە خوێندەوارەکان و ئامـۆژگـارییـەکـانیـان ئەیانەوێ ئەم جـەژنە بە هۆی بواری خوێندنەوە تەمسیل بکەن. دەستە کوڕگەلێکی موهیـمـان نەوازشی سوپاهییەکی مەرد (الجندي الباسل) یان ئەنواند. قارەمانی سەرگورشتەکە بە ناوی قارەمانەوە دەهاتە کایەوە، شاکـیر ئەفەندیی مـوعەلیم بوو. قـارەمانیی لێ ئەگـونجا و (ڕۆڵ) لاسایی باشی بەجێ هێنا. سەراپا باش بوو، تەنها کە هاتن بیگرن و کە بردیانە بەردەمی لەشکرەکە بێچارەیی و پاڕانەوەی نواند، لە شـــەوی دووەمـــدا چاکی کـــردەوە. سـەرلەشکر و لەشکرەکـەش و سـەردارەکـان هەمـوویان باش بوون، بەڵام دەزگـیـرانەکەی قـارەمـان، کـە نازدار بـوو، هیچ "نازدار" نەبوو. لەگـەڵ ئەمـەیشـدا زۆر پەسـەند و ئافـەرینی ئەکـەم، چونکە هێـشـتـا ئەم سنعـەت و پیشـە پەسـەندە بە




**گۆڤاری (تەماشا)**
**لە سەردەمی پیرەمێرد**
**لە ئەستەمبوڵ لە ١٩١٨ تایبەت بوو بە شانۆ**

نەنگ ئەزانن. ئەم درامــە زۆر شــتی لێ دێتــە بەرهەم، یەکــەمیــان تەمــسیــل سنعــەتە و زۆر پەســەندە. دووەم چاولێکەری و پێــڕەوی و لاســایی مــەردانی لە مــەعــز و ڕیشــەی دڵی نەوجەوانانـدا بنج بەستی ئەبێ، سبەی ڕۆژێ زۆر بە ئارەزووەوە فیداکاری خاکە پاکەکەیان ئەکەن. جگە لەمـانە، درامـایەکی باش بوو بۆ کـەشافـە و کـەم پارەکـانی مەکتەب پەیدا ئەبێ».

خاسیەتی هەرە دیاری شانۆنامەکانی پیرەمێرد ئەوەیە کە چیرۆکە مێژوویی و نەتەوەیی و فۆلکلۆرییەکانی ئاوێتەی یەکتر کردووە و بـابەتێکی هاوچەرخی پێ دروست کردوون. لەوانەیە لە بواری تەکنیکی شـانۆییـدا هێنده سـەرکـەوتوو نەبووبێت، بەڵام نووســینی زیاتر لە پێنج شــانۆنامــە و پیشـاندانیـان لەسەر تەختەی شانۆ لەو زەمـانەدا، کارێکی گرنگ و کـاریگەر بووە لەڕووی برەو پێسەندنی جموجۆڵی شانۆییدا(١٦).

**بەرهەمە شانۆییەکانی:**

– پیــرەمــێــرد، لە ڕۆژنامــەی (ژیان) ژمـارەی ڕۆژی سێ شەممە، لە ٢ی ئاغستوسی ١٩٢٧، یەکەم ڕەخنەی شانۆیی، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا، دەنووسێت؛ لە هەمـان کـاتدا، دیسـان لە ڕۆژنامـەی (ژیان)، ڕەگـەزی شانۆنامە(پیەس و تەمسیل، یان درام) بە خوێنەرانی کورد دەناسێنێ.

– لە ١٩٣٢دا: بڵاوکـردنەوەی شـانۆنامـەی مـەم و زین (کە دەبێتە دووەم شانۆنامە لە ئەدەبی کوردیدا)، بە زنجیرە، لە ڕۆژنامــەی (ژیان) لـە سلێــمـانی. پاشـان لە ١٩٣٥دا خراوەتە سەر شانۆ.

– لە ١٩٣٤، پیرەمێرد شانۆنامەیەکی ٢٢ لاپەڕەیی لە چاپخـانەی ژین لـە سلێــمـانی بە ناونیـشـانی مـەم و زین لەچاپ دەدات، کـە بە شیـعـر و پەخشـانە. دەبێـتـە دووەم شــانۆنامــەی چاپکراو، لەدوای ئەوەی ع. ر. هەکـاری لە ١٩١٩.

– پیــرەمــێــرد ڕەخنەیەکی شـانۆیی لەبارەی شـانۆگـەریی (سەربازی ئازا)، بە ناوی (تەمـسیـل، سەرگورشتە نمایی) لە ڕۆژنامەی ژیان ژ ٤٢٦، ١٢/ ١ /١٩٣٥ نووسیوە.

– لە جـەژنی ڕەمـەزانی (لە مـانگی دوازدەی) ١٩٣٥، مەم و زینی پیرەمێرد خراوەتە سەر شانۆ. ئەم شانۆنامەیە لە



گۆڤارێکی شانۆیی
لە ئەستەمبوڵ
سەردەمی پیرەمێرد

جێگای ئوتێلەکەی حاجی ئیبراهیم ئاغای نزیک بەردەرکی سەرا لە شەوانی جەژنی رەمەزان بۆ ماوەی چوار شەو پیشاندراوە. جەمعیەتی زانستی سەرپەرشتییان کردووە. پیرەمێرد ئیشارەتی بەوە داوە کە دوواتر لە هەولێریش پێشکەش کراوە(١٧)

– لە ١٩٣٥/١٢/١٤ پیرەمێرد پێش پێشکەشکردن، لە وتاری (تەمسیلی لاوانی زانستی)دا، لە ژمارە (٤٦٢)ی رۆژنامەی (ژیان)دا دەڵێ: "شەوێک چووینە پەراوەی پیەسەکەیان. بە چاوێکی تەنقید و تەدقیق روانیومانە، ئەتوانین بڵێین هێشتا لەم شارەدا تەمسیلی وا رێک و پێک نەکراوە. ئێستا رۆڵەی زانستی دەبینین کە هەر یەکە و شبلییکن. ئنجا لام وایە هەر چی بۆ ئەم دەعوەتە نەیە، ئیمانی میللی بە قەدەر تاڵە دەزوویەکە».

ئەکتەرەکان: مەجید فەتاح ئوتووچی (مەم)، خۆیشی دەرهێنەر بووە.، شێخ نووری شێخ جەلال (زین)، حاجی باقی نانەوا، بەکر عەلی کەوشدروو، غەفوور بەکر میسری. پیرەمێرد، یەکە یەکە رۆڵی ئەکتەرەکان هەڵدەسەنگێنێ و هەندێ رەخنەی شانۆییان لێ دەگرێت(١٨).

– لە ١٩٣٦، پیشاندانی شانۆنامەی (مەحموود ئاغای شێوەکەل) نووسراوی پیرەمێرد، لە شوێنی ئوتێلی گەل، لەلایەن قوتابیانی کۆمەڵی زانستییەوە.

– لە ١٩٣٧، پیشاندانی شانۆنامەی شەریف هەمەوەند، نووسینی پیرەمێرد، لەلایەن قوتابیانی کۆمەڵی زانستییەوە لە سلێمانی.

هەروەها حاجی باقی بەنگینە لە ژمارە ٥١٣ی رۆژنامەی ژیانی ١٩٣٧ دوو درامای کوردی، بەشیعر هەڵدەسەنگێنێ، یەکەم: مەحمود ئاغای شیوەکەل، دووەم: فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە. شیعرەکە بیست دێڕە.

– لە ١٩٤٢، پیرەمێرد شانۆنامەی (مەحموود ئاغای شێوەکەل) یان (پیەسی تەمسیلێکی راستی لە وڵاتی خۆماندا رووی داوە) بڵاو دەکاتەوە لە ٣٨ لاپەڕەدا لە چاپخانەی ژین لە سلێمانی.

– لە ١٩٤٦، مەم و زینی پیرەمێرد خراوەتە سەر شانۆ. ئەم جارە حاجی باقی بەنگینە دەوری ئافرەتەکەی بە ناوی (بەنگینە) تێدا دیوە، لەمەشەوە نازناوی بەنگینەی بەسەردا براوە.

**سەرچاوە:**


١- رۆژنامەی ژیان، ژمارە (١٦٧)، سلێمانی: ١٩٢٩.
٢- رۆژنامەی ژین، ژمارە (٩٥٣)، شوباتی ١٩٤٩
٣- د. عزالدین: ئەدەبیاتی نوێی کوردی، بەغدا: ١٩٨٩، ل ٥٦.
٤- ئومێد ئاشنا: پیرەمێردی رۆژنامەنووس، سلێمانی: ١٩٩٨
٥- ئومێد ئاشنا: پیرەمێردی رۆژنامەنووس، سلێمانی: ١٩٩٨، ل ٥، ٨، ١٣.

6- Ahmed HACHIM: Les Tendance actuelles de la litterature turque, in Mercure de France, 35me annee, Paris: 1924. PP 641- 655.

٧- هاوار: پیرەمێردی نەمر، ل ٢٠
٨- رۆژنامەی ژین، ژمارە (٨٩٣)، سلێمانی: ١٩٤٧
٩- ژین، ژمارە (٩٦٧)، حوزەیرانی ١٩٤٩.
١٠- ژین، ژمارە (٩٨٣)،ساڵی ١٩٤٩
١١- رۆژنامەی ژیان، رۆژی سێ شەممە، ٢ی ئاغستۆسی ١٩٢٧.
١٢- رۆژنامەی ژیان ژمارەی رۆژی سێ شەممە ٢ی ئاغستوسی ١٩٢٧.
١٣- رۆژنامەی ژیان، ژمارە (٤٦٢)، ١٩٣٥/١٢/١٤، ل ٦٩.
١٤- رۆژنامەی (ژیان)، ژمارە (٦٢)، سلێمانی:١٩٢٧، ل ٣.
١٥- پیرەمێرد: رۆژنامەی ژیان، رۆژی سێ شەممە، ٢ی ئاغستۆسی ١٩٢٧.
١٦- د. عزالدین: ئەدەبی نوێی کوردی، ل ٧١
١٧- ژیان، ژمارە (٤٦٢)
١٨- ژیان ٤٦٢، ١٤/ ١٢/ ١٨- ١٩٣٥ .

# جەواد رەسوول ناجی

## ( ١٩٢٢ - ١١/ ١١/ ١٩٧٥)

- یەکەم پەیکەرتاش و یەکێک لە یەکەمین دەرهێنەرەکانی شانۆ لە هەولێر، نیگارکێش، ئەکتەر، دیکۆریست.
- لە ١٩٢٢ لە گەڕەکی بایزاغا لە کۆیە لەدایکبووە. لە ١٩٢٧ چۆتە قوتابخانە. دوو قۆناغ پێش جابیر پیرداودی پەیکەرتاش خوێندوویەتی.
- لە ١٥ /١٩٣١/١٠دا، بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا، لە پۆلی پێنجەمی سەرەتاییدا، چۆتە سەر شانۆ.
- لە ١٩٤١ لە هەولێر ناوەندیی تەواو کردووە و چۆتە بەغدا بۆ خوێندن لە دار المعلمینی بەغدای ئەعزەمیە، لە ٣٠/ ١٠/ ١٩٤٤ بۆتە مامۆستا لە هەولێر.
- لە کۆتایی سالآنی ١٩٤٠بەملاوە لە لیژنەی هونەریی رەسم دا بووە لە قوتابخانەکانی هەولێر، سەرپەرشتیی رەسمکردنی قوتابیان و کردنەوەی پێشانگە و چالآکییە شانۆیی و هونەرییەکانی کردووە.
- لە ١٩٥٢ لە ئامادەیی هەولێر، لە جێی محافەزەی ئێستا، بۆتە مامۆستای رەسم. دەرسی رەسم و مۆسیقا و هونەرە دەستییەکانی دەدایەوە. لە ناوەڕاستی پەنجاکاندا دەرسی بە چەندین قوتابیی وەک سلێمان شاکر و محەمەد عارف داوە کە ئەمڕۆ هونەرمەندی گەورەن. چەندین قوتابیشی فێری هونەری شانۆ کردووە.
- لە ١٩٥٨ بە وەفد، لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی دیکەی شاری هەولێر (جابیر پیرداود، محەمەد عارف، سلێمان شاکر..) نێردرانە ڤیەننا. لە ١٩٦٤ بەملاوە لە دارالمعلمین لە هەولێر دەرسی هونەری گوتۆتەوە.

جەواد رەسول ناجی رۆلێکی گرنگ و کاریگەری بینیوە لە بەرەوپێشەوەبردنی جموجۆلی رەسم و شێوەکاری و شانۆ لە کوردستاندا و بەتایبەتی لە شاری هەولێر.



جەواد ڕەسووڵ ناجی

### هەندێ بەرهەمە شانۆییەکانی:

- لە ١٥/ ١٩٣١/١٠ بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا، لە پۆلی پێنجەمی سەرەتاییدا، چۆتە سەر شانۆ و بەشداریی لە شانۆگەریی نیرۆن دا کردووە لە رواندوز. عیززەت حسێن ئەحمەد ئەفەندی، دەڵێ: لە ساڵی ١٩٣١دا لە رواندوز

شانۆگەریی نیرۆن پیشاندراوە. کۆمیدیایەکی نۆ پەردە بووە، لەبارەی قومار و دەردە کۆمەڵایەتییەکان بووە. دوو رۆژ پرۆڤـەیان کـردووە. دوو رۆژ بۆ پیـاوان، رۆژێک بۆ ژنان بووە. هەروەها دەڵێ: لە ١٩٣١ چووم بۆ رواندوز بۆ نیرۆن کە لە رواندوز لە ١٩٣١ پێشکەش کراوە. سمایل بەگ و رەزا بەگ و حـوسـێن حـوزنی مـوکـریانی هاتن بینییـان. تاهیر سادق ئامادەی کردبوو و بەشداریی تیا کـردبوو. وێنەیەکی ئەکـتـەرەکـانی ئەم شـانۆگـەرییـە لە ئەرشـیـفی مـحـەمـەد تەیموور هەیە کـە حـوسـێن حـوزنی موکریانیش لەگەڵیان وەستاوە.

ئەکتەر، فوئاد رەشید بەکر دەڵێ: "نووکی شمشێرەکەی نیرۆن بە ئاستەم بەر سەری جەواد رەسوول ناجی کەوتبوو لە رواندوز لـە کـاتی تەمـسـیلکردندا. لە مـاڵی سـمـایل بەگی ئاغـــای رواندوز هێنابوومـــان". بەڕێوەبەری مەکتەبەکەی رواندوز فوئاد رەشید بەکر بووە، شانۆگەریی نیـرۆنی دەرهێناوە و دەوری نیـرۆنی بینیـوە، دیکۆر و جلوبەرگ و ماکیاژیش خۆی کردوویەتی. سێزدە ئەکتەر دەوریان بینیوە. فـوئاد دەوری نیـرۆن. ئەکـتـەرەکـانی تر: جـــەواد رەســـوول نـاجی (یـازدە ســـاڵان بـووە، دەوری تەمبوورژەن، عـەبایەکی سـووری لەبەر بـووە و قلنجـێکی پێ بووە و تـاجـێکی لەسـەر بـووە. قلنجـەکـەی لـە لانێوچەوانی خۆی داوە و نەزیف بووە، هەر بەردەوامیش بووە لە نواندن).

- لە ســاڵانی ١٩٣٠-١٩٤٠ رۆڵی هـەبـووە لە ژیـانی شانۆیی کۆیە و رواندز و هەولێر.
- لە ١٩٥١ - ١٩٥٢ لە هەولێـر چەندین شـانۆگـەریی دەرهێناوە و بەشداریی تێدا کردووە، لەوانە ئۆتێللۆ.
- لە ١٩٥٤ دیسان شانۆی ئۆتێللۆی خستە سەر شانۆ لە هەولێر
- لە ١٩٥٩ شـانۆگـەریی هاروونە رەشـیـدی لە هۆڵی ئامادەیی هەولێر لە هەولێر پێشکەش کردووە، لە نووسین و دەرهێنان و دیکۆر و مـاکـیـاژی خۆی، خـۆیشی دەوری هاروونە رەشیدی دەبینی.



**جەواد ڕەسووڵ ناجی**
**لە دەستەچەپدا، سیدارەی لە سەرە**
**لە پۆلی چوارەمی سەرەتایی لە ئەستەمبۆڵ**

**سەرچاوە:**

١- محەمەد تەیموور: شانۆ لە قوتابخانەکاندا، گ. ئوتۆنۆمی، ژ ٢١، ١٩٨٤، ل ١٠٥ - ١١٢.
٢- یادێکی هونەرمەند جەواد رەسوول ناجی، رۆژنامەی برایەتی، ژمارە ٢٢١٢، ساڵی ١٩٩٦.
٣- وتارێکی مومتاز حەیدەری لە گۆڤاری نووسەری نوێ، ژمارە ٣ /١٩٧٨.
٤- زهير عبدالمسيح: اول مسرحية كردية في رواندوز، جريدة العراق، صفحة الثقافة الكردية: ١٩٧٨/٥.
٥- زهير عبدالمسيح: اول مسرحية كردية في رواندوز، جريدة العراق، صفحة الثقافة الكردية. نهاية السبعينات.
٦- محەمەد تەیموور: دەروازەیەکی رەخنەیی درامای نوێی کوردی، گۆڤاری کاروان، ژمارە ٦٤، مایسی ١٩٨٨، ل ٦٠ - ٧٠.



**شانۆگەریی نیرۆن کە جەواد ڕەسووڵ ناجی لە ڕەواندز دەوری تێدا دیوە**

## فوئاد رەشید بەکر

## ١٩٠٥/٧/١٠ سلێمانی - ١٩٩٤/٨/٩ مووسڵ

فوئاد رەشید روشدی بەکر لە ١٠ی٧ی ١٩٠٥ لە سلێمانی لەدایک بووە. لە قوتابخانەی نموونەی سەعادەت لە سلێمانی، لە ٢٠-١٩٢١دا، خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە. لە بەغدا فێرگەی مامۆستایانی لە ١٩٢٥ تەواو کردووە و لە ١٩٢٦ لە سلێمانی بە مامۆستای سەرەتایی دامەزراوە. ئنجا لەنێوان ١٩٢٧-١٩٣٠ بۆتە مامۆستا لە هەولێر، پاشان لە ١٩٣٠-١٩٣٦ بۆتە مودیری قوتابخانەی شاری رواندوز، پاشان راگوازراوەتەوە چەمچەماڵ و دواتر بۆ قوتابخانەی فەیسەڵیەی سلێمانی. لە ١٩٦٧ خانەنشین کرا. مامۆستای ئینگلیزی بووە، وانەی بیرکاریشی گوتۆتەوە. زمانەکانی ئینگلیزی و تورکی و عەرەبیی زانیوە. هاوسەری جەمیلەی جەمال عیرفان بووە. فوئاد رەشید بەکر ئەندامی کۆمەڵی لاوانی کوردی کەرکوک و بەغدا بووە(١).

فوئاد رەشید بەکر، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە مستەفا سائیب رۆڵێکی گرنگی هەبووە بەسەر خۆی و نووسەرانی سلێمانی بۆ ئەوەی روو لە شانۆ بکەن؛ دەڵێت: (مستەفا سائیب بوو کە ئێمەی خستە سەر کەڵکەڵەی تەمسیل کردن)(٢) لەم بارەوە پیرەمێردیش، گەواهیی هەمان راستیمان بۆ دەدات(٣).

فوئاد رەشید بەکر، کە وەک دەرهێنەر و ئەکتەر و نووسەری شانۆ دەوری هەبووە، یەکەم کوردە کە لە سلێمانی شانۆگەریی ئامادە و پێشکەش کردووە؛ هەروەها یەکەم کەسە لە سلێمانی کە دەوری ئافرەتی لە شانۆگەریی کوردیدا دیوە.

### بەرهەمە شانۆییەکانی:

**١٩٢٣**

- یەکەم شانۆگەری لە سلێمانی، شانۆگەریی (عیلم و جەهل) لە ئامادەکردنی فوئاد رەشید بەکر بووە، کۆمەڵە لاوێک پیشانیان داوە(٤).

**١٩٢٦**

- شانۆگەرییەک بە ناوی جووتە برا (لولا المحامی)، لە

نووســینی تقي الدین اللبناني، له هاوینی ١٩٢٦دا، له سلێـمانی پیشـاندراوه. مـەحـموود جـەودەت دەربهـێنابوو. عـەبدولواحـید نووری و فـوئاد رەشـید بەکـر دەوریان تێدا بینیوه.

دیســان له ١٩٢٦، شــانۆگــەریی ئاغــا و ئاغــاژن له سەرسەکۆی پاڵ دیوارێک له قوتابخانەی یەکەمی سلێمانی پێشکەشکراوه. فوئاد رەشید بەکر یەکەم کەسە له سلێمانی دا دەوری ئافـرەت (ئاغـاژن) له شـانۆگـەریی کـوردیدا، واته لەم شـانۆگـەرییەدا ببینێت. مامۆسـتا عـەلی ئاغـا دەوری ئاغـا، یەحیـا ئەفـەندی رەسـسـامیش دەوری خزمـەتکاری هەبووه(٥).

## ٢٧ و ٢٨ی تەمموزی ١٩٢٧

- شانۆگەریی نیرۆن، له نووسینی محمد لطفی جمعەی میسری، به تەرجەمه و ئامادەکردنی فوئاد رەشید بەکر له عەرەبییەوه، له شاری سلێمانی لەلایەن تیپی قوتابخانەی زانســتـیــیــەوه له رۆژانی ٢٧ و ٢٨ی مـانگی تەمووزی ١٩٢٧دا پێـشـکەش کـراوه، فـوئاد رەشـیـد بەکـر دەوری قەرالیچەی خێزانی نیرۆنی تێدا دیوه.

- له هاوینی ١٩٢٧: پیـشـاندانی شـانۆنامـەی یۆلیـۆس قـەیسـەر، نووسـینی شـەکسـپـیـر، لەلایەن قـوتابیـانی زانستییەوه.

- فـوئاد رەشـیـد بەکـر دەڵێ: له سلێـمـانی، له هاوینی ١٩٢٧، شـانۆی (لولا المحـامی - عـیلم و جـەهل) مـان پێشکەش کرد کـه دیکۆرمـان نەبوو، له نـووسـینی سـعـید تقي‌الدین اللبناني بوو. نەماندەزانی دەقەکه چۆن پێشکەش بکەین(٦).

## ١٩٢٨

شانۆگەریی بەدڕەوشتی؛ ئامادەکار: فوئاد رەشید بەکر، له هەولێر (زاری کرمانجی له ژماره یەکی ساڵی ١٩٢٨دا باسی دەکا).

## مانگی مارتی ١٩٣٠

فـوئاد رەشـیـد بەکـر، له سلێـمـانی، کـورته نمایشـێکی نیشانداوه به ناوی (مامۆستای کۆن).

## ١٩٣٠/٣/٢٠

قـوتابخـانەی زانســتـیی کـچـان، له سلێـمـانی، به

**... له ســــــاڵــی ١٩٥٢ بـه هـانـدانـی مــــەحـــمـــوود جـەودەت، مـسـتـەفـا سـائیب، سـاڵح قـەفـتـان و هەنـدێکی تـــر، بــــزووتـــــنــــەوەی شـــانۆگـــەرییـــان هـێـنایه هونـەری کـوردەوارییـەوه... کاک فـوئاد رەشـید بەکر لەم مــاوەیەدا دەوری گــرنـگـی هەبووه» .**

رەفیق چالاک
دەسنووسی بیرەوەرییەکانی
بەغدا: ١٩٧٢ ل٣

سەرپەرشتیی بەڕێوەبەر و خانمانی قوتابخانەکە، بۆ ماوەی دوو ڕۆژ ئاهەنگێک بۆ ئافرەتانی سلێمانی ساز دەکات؛ شانۆگەریی (ئەوەی ئەیچێنی ئەوە ئەدروویتەوە) پێشکەش دەکات. فوئاد ڕەشید بەکر یارمەتیی بەڕێوەبردنی دابوو. لەم شانۆگەرییەدا، بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا، ئافرەتی کورد دەچێتە سەر شانۆ.

**١٩٣١**

شانۆگەریی ژنهێنانی کوردەواری، لە نووسین و دەرهێنانی فوئاد ڕەشید بەکر، لەلایەن خوێندکارە کوردەکانی خانەی مامۆستایان لە بەغدا پێشکەشکراوە.(٧)

**١٩٣١/١٠/١٥**

لە ڕواندوز شانۆگەریی نیرۆن پیشاندراوە. کۆمیدیایەکی نۆ پەردە بووە، لەبارەی قومار و دەردە کۆمەڵایەتییەکان بووە. دوو ڕۆژ پرۆڤەیان کردووە. دوو ڕۆژ بۆ پیاوان، ڕۆژێک بۆ ژنان بووە. خۆی شانۆگەریی نیرۆنی دەرهێناوە، دەوری نیرۆن ی بینیوە، دیکۆر و جلوبەرگ و ماکیاژیش خۆی کردوویەتی. سێزدە ئەکتەر دەوریان بینیوە. تاهیر سادق ئامادەی کردبوو و بەشداریی تێدا کردبوو. فوئاد ڕەشید دەوری نیرۆنی دیوە، کە دەڵێ: «نووکی شمشێرەکەی نیرۆن بە ئاستەم بەر سەری جەواد ڕەسوول ناجی کەوتبوو لە ڕواندوز لە کاتی تەمسیل کردندا. لە ماڵی سمایل بەگی ئاغای ڕواندوز هێنابوومان». سمایل بەگ و ڕەزا بەگ و حوسێن حوزنی موکریانی هاتن بینییان.

– لە ١٩٣٨: پیشاندانی شانۆنامەی (ئافاتی تاعوون) تەرجەمە و ئامادەکردنی شێخ سەلامی شاعیر لە شوێنی سەرۆکایەتیی زانکۆی سلێمانیی ئێستا، لەلایەن قوتابیانی فەیسەڵییەوە، بە سەرپەرشتیی فوئاد ڕەشید بەکر.

**١٩٥٧/٦/١٩**

دامەزراندنی یەکەم دەزگای هونەریی مۆڵەتپێدراوی ڕەسمی: کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی. دەستەی دامەزرێن: فوئاد ڕەشید بەکر، شەفیقە سەعید، ڕەفیق چالاک، نووری محەمەد ئەمین وەشتی، محەمەد سالح دیلان، ئازاد شەوقی، خالید سەعید، ولیەم یۆحەننا، مستەفا سالح کەریم، شەفیقە سەعید عوسمان، قادر دیلان، مەجید ڕەشید بەکر، نەجات عەبدە ئەمین، سەید محسین سەید سمین. ئەمە یەکەم تیپی شانۆیی و



**قوتابیانی ناوەندیی فیصلیە**
**لە سلێمانی ١٩٣١**

نیگارکێشانی مۆڵەت پێدراوی سلێمانییە. یەکەم هەڵبژاردنی گشتی لە ٥/ ٧/ ١٩٥٧دا کراوە. کرانەوەیشی لە ١/ ٨دا بووە. رۆژنامەی ژینی ژمارە ١٣٥٥ ی رۆژی ١٩٥٧/٨/٨ لەسەری نووسیوە.. کۆمیتەی وێنە و کۆڵێن: ئازاد شەوقی، خالید سەعید، جەمال بەختیار. کۆمیتەی نواندن: رەفیق چالاک، تەها خەلیل، رەئووف یەحیا، نووری وەشتی. رەفیق چالاک سەرۆکی کۆمەڵە بوو(٩).

**سەرچاوە:**


١- کەمال رەئووف محەممەد: مستەفا سائیب ئەستێرە گەشەی کورد، دەزگای سەردەم، سلێمانی: ١٩٩٨، ل ٣٣٧.

٢- کەمال رەئووف محەممەد: مستەفا سائیب، ئەستێرە گەشەی کورد، دەزگای سەردەم، سلێمانی: ١٩٩٩، ل ١٩.

٣- ژیان، سلێمانی: ١٩٣٦. لەم سەرچاوەیەوە وەرگیراوە: کەمال رەئووف محەممەد: مستەفا سائیب، ل ١٩.

٤- محەممەد تەیموور: دەربارەی دراما و رەخنە، گۆڤاری کاروان، ژ ٤١، هەولێر: ١٩٨٦، لاپەڕە ٦٣ - ٧٠.

٥- مصطفى صالح کەریم: چەند لاپەڕەیەکی پڕشنگداری کاروانی شانۆگەریی کوردی، پاشکۆی عیراق، بەغدا: ٢١ی ٧ی ١٩٧٨.

٦- یاسین قادر بەرزنجی: چاوپێکەوتنێک لەگەڵ فوئاد رەشید بەکر، رۆژنامەی العراق، بەغدا: ١٢ی ٧ی ١٩٨٦

٧- شانۆ، بڵاوکراوەی نەقابەی هونەرمەندانی سلێمانی، ١٩٨٣، ل ٦٤.

٨- محەممەد تەیموور: دەربارەی دراما و رەخنە، گ. کاروان، ژ ٤١، لاپەڕە ٦٣ - ٧٠.

٩- مەغدید حاجی: ئافرەت لە شانۆی کوردیدا، چاپخانەی الجاحظ، بەغدا: ١٩٨٩،




**هەندێ مامۆستا و رووناکبیرانی سلێمانی لە ١٩٤٨**

# ئەلیف بێ هەوری
# (ابوبکر شێخ جەلال)

- لە ١٩١٥ لەدایک بووە، لە ١٩٣٨ خانەی مامۆستایانی بەغدای تەواو کردووە. دووازدە کتێبی چاپکردووە.

- لە ١٩٢٨ لە پیشاندانی شانۆنامەی شۆڕشی فەرەنسا لەلایەن قوتابیانی زانستییەوە لە سابوونکەران، لەگەڵ فایەق بێکەس، ئەکتەر بووە.

- لە ١٩٣٣: نووسینی شانۆنامەی دڵداری و پەیمانپەروەری. لە هەمان ساڵی ١٩٣٣دا شانۆنامەی (دڵداری و پەیمانپەروەری) دەخرێتە سەر شانۆ، بە بەشداریکردنی: ئەلیف بێ هەوری، لە شوێنی چایخانەی حەمە رەق لە سلێمانی. حاجی عەلی ماستاو دەوری میر، حاجی عەلی کەبابچی دەوری باوک کوژراو، مەحموود دەباغ دەوری نازەنین، ئەلیف بێ هەوری دەوری شێرۆی دیوە.


أ. ب. هەوری

- لە ١٩٣٥: پیشاندانی شانۆنامەی شیرین و خەسرەو لە بینای قوتابخانەی ناوەندی لە بازاڕی عەسریی ئێستا. ئەلیف بێ هەوی دەوری تێدا دیوە.

- لە ١٩٣٩: پیشاندانی شانۆنامەی دڵداری و پەیمانپەروەری، نووسین و بەشداریکردنی: ئەلیف بێ هەوری، لە هەڵەبجە، نواندنی: قوتابیانی قوتابخانەی هەڵەبجە.

- لە ١٩٤٠: پیشاندانی شانۆنامەی دڵداری و پەیمانپەروەری، نووسین و بەشداریکردنی: ئەلیف بێ هەوری، لە پێنجوین، لەلایەن قوتابیانی قوتابخانەی پێنجوینەوە.

- لە ١٩٤٣: بڵاوکردنەوەی شانۆنامەی دڵداری و پەیمانپەروەری، شەش پەردەیە، لە بیست لاپەڕەدا، لە چاپخانەی مەعاریفی بەغدا لەچاپدراوە.

- لە ١٩٤٣، لە رواندوز: پیشاندانی شانۆگەریی دڵداری و پەیمانپەروەری، نووسینی ئەبووبەکر هەوری. دەرهێنانی محەمەد مەحموود قودسی کە زابیت تەجنید بوو. برای دەرهێنەر، واتە فایەق، دەوری شێرۆی دیوە. ئەکتەرەکانی تر: عەلی عەبدوڵڵا، عەبدلوەهاب محەمەد عەلی، سەبری نەجیب، سەیدا گولی.

– له ١٩٤٥، له كفری: پیشاندانی شانۆگەریی دڵداری و پەیمانپەروەی، نووسراوی ئەلیف بێ هەوری، دەرهێنانی: مستەفا نەریمان پێشکەشکراوە. تاهیر ساڵح دەوری تێدا دیوە.

– له ١٩٤٦: پیشاندانی شانۆنامەی دڵداری و پەیمانپەروەری، نووسین و بەشداریکردنی: ئەلیف بێ هەوری، لەلایەن قوتابیانی گۆیژە له سلێمانی.

– له ١٩٥٢: پیشاندانی شانۆنامەی (بوونه خەلیفه به خەیاڵ) له کتێبی قیرائەی عەرەبییەوە، ئەلف بێ هەوری وەریگێڕاوە. هەر بۆ خۆیشی دەریهێناوە. لەلایەن قوتابیانی ناوەندیی شەو له هۆڵی دوا ناوەندیی سلێمانی پێشکەشکراوە. سەعید شێخ عەلی دەوری جوانترین کەنیزەکی تێدا دیوە، محەمەد رەزاش دەوری کەنیزەکی دووەمی تێدا دیوە.



**شانۆگەریی (عەله ورگەی شووتی دز)**
**له ١٩٥٦/٥/٢٢**
**سلێمانی**

**سەرچاوە:**


١- محەمەد تەیموور: دەربارەی دراما و رەخنە، گۆڤاری کاروان، ژ ٤١، هەولێر: ١٩٨٦، لاپەڕە ٦٣ - ٧٠.

٢- مصطفی صالح کەریم: چەند لاپەڕەیەکی پرشنگداری کاروانی شانۆگەریی کوردی، پاشکۆی عیراق، بەغدا: ٢١ی ٧ی ١٩٧٨.

٣- یاسین قادر بەرزنجی: چاوپێکەوتنێک لەگەڵ فوئاد رەشید بەکر، رۆژنامەی العراق، بەغدا: ١٢ی ٧ی ١٩٨٦

٤- شانۆ، بڵاوکراوەی نەقابەی هونەرمەندانی سلێمانی، ١٩٨٣، ل ٦٤.

٥- مەغدید حاجی: ئافرەت له شانۆی کوردیدا، چاپخانەی الجاحظ، بەغدا: ١٩٨٩،

٦- فایەق عومەر تۆفیق: بیبلیۆگرافیای نواندن و شانۆییەکانی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی ١٩٦٩- ١٩٧٩، له بڵاوکراوەکانی ک. ه. و. ک.، چاپخانەی کاکەی فەللاح، سلێمانی: ١٩٨٠. ل ١٣


# رەفیق چالاک

## (١٩٣٣ سلێمانی - ١٩٧٣/١١/٣٠)

- رەفیق چالاک پەیمانگەی مامۆستایانی لە رۆستەمییەی بەغدا تەواو کردووە. سەرۆکی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی و لقی بەغدا بووە.
- لە رەمەزانی ١٩٤٢، لە سلێمانی، لە هۆڵی قوتابخانەی خالدییەی سەرەتایی کوڕان، پیشاندانی شانۆنامەی (لە رێی نیشتیماندا) بۆ ماوەی دە رۆژ، کە لە ئەسڵدا بریتی بوو لە ( في سبيل التاج) نووسراوی مصطفى لطفي المنفلوطي، رەفیق چالاک کردبووی بە کوردی، تەلعەت موبارەک دەریهێنابوو، تاهیر یەحیا سەرپەرشتیی کردبوو.
- لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهانیدا، رەفیق چالاک و گۆران و رەمزی قەزاز هەڵبژێردران و نێردران بۆ یافا لە فەلەستین بۆ کارکردن لە ئێزگەکە. ئەو ساتە لە چلەکاندا ئێزگەی شرق الادنی بە گەلێک زمان هەبوو؛ سەر بە (بی بی سی)ی بەریتانیا بوو، پرۆپاگەندەی دەکرد بۆ سوپای سوێندخۆرەکان (ئینگلتەرە، فەرەنسا، ئەمریکا) دژ بە ئەڵمانیا و ئیتاڵیا و یابان و سۆڤیەت.

ئینگلیزەکان سوپایەکیان لە کورد و ئاشوورییان بە ناوی سوپای لیفی دروستکرد بنکەکەی لە قوبرس بوو. پرۆپاگەندە لە رادیۆکەوە بۆ ئەو سوپایەش دەکرا. ئێزگەکە ئامرازێک بوو بۆ رووخاندنی نازی و فاشیزم. ناوی ئێزگەکەیان نا کوردستان. شەوی سەعاتێک بوو. بەرنامەکانی بریتی بوو لە سروود و گۆرانی و دەنگوباس و شیعر و مێژووی کورد و خراپەکارییەکانی نازی. گۆرانییەکانی قژ کاڵی لێو ئاڵی و دەنکە گەنم و کوردستان کوردستان بۆ یەکەمجار لەوێوە بڵاوکرانەوە. سوودیان لە تیپە هونەرییە میسرییەکان وەردەگرت. کە جەنگ تەواو بوو ئێزگەکەش کۆتایی پێهات و گەڕانەوە.

- لە ٢١ /٣/ ١٩٤٨: پیشاندانی شانۆنامەی کەڕەلۆی مەنووچەر نووسراوی ئیبراهیم ئەحمەد، دەرهێنانی: رەئووف یەحیا و رەفیق چالاک، حزب التحرر الوطني سەرپەرشتیی کردووە.
- لە ١٩/ ٦/ ١٩٥٧: دامەزراندنی یەکەم دەزگای هونەریی مۆڵەتپێدراوی رەسمی: کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی



رەفیق چالاک

سلێمانی. دەستەی دامەزرێن: فوئاد رەشید بەکر، شەفیقە سەعید، رەفیق چالاک، نووری محەمەد ئەمین وەشتی، محەمەد ساڵح دیلان، ئازاد شەوقی، خالید سەعید، ولیەم یۆحەننا، مستەفا ساڵح کەریم، شەفیقە سەعید عوسمان، قادر دیلان، مەجید رەشید بەکر، نەجات عەبدە ئەمین، سەید محسین سەید سمین. ئەمە یەکەم تیپی شانۆیی و نیگارکێشانی مۆڵەت پێدراوی سلێمانییە. یەکەم هەڵبژاردنی گشتی لە ٥/ ٧ /١٩٥٧دا کراوە. کرانەوەیشی لە ١/ ٨دا بووە. رۆژنامەی ژینی ژمارە ١٣٥٥ ی رۆژی ٨/ ٨ /١٩٥٧ لەسەری نووسیوە. کۆمیتەی وێنە و کۆڵێن: ئازاد شەوقی، خالید سەعید، جەمال بەختیار. کۆمیتەی نواندن: رەفیق چالاک، تەها خەلیل، رەئووف یەحیا، نووری وەشتی. رەفیق چالاک سەرۆکی کۆمەڵە بوو. - لە ٧/٧/ ١٩٥٧ لە یەکەم چالاکیی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی سلێمانیدا بەشدار دەبێت: پیشاندانی شانۆنامەی پیسکەی تەڕپیر، نووسراوی مۆڵییێر، تەرجەمە و دەرهێنانی: نووری وەشتی و رەفیق چالاک. تەها خەلیل و کاوەی ئەحمەد میرزا و کەمال رەشید موختار و سەڵاحی حەمە جەمیل و پاکیزە فەرەج و دڵشاد مەسرەف و سمکۆ عەزیز و رەفیق چالاک و نووری وەشتی دەوریان تێدا دیوە. جەمال بەختیار و ئازاد شەوقی دیکۆریان بۆ دانابوو. رۆژنامەی ژینی ژمارە ١٣٦٥ی رۆژی ٧/ ١٠/ ١٩٥٧ لەسەریان نووسیوە.

- لە ١٧/٧/ ١٩٥٧، لە دووەم چالاکیی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی بەشداری دەکات: پیشاندانی شانۆنامەی گلکۆی تازەی لەیل(بووکی ناکام)، شیعری ئەحمەد ئاغای دەربەند فەقەرە، دەرهێنانی: رەفیق چالاک. رۆژنامەی ژینی ژمارە ١٣٣٧ی رۆژی ٢١/٣/ ١٩٥٧ و ژمارە ١٣٦٥ی رۆژی ٧/ ١٠/ ١٩٥٧ لەسەریان نووسیوە.
- لە ٧ /١١/ ١٩٥٧، لە سێیەم چالاکیی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی بەشداری دەکات: پیشاندانی شانۆنامەی لە رێی نیشتیماندا، نووسراوی کۆربی، وەرگێڕان و دەرهێنانی: رەفیق چالاک. رەفیق چالاک و نووری وەشتی و تەها خەلیل و دڵشاد مەسرەف دەوریان تێدا دیوە.

**سەرچاوە:**


١- محەمەد تەیموور: دەربارەی دراما و رەخنە، گۆڤاری کاروان، ژ ٤١، هەولێر: ١٩٨٦، لاپەڕە ٦٣ - ٧٠.
٢- مصطفی صالح کەریم: چەند لاپەڕەیەکی پڕشنگداری کاروانی شانۆگەریی کوردی، پاشکۆی عیراق، بەغدا: ٢١ی ٧ی ١٩٧٨.
٣- یاسین قادر بەرزنجی: چاوپێکەوتنێک لەگەڵ فوئاد رەشید بەکر، رۆژنامەی العراق، بەغدا: ١٩٨٦/٧/١٢
٤- شانۆ، بڵاوکراوەی نەقابەی هونەرمەندانی سلێمانی، ١٩٨٣، ل ٦٤.
٥- مەغدید حاجی: ئافرەت لە شانۆی کوردیدا، چاپخانەی الجاحظ، بەغدا: ١٩٨٩،
٦- فایەق عومەر تۆفیق: بیبلیۆگرافیای نواندن و شانۆییەکانی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی ١٩٦٩- ١٩٧٩، بڵاوکراوەکانی ک. هـ. و. ک.، چاپخانەی کاکەی فەللاح، سلێمانی: ١٩٨٠.ل ١٣
٧- برایەتی، ژ ٢١٩٣، هەولێر: ١٩٩٦/١٠/٢٠

**هەروەها رۆڵی ئەم نووسەر و دەرهێنەر و شانۆییانەش، پێویستە ئاماژەیان بۆ بکرێت، کە لە قۆناغی سەرەتادا رۆڵیان هەبووە لە بەرەوپێشەوە بردنی ئاستی شانۆی کوردیدا:**

– رەئووف یەحیا، کە لە ١٩٢٦ لە کانێسکانی سلێمانی لەدایک بووە. لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی بووە لە ساڵی ١٩٥٧. لە ساڵی١٩٤١ چۆتە سەر شانۆ و دەوری (شایلووگ)ی لە بازرگانی ڤینیسیا دیوە. لە ١٩٤٨/٣/٢١دا شانۆنامەی کەڕەلۆی مەنووچەری نووسراوی ئیبراهیم ئەحمەدی دەرهێناوە، بە هاوکاریی رەفیق چالاک. حزب التحرر الوطني سەرپەرشتیی کردووە.

– عومەر عەلی ئەمین لە ١٩٢٦ لە سلێمانی لەدایک بووە لە ١٩٣٩ بەملاوە لە شانۆ کار دەکا. لە هاوینی ١٩٤٦: پیشاندانی شانۆگەریی (خەلیل کافری) لە سلێمانی، لە ئامادەکردن و نواندنی عومەر عەلی ئەمین، بە بەشداریی ئەکرەم عەبدولقادر، کەمال جەلال، ئەحمەد شێخ حەسەن.

– نووری محەمەد ئەمین وەشتی لە ١٩٣٢ لە سلێمانی لەدایک بووە. وەک کۆمبارسێک لە ١٩٤٨ لە تێکۆشانی رەنجدەران دەرکەوتووە. پاشان لە عطیل لە ١٩٥٥ وەک ئەکتەری سەرەکی. لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی بووە.

– ئەمین میرزا کەریم لە ١٩٣٣ لە سلێمانی لەدایک بووە. خەڵاتی یەکەمی گۆڤاری هیوای وەرگرتووە بە نووسینی شانۆنامەی چۆن بووم بە هونەرمەند.

– فوئاد محەمەد ئەمین ئاغا لە ١٩٣٣ لە سلێمانی لەدایک بووە. لە ١٩٥٤ بۆتە مامۆستای سەرەتایی پاشان بۆتە فێرکەر لە شانۆی چالاکیی قوتابخانەکانی سلێمانی.

هەروەها چەندین نووسەر و ئەکتەر و شانۆنامەنووس و دەرهێنەری چالاکی دیکە، لە ماوەی ساڵانی ١٩٢٠-١٩٤٠دا، وەک سەربازی نەناسراو، بەشدارییان لە جموجۆڵە شانۆییەکانی ساڵانی ١٩٢٠-١٩٤٠دا کردووە و ئەمڕۆ کەس لە بواری شانۆدا نایاننناسن، لەوانە: دانیال قەصاب، عەبدولواحید نووری، شێخ سەلام، شێخ نووری شێخ ساڵح، فایەق بێکەس، جەلادەت بەدرخان، تاهیر سادق، خیرالله عبدالکریم، زێوەر، کامەران موکری، حەسەن فەلاح، ، قادر دیلان، کەماڵ رەئووف محەمەد و شەماڵ سائیب، خالید سەعید، ئەنوەر تووڤی، نووری وەشتی،



**مستەفا صائب**

فوئاد عیزەت مستەفا، عبدالرحمن شرف، عبدالخالق قطب، یەحیا ئەفەندی رەسام، مەحموود جەودەت، عبدالله عزیز کارگەچی، ئەحمەد فەخری سامی، مستەفا بەهجەت، بەکۆس تۆما، مەتتا زەکۆ، عەبدولمەجید حەسەن، سەرکیس تۆما، وەهبی ئاگووب، یووسف یەحیا، نیسان داود، نەزیهە طالب، حەفصە عرفان، بەدریە خان، عبدالله سامی، تاهیر ئەحمەد حەویزی، یووسف نەسرەت، نووری سەید عەزیز، نەشئەت شەوکەت، ئیبراهیم حاجی حسێن، محەمەد نافیع عەبدولفەتاح ئاغا حەویزی، سەید نەظیف کۆیی، ئەحمەد ناجی ئەفەندی، حەسەن نعمت الله، عەبدلوەهاب محەمەد عەلی، سەید ئەحمەد گۆنی، مەحموود دەباغ، شاکیر حەکیم، نووری شێخ مارف، جەلال ئەفەندی، رەمزی قەزاز، حامید فەرەج، فەهمی قەفتان، غەریب مستەفا، عومەر جەلال حەوێزی، مەجید فەتاح ئوتووچی، شێخ نووری شێخ جەلال، زاهیر نووری جان، محەمەد میرزا غەفوور، حەقی ئیسماعیل شاوەیس، جەمیل جەرجیس، مامۆستا (عەلی موزەفەر)، ئەحمەد حەسەن خۆشناو، ئیبراهیم ئیسماعیل (برایمە فەندی)، جەلال محەمەدەمین، محەمەد حەوێزی، ئەحمەد جوتیار، قادر ئەحمەد شیرین، جەودەت تەیموور، عزالدین علی الجراح، دارا رەئووف قەزاز کەرکووکی، دارا تۆفیق، عەلی فەتاح، رەئووف یەحیا، قادر حاجی سەعید، عەبدوڵڵا سالار، جەمال کەریم حەمە مەلا، ئەنوەر سەید ئەحمەد، حەمەد ئەمین قادر، (فاتح رەسوول) فازڵ جەمالی، شێخ بورهان شێخ نەجمەدین، جەلالەدین ئەحمەد، مەهدی مەردان، رەزا مستەفا.



کەریم بەگی زانستی

**سەرچاوە:**


١- مەغدید حاجی: ئافرەت لە شانۆی کوردیدا، چاپخانەی الجاحظ، بەغدا: ١٩٨٩،


٢- فایەق عومەر تۆفیق: بیبلیۆگرافیای نواندن و شانۆییەکانی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی ١٩٦٩- ١٩٧٩، لە بڵاوکراوەکانی ک. هـ. و. ک.، چاپخانەی کاکەی فەللاح، سلێمانی: ١٩٨٠.ل ١٣

٣- فایەق عومەر تۆفیق: بیبلیۆگرافیای نواندن و شانۆییەکانی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی ١٩٦٩- ١٩٧٩، لە بڵاوکراوەکانی ک. هـ. و. ک.، چاپخانەی کاکەی فەللاح، سلێمانی: ١٩٨٠. ل ١٥-١٦

٤- عمر محمد صالح: ٣٥ ساڵ لەمەوبەر و شانۆگەریی کوردی، پاشکۆی عیراق، نیسانی ١٩٧٨.

٥- حەسەن تەنیا: شانۆ و شانۆی کوردەواری، ل ٥٦.

# سەرهەڵدانی رەخنەی شانۆیی لە ئەدەبیاتی کوردیدا (١٩٢٧- ١٩٣٧)



## بەشی هەشتەم

ئەم چەند دێڕە هەوڵدانێکە بۆ دەسنیشانکردنی ئەو زەمینە کولتوورییە و ئەو سەرچاوانەی کە رەخنەی شانۆیی کوردییان لێوە دروستبوو، بەتایبەتی لە سەرەتای نیوەی دووەمی چەرخی بیستەم بەملاوە.

رەخنەی شانۆیی، بریتیە لەو لێکۆڵێنەوە مەنهەجییەی کە لە روانگەیەکی ئێستەتیکیی رەخنەگرانەوە هەوڵدەدات لایەنە جوان و خراپەکانی یان گرنگەکانی شانۆنامە یان شانۆگەرییەکە روونبکاتەوە. کەواتە، رەخنەی شانۆیی زانستێکە و یەکێکە لە هونەرەکانی ئەدەب، بابەتێکی گرنگی ئێستێتیکایە؛ بەپێی رێباز و مەنهەجێکی دیاریکراو، ناوەڕۆکی جوانی و لایەنە جۆراوجۆرەکانی دراماکە، لە هەموو ئاستێکدا (تێکست، دەرهێنان، تەکنیک، نواندن...) شیتەڵ دەکاتەوە و هەڵدەسەنگێنێ(١).

پیرەمێرد و حسێن نازم و حسێن حوزنی موکریانی یەکەمین سێ نووسەری کوردن کە لێرە و لەوێ، لە رۆژنامەکانی سالآنی ١٩٢٠دا، چەند وتارێکیان لەبارەی شانۆ نووسیبێت و رەخنەیان لە شانۆگەرییەک گرتبێت. ئێمە لێرەدا ناتوانین بیسەلمێنین کە ئەم سێ نووسەرە بنەماکانی هونەری رەخنەی شانۆییان، وەک ژانرێکی سەربەخۆ، دامەزراندووە: بەڵام ناشکرێت رۆڵی ئەم سێ نووسەرە ئاماژەی پێ نەدرێت لەڕووی گەڵاڵەکردنی بیری رەخنەگرانە لەبارەی شانۆ لای خوێندەواران و جەماوەری شانۆدۆست؛ لەکاتێکدا ئێمە بۆمان ساغ بۆتەوە کە یەکەمین وتارە رەخنەییە شانۆییە ساکارەکان ئەوان نووسیویانە.

تا ساڵی ١٩٢٧ هیچ وتارێکی سەربەخۆی تەرخانکراو لەبارەی شانۆ بە زمانی کوردی، لە بڵاوکراوەکاندا، یان نەخوازەڵا بە کتێب، نابینین. تەنیا تاک و تەرا لە گۆشەی وتارێکی ئەدەبیدا، لە باسی بایەخی شارستانیەتی ئەورووپیدا، بە نووکە قەڵەمێک، ناوی تەمسیل و پیەس و درامیان هێناوە.

یەکەمین وتاری رەخنەی ئەدەبی بریتیە لەو زنجیرە وتارەی شێخ نووری شێخ ساڵح کە بە ناونیشانی "ئەدەبیاتی کوردی" لە رۆژنامەی (ژیان)، لە سلێمانی، لە ناوەڕاستی ١٩٢٦ بەملاوە تا ١٩٢٧، بە ٢٥ ئەڵقە بڵاوکراوەتەوە. شێخ نووری (١٨٩٦- ١٩٥٨) لەو سەردەمەدا لەژێر کاریگەرێتیی ئەدەبیاتی نوێی تورکە لاوەکان و ئەورووپا دەرکی بە بایەخی ئەم ژانرە هاوچەرخە




کردووە کە بیگوازێتەوە دەفری ئەدەبیاتی کوردی. گۆران، لەم بارەیەوە، گەواهیمان بۆ دەدات:

«نووسەر و شاعیرانی ئەوسا، بەتایبەتی شێخ نووری و رەشید نەجیب و من، بە ئەدەبی تورکی موتەئەسیر بووین و پێکەوە ئەمانوسی. هەموومان، بەیەکەوە، ئەمانڕوانیە یەک کڵاوڕۆژنە» (٢).

شێخ نووری، بە بڵاوکردنەوەی ئەم زنجیرە وتارە رەخنەییە، دەبێتە یەکەم رەخنەگری کورد و دامەزرێنی ئێستەتیکا و رەخنەی ئەدەبی کوردی. نووسەر بە پێویستی زانیوە کە چەند بنەمایەکی نەتەوەیی "کوردی" هەبن بۆ دامەزراندنی رەخنەی ئەدەبی: "هێنانە وجوودی ریسالەیەکی ئەدەبی کوردی لەسەر شانی ئەدیب و تەجەدودپەروەرەکانمان بە لزوومێکی قەطعی ئەزانم"(٣) بەڵام شێخ نووری، بەشێوەیەکی گشتی، لە ئەدەبیات دواوە؛ واتە: هیچ بەشێکی زنجیرە وتارەکەی خۆی تەرخان نەکردووە بە هونەری شانۆ و رەخنەی شانۆیی یان رەخنەی پراتیکیی شانۆییەوە.

شانۆ، کە لە ئەدەبیاتی کوردیدا ژانرێکی نوێیە و لە ئەدەبیاتی رۆژئاواییەوە وەرمانگرتووە. کەواتە وتار لەبارەی شانۆ و رەخنەی شانۆییش، وەک ژانرێکی ئەدەبی، خواستراونەتەوە؛ بنەما جوانیناسیەکانی لە رەخنەی ئەدەبی ئەورووپاوە وەرگیراون. ئەم راستییەش، دەمانگەیەنێتە ئەوەی بڵێین: پێویست ناکا بەدوای ریشەی ئەم هونەرە لە مێژووی ئەدەبیاتی کۆنماندا بگەڕێین. سەرەتای ئەم ژانرە ئەدەبییە نوێیە دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی ئەدەبی نوێمان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا.

فەرەج کوردی و حافزی لەقلەقزادە و ئەحەی ناسر و ئەحەی کرنوو لە ساڵانی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای ئەم سەدەیەدا لە شاری سلێمانی قۆشمەچی بوونە و چەندین دیمەنی شانۆیی و پیشاندانی تەمسیلیان پێشکەش بە خەڵک کردووە. هیچ وتارێک یان نووسراوێک لەبارەی بەرهەمی ئەم قۆشمەچیانە نەنووسراوە. لە ساڵی ١٩١٩دا، لە گۆڤاری ژین، ژ ١٥ و ١٦دا، لە ئەستەمبوڵ، عەبدولرەحیم رەحمی هەکاری یەکەم شانۆنامەی نووسراوی کوردی (مەمی ئالان) بڵاودەکاتەوە. دیسانەوە هیچ رەخنەیەکی بەدوادا نایەت و هیچی لەسەر نانووسرێت. لەوە دەچێ هەر نواندنێکی شانۆیی



**شەمسەدین سامی**
**یەکێک لەو نووسەرانە تورکانەی**
**لە سەردەمی عوسمانیدا**
**کاری کردۆتە**
**«سەر نووسەرە گەنجە کوردەکان»**

هاوچەرخیش کە لەو زەمانەدا – تا ناوەڕاستی ساڵانی بیستیش – پیشاندرابێ، هیچی لەسەر نەنووسرابێت.

پیرەمێرد (١٨٦٧–١٩٥٠) پێش هەموو نووسەرێکی کورد، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، دەست دەداتە پێنووس و ژانری شانۆنامە (پیەس، تەمسیل، درام) بە خوێنەرانی کورد دەناسێنێ. پیرەمێرد، پێش ئەوەی جارێ رەخنە لە هیچ شانۆنامەیەک یان لە هیچ شانۆگەرییەک بگرێت، لە سەرەتادا دێت نرخی هونەرەکە، پایە و بایەخی شانۆ بە خەڵک دەناسێنێت؛ دەیەوێ کورد لە شانۆ تێبگەن و بزانن چییە. بۆ گەیاندنی ئەم بیرە، لە سەرەتادا، چالاکییەکانی کۆمپانیایەکی شانۆیی بیانی دەکاتە ئامراز. ئەم کۆمپانیا شانۆییە، کە لەوانەیە کۆمپانیایەکی ئینگلیزەکان بێت، یەکەمین تیپی شانۆیی بیانییە لە سلێمانیدا؛ بەپێی ژمارە ٦٢ی رۆژنامەی (ژیان)، لە لاپەڕە ٣دا، لە ساڵی١٩٢٧، لە سلێمانی، نواندنی شانۆیی پێشکەش کردووە. پیرەمێرد لەم بارەیەوە، بۆ ناساندنی ئەم هونەرە بە خەڵکی «شانۆنەدیدە»ی کورد، دەڵێ:

(لەمەودوا تیاترۆیشمان ئەبێ! قۆمپانیایەکی قەومێک کە چەند رۆژێ لەمەوپێش هاتبوون و ئیشیان ئەکرد، تەشەبوسیان بە جەلب و هێنانی تاقمێکی تیاترۆ کرد، و ئەم تەشەبوسەیان گورج خستە قاڵبی تەتبیقەوە. ئێستا تاقمی تیاترۆیان هێناوە و موساعەدەیان ئیستیحساڵ کردووە کە یاری بکەن. ئێمە لێرەدا باسی ئەوە ناکەین کە ئەمە عەجەبا بەسەر ئەخلاقی عەمومیەدا چە نەوعە تەئسیرێک ئەبەخشێت: ئایا حوسنی تەئسیری هەیە یان سووئی تەئسیر؟ و ئایا ئەمە دزییەک بە ئیقتیسادیاتی وڵات ئەگەیەنێ یان نا؟ بەڵام ئەوەندە ئەڵێین کە مەملەکەت لەم موئەسەسانە خاڵی نابێ! و خەڵقی لەپاش ئیش و کار و مەتاعیبی یەومییە بۆ تەتبیعی دەماغ و ئیسراحەتی نەفس بەم تەحرە شتانە لزووم و ئیحتیاجییەک حیس ئەکا).

دوای ماوەیەکی دیکە، هەر لە رۆژنامەکەی خۆیدا، دێتەوە سەر ئەم تەوەرە گرنگە تازەیە،، ژانری شانۆنامە (پیەس، تیاترۆ، تەمسیل، درام) بە کورد دەناسێنی و فەلسەفەی هونەرەکە روون دەکاتەوە:

"فەننی تەمسیل، لە هەموو جێگایەکدا رەغبەتێکی تەواو و ئیمتیازێکی موناسیبی دراوەتێ. حەتتا ئەوانەی




**پیرەمێرد**
**لە ژێر قاچی مامۆستا و قوتابییەکانی خۆیدا ڕاکشاوە**

کە لەم فەننە بەقیمەتەدا دەسدرێژی و ئیختیساسیان پەیداکردووە، بە کەماڵی ئیحتیرامەوە یاد و تەقدیر کراون. زیرا ئەم فەننە، بەسەر ئەخلاقی میللەت، عاداتی مەملەکەت، ئەطوار و ئەفکاری ئینساندا تەئسیرێکی باش ئیجرا دەکات..."(٤)

دوا بە دوای ئەم ناساندنە، پیرەمێرد، لە رۆژنامەی (ژیان) ژمارەی رۆژی سێ شەممە، لە ٢ی ئاغستوسی ١٩٢٧، یەکەم رەخنەی شانۆیی بە زمانی کوردی دەنووسێت، کە تێیدا رەخنە لە شانۆگەریی (نیرۆن) دەگرێت کە لە نووسینی محمد لطفي جمعەی میسرییە، بە تەرجەمە و ئامادەکردنی فوئاد رەشید بەکر لە عەرەبییەوە، لەلایەن تیپی قوتابخانەی زانستییەوە، لە شاری سلێمانی، لە رۆژانی ٢٧ و ٢٨ی مانگی تەمووزی ١٩٢٧دا پێشکەش کراوە.

لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٣٥دا، شانۆگەریی (سەربازی ئازا) نووسینی نووسەری عیراقی رمزي القطان لە سلێمانی، لەلایەن جەمعیەتی زانستییەوە، پێشکەشکراوە. دوو ئێوارە بەردەوام بووە. کاوەی ئەحمەد میرزا باسی کردووە(٥). پیرەمێرد رەخنەیەکی شانۆیی لەبارەی ئەم شانۆگەرییە، بە ناونیشانی(تەمسیل، سەرگورشتە نمایی) لە رۆژنامەی (ژیان) ژمارە (٤٢٦)، لە رۆژی١٢ی١ی١٩٣٥دا بڵاوکردۆتەوە، دەڵێ:

«مودیری مەعاریف پێی راگەیاندین کە خوێندەوارەکان و ئامۆژگارییەکانیان ئەیانەوێ ئەم جەژنە بە هۆی بواری خوێندنەوە تەمسیل بکەن. دەستە کوڕگەلێکی موهیمان نەوازشی سوپاهییەکی مەرد (الجندي الباسل) یان ئەنواند. قارەمانی سەرگورشتەکە بە ناوی قارەمانەوە دەهاتە کایەوە، شاکیر ئەفەندیی موعەلیم بوو. قارەمانیی لێ ئەگونجا و (رۆڵ) لاسایی باشی بەجێ هێنا. سەراپا باش بوو، تەنها کە هاتن بیگرن و کە بردیانە بەردەمی لەشکرەکە بێچارەیی و پاڕانەوەی نواند، لە شەوی دووەمدا چاکی کردەوە. سەرلەشکر و لەشکرەکەش و سەردارەکان هەموویان باش بوون، بەڵام دەزگیرانەکەی قارەمان، کە نازدار بوو، هیچ "نازدار" نەبوو. لەگەڵ ئەمەیشدا زۆر پەسەند و ئافەرینی ئەکەم، چونکە هێشتا ئەم سنعەت و پیشە پەسەندە بە نەنگ ئەزانن. ئەم درامە زۆر شتی لێ دێتە بەرهەم، یەکەمیان تەمسیل سنعەتە و زۆر پەسەندە. دووەم



**پیرەمێرد**
**لە باوەشی رۆڵەکانی خۆیدا**

چاولێکەری و پێڕەوی و لاسایی مەردانی لە مەعز و ڕیشەی دڵی نەوجەوانانیدا بنج بەستی ئەبێ، سبەی ڕۆژێ زۆر بە ئارەزووەوە فیداکاری خاکە پاکەکەیان ئەکەن. جگە لەمانە، دراماییەکی باش بوو بۆ کەشافە و کەم پارەکانی مەکتەب پەیدا ئەبێ».

لەم نموونە ڕەخنە شانۆییەی پیرەمێرددا، دوو ئاستی ڕەخنە دەبینرێت:

١- ئاستی هەڵسەنگاندنی چۆنیەتیی تەمسیلکردن و نواندن، کە دەڵێ:

شاکیر ئەفەندی قارەمانیی لێ ئەگونجا و (ڕۆڵ) لاسایی باشی بەجێ هێنا. سەراپا باش بوو، تەنها کە هاتن بیگرن و کە بردیانە بەردەمی لەشکرەکە بێچارەیی و پاڕانەوەی نواند، لە شەوی دووەمدا چاکی کردەوە. سەرلەشکر و لەشکرەکەش و سەردارەکان هەموویان باش بوون، بەڵام دەزگیرانەکەی قارەمان، کە نازدار بوو، هیچ "نازدار" نەبوو. لەگەڵ ئەمەیشدا زۆر پەسەند و ئافەرینی ئەکەم، چونکە هێشتا ئەم سنعەت و پیشە پەسەندە بە نەنگ ئەزانن.

٢- ئاستی ناوەڕۆک و ئامانجی بیری شانۆگەرییەکە، کە دەڵێ:

ئەم درامە زۆر شتی لێ دێتە بەرهەم، یەکەمیان تەمسیل سنعەتە و زۆر پەسەندە. دووەم چاولێکەری و پێڕەوی و لاسایی مەردانی لە مەعز و ڕیشەی دڵی نەوجەوانانیدا بنج بەستی ئەبێ، سبەی ڕۆژێ زۆر بە ئارەزووەوە فیداکاری خاکە پاکەکەیان ئەکەن.

کەواتە، پیرەمێرد، جارێ، مەسەلەکانی دیکەی وەکو تەکنیکی شانۆیی، ڕووناکی، دەرهێنان، یان بۆ نموونە دیکۆری بە لاوە گرنگ نیە؛ یانیش هێندە ئاگاداری ئەم مەسەلانە نیە و لێیان قووڵ نەبۆتەوە؟

پاش ئەمەش، لە جەژنی ڕەمەزانی (لە مانگی دووازدەی) ١٩٣٥، مەم و زینی پیرەمێرد خراوەتە سەر شانۆ. ئەم شانۆنامەیە لە جێگای ئوتێلەکەی حاجی ئیبراهیم ئاغای نزیک بەردەرکی سەرا لە شەوانی جەژنی ڕەمەزان بۆ ماوەی چوار شەو پیشاندراوە. جەمعیەتی زانستی سەرپەرشتییان کردووە. پیرەمێرد ئیشارەتی بەوە داوە کە دواتر لە هەولێریش پێشکەش کراوە[٦] پیرەمێرد پێش پێشکەشکردن، لە وتاری (تەمسیلی لاوانی زانستی)دا



**شانۆگەریی جەنابی موفەتیش**
**لەلایەن قوتابییانی سانەویی شەو**
**لە ١٩٥٤ لە سلێمانی پێشکێش کرا**

یەکە یەکە رۆڵی ئەکتەرەکان هەڵدەسەنگێنێ و هەندێ رەخنەی شانۆییان لێ دەگرێت. پاشان نووسیوبە، دەڵێ:

'«شەوێک چووینە پەراوەی پیەسەکەیان. بە چاوێکی تەنقید و تەدقیق روانیومانە، ئەتوانین بڵێین هێشتا لەم شارەدا تەمسیلی وا رێک و پێک نەکراوە. ئێستا رۆڵەی زانستی دەبینین کە هەر یەکە و شبلییێکن. (حقي الشبلي). ئنجا لام وایە هەر چی بۆ ئەم دەعوەتە نەیە، ئیمانی میللی بە قەدەر تاڵە دەزوویەکە(۷).


پیرەمێرد لەم وتارە رەخنەییەیدا، هەر یەکێک لە ئەکتەرەکانی (سەربازی ئازا) بەراورد دەکات بە حقی شبلی. ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێ کە ئەکتەرەکان دەرهێنەرێکی باشیان لەگەڵدا بووە و بەجوانی نواندنەکەیان و دەورەکەی خۆیان گەیاندووە. هەروەها ئەوەش روون دەکاتەوە کە پیرەمێرد موتابەعەی هونەرەکانی شانۆی (دەرهێنان و تەمسیلی) بەباشی کردووە و شانۆکانی حقی شبلیی لە سلێمانی دیوە. ئەمەش لە هاوینی ۱۹۲۹دا، کاتێ تیپەکەی حقي الشبلي هاتوونەتە هەولێر و سلێمانی؛ سێ شانۆگەرییان پێشکەش کردووە(۸).

## پیرەمێرد

### چۆنو لەکوێ فێری هونەری رەخنەی شانۆیی بووە

چوونی پیرەمێرد لە ۱۸۹۸بۆ ئەستەمبوڵ بە نوقتەگۆڕانێکی کولتووری دەژمێردرێت لە ژیانی ئەدەبیی نەتەوەی کورددا. چونکە ئەستەمبوڵ، لەو سەردەمەی کە پیرەمێرد لەوێ بووە ۱۸۹۸ - ۱۹۲۳ جموجۆڵێکی شانۆیی گەورەی تێکەوتبوو: هەم لەڕووی تێکست و نووسینەوە، هەم لەڕووی خستنە سەر شانۆ و دەرهێنانەوە(۹) بێگومان، لەو سەردەمەشدا، پیرەمێرد، لە ئەستەمبوڵ، هەناسەی لەم ئاووهەوا تازە و هونەرییە رەنگینە هەڵدەمژت: بەشێوەیەکی راستەوخۆ کەوتبووە ژێر کاریگەرێتیی رەوتە نەوژەنە تورکی و ئەوروپییەکانەوە؛ دەیویست شوێن پێی ئەمان هەڵبگرێ، تەکنیکی تازە و فۆرمی تازە بۆ دەربڕینەکانی خۆی بدۆزێتەوە.

پیرەمێرد وا پێدەچێ لە ۱۹۲۵ بەملاوە، کەوتبێتە ژێر کاریگەرییەکی دوو فاقییەوە: لە لایەک تورکی -



**نامیق کەمال**
**لەو نووسەرە تورکە عوسمانییانەی کاریگەرییان هەبووە بەسەر «نووسەرە گەنجە کوردەکان»**

ئەورووپی، لە لایەکی تر عـەرەبییـەوە. ئەمـەش چونکە، کاتێ لە ئەستەمبۆڵەوە دەگەڕێتەوە سلێمانی، دەکەوێتە ناو دنیـای ئەدەبیـاتی عـەرەبی یان عـیـراقـییـەوە، بۆ نموونە: دامەزراندنی تیپە شانۆییە ئینگلیزی – عیراقییەکان، هانی پیـرەمـێـرد دەدات کـە بیـر لەوە بکاتەوە کـوردیش تیـپی سەربەخۆ دابمەزرێنێ. شانۆکارێکی وەک حقي الشبلي، کە هونەرمەندێکی گەورەی شانۆی عیراقیی ئەوسایە و لەگەڵ تیـپـە عـەرەبییـەکـەی خـۆی لە ١٩٢٩دا دێتـە کـوردسـتـان، راسـتـەوخـۆ کـار دەکـاتە سـەر ویژدان و هەسـتی شـانـۆیی پیرەمێرد(١٠).


بەم شـێـوەیە دەردەکـەوێ، کـە هەمـوو ئەم کـاریگەرییـە ئەورووپی – تورکی و عەرەبییە جۆراوجۆرانە، رۆڵیان هەبووە بەسەر نەشونمای هەستی شانۆنامەنووسی لای پیرەمێرد.

## حسێن نازم

حسـێن نازم، هاوزەمـانی پیـرەمـێـرد، ژیاوی نێـو هەمـان کەشوهەوا، قـاڵبـووی نێـو هەمـان ژینگەی کـولتـووریی تازە، لە سـەکـۆی هەمـان رۆژنامـەوە، دەست پێدەکات؛ دووەمین نووسـەری کـوردە کـە هەندێک لە وتارەکـانی خـۆی تەرخـان کردبێت بۆ رەخنەی شانۆیی.

حسـێـن نازم لە ژیانـی ژمـارە ٧٦ی ١٢ی ئـاغـسـتـۆسی ١٩٢٧دا، دووەم وتاری رەخنەی شانۆیی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا بڵاودەکاتەوە: لە شانۆگەریی (نیرۆن) دەدوێ، کە لە نووسینی محمد لطفی جمعەی میسرییە و لە ئێوارەی ٢٧ی تەمموزی ١٩٢٧ لەلایەن کـۆمـەڵەی زانسـتـیـیـەوە لە سلێمانی پیشاندراوە. حسێن نازم، دەڵێ:

"لاوەکـانمان لەگـەڵ ئەمـەی لە فـەننی تەمـسـیلدا ئەوەڵ هەنگاوە دەیهاون، دیسـان شایانی تەقدیر و تەزکارن"، "لە تەرەف هەیئەتی تەعلیمی مەکتەبی ئەوەلی و قوتابییەکانی بەغدامانەوە لەژێر شەرائیت و پرۆغرامێک تەرتیب و ئیجرا کرا"، "لە رێی خزمـەتی مەعـاریفدا بـۆ ئەشراف و ریجـالی مـەملەکـەت و هەمـوو مـوحـیـبـان و تەرەفـدارانی عـیلم و مـەعـاریف بە کـەمـالی شـەوق و شـەتارەتەوە ئیـجـابەتیـان کـردبوو و گـردبـوونەوە"، "ئەسـڵـی تەمـسـیلەکـە بە پێنج پەردەی زوڵم و ئیـسـتیبدادی بێ ئەندازەی قەیسـەری رۆمی مەشهـوور ئێمـپـراتۆر نێرۆن تـەسویر کـرابوو". "ئەم تەمسیلە



حسێن نازم

بۆ ئەوانەی کە میقرۆبی ئیستیبدادی و فیکری زوڵم و تەحەکومیان لە کەللەدایە جیددەن دەرسێکی ئەخلاقی و عیبرەتێکی تەئریخی بوو''.

لە ٢٠/٣/١٩٣٠، قوتابخانەی زانستیی کچان، لە سلێمانی، بە سەرپەرشتیی بەڕێوەبەر و خانمانی قوتابخانەکە، بۆ ماوەی دوو ڕۆژ ئاهەنگێکی بۆ ئافرەتانی سلێمانی ساز دەکات؛ شانۆگەریی (ئەوەی ئەیچێنی ئەوە ئەدروویتەوە) پێشکەش دەکات. فوئاد رەشید بەکر یارمەتیی بەڕێوەبردنی دابوو. لەم شانۆگەرییەدا، بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا، ئافرەتی کورد دەچێتە سەر شانۆ. لە هەمان ڕۆژدا، شانۆگەرییەکی شیعری بە ناونیشانی (دایکێکی جاهیل کە خشخاشی داوە بە منداڵەکەی) کە شێخ نووری شێخ ساڵح ئامادەی کردبوو، لەلایەن هەمان قوتابخانەی کچانەوە پێشکەش دەکرێت، چەند ئافرەتێک دەوری تێدا دەبینن(١١).

حسێن نازم لە ڕۆژنامەی (ژیان) لە ژمارە ٢٣٢ و ٢٣٣ی ساڵی ١٩٣٠ لە بینینێکی رەخنەییدا بە ناونیشانی (حفله و تەمثیلی مەکتەبی کچان) خاڵەکانی پرۆگرامی خۆپێشاندانێکی شانۆیی قوتابخانەی زانستیی کچان بڵاودەکاتەوە کە ١٣ خاڵە؛ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بینەران تەنیا ئافرەت بوونە و دوو ڕۆژی پێ چووە. دەڵێ:

«ئەو تەمسیلانەی کردیان دووان بوون و ئەمانە هەمووی لە تەرەف قوتابییە کچەکانەوە و مودیرە و موعەلیمە موحتەرەمەکانی مەکتەبەوە ئیجرا کرا''. فوئاد رەشید بەکر یارمەتیی بەڕێوەبردنی دابوو. تەمسیلێکیان بەم ناونیشانە بوو: ''ئینسان ئەوەی ئەچێنی ئەوە ئەدوورێتەوە''. ئەم درامایە بە درامای فێرکردە و ئامۆژگاریی کۆمەڵایەتی دەژمێردرێ و ڕکەی چینایەتیشی تێدایە. کەسەکان دوو دایک و چوار منداڵن. شانۆیی دووەم: دایکێکی جاهیل، هەمووی بە شیعرە و لە سێ پەردەدا نووسراوەتەوە. دەچێتە خانەی درامای خێزان، چارەسەری بیروباوەڕی پڕوپووچ دەکات لەنێوان دایکان لە پەروەردەکردنی منداڵدا». هەروەها لە ژمارە ٢٣٣ی ژیان دا نووسراوە: «کە مسوەدەی نطقەکان و تەمسیلەکەمان چاو پێکەوت، لێمان مەعلووم بوو کە حقیقتاً شایانی تەقدیر و فوق العاده و مهم بووە».

دوای پیرەمێرد و حسێن نازم، لەوانەیە، چەندین نووسەری دیکەش، کەوتبێتنە سەر کەڵکەڵەی رەخنەی



**لە ساڵی ١٩٥٦، لە ژووری مکیاژی شانۆگەریی «پیسکەی تەڕپیر» لە سلێمانی ئازاد شەوقی دیکۆریست بووە لە دەستەچەپ وەستاوە**

شانۆیی و نووسین لەبارەی شانۆ، بۆ نموونە حسێن حوزنی موکریانی، یەکێکە لەو نووسەرە مونەوەرانە: لە ساڵی ١٩٢٨دا، کاتێ شانۆگەریی (بەدڕەوشتی) لە ئامادەکردنی فوئاد رەشید بەکر، لە هەولێر پێشکەش دەکرێت؛ ئەو لە گۆڤارەکەی خۆیدا (زاری کرمانجی) باسی دەکات و هەڵیدەسەنگێنێ. بە هەمان شێوە، کاتێ شانۆیی (وێنەتی) لە شاری هەولێر لەلایەن قوتابییانی سانەویی هەولێر پێشکەش دەکرێت، حوسێن حوزنی موکریانی لە گۆڤاری (زاری کرمانجی)دا لە ژمارە ١٦، لە ٧ی کانوونی دووەمی ١٩٢٩دا دەینرخێنێت.

بۆ سەلماندنی باشتری ئەوەی کە حسێن حوزنی بایەخی بە شانۆ داوە، فوئاد رەشید بەکر بۆمان باس دەکات کە حسێن حوزنی موکریانی، لەگەڵ سمایل بەگ و رەزا بەگ هاتوون بۆ سەیرکردنی شانۆگەریی (نیرۆن) کە لە ١٥/ ١٠/ ١٩٣١ لە رواندوز نیشاندراوە. تاهیر سادق ئامادەی کردبوو و بەشداریی تێدا کردبوو. وێنەیەکی ئەکتەرەکانی ئەم شانۆگەرییە لە ئەرشیفی مامۆستا محەمەد تەیموور هەیە کە حوسێن حوزنی موکریانیش لەگەڵیان وەستاوە.


دوای ئەمانەش، پەیتا پەیتا، نووسەر و شاعیران، هەر یەکە و بەگوێرەی بەهرە و توانا و بواری خۆی، دەیانەوێ لەم هونەرە نزیک بینەوە:

– زیوەر لە سەرەتای سییەکاندا، بە شیعر لەبارەی "فەننی تەمسیل" و شانۆ دەدوێ. ئەم شیعرە لە کاتی پیشاندانی سەلاحەدینی ئەییووبی لە کۆیە، لە ١٣ی١ی١٩٣٥ لە دەرهێنانی عبدالرحمن شرف، هەموو رۆژێک لەلایەن هونەرمەند عوسمان حەسەنەوە بەدەنگ بۆ بینەران دەخوێنرایەوە.

– حاجی باقی بەنگینە لە ژمارە ٥١٣ی ژیانی ١٩٣٧ دوو درامای کوردی، بەشیعر هەڵدەسەنگێنێ، یەکەم: محمود ئاغای شێوەکەل، دووەم: فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە. شیعرەکە بیست دێڕە.

– بێکەس لە شیعرێکیدا کە لە ٣٠ی ٣ی ١٩٣٩دا، لە ژمارە ٥٦٠ی رۆژنامەی ژین دا بلاوکراوەتەوە، وشەی تیاترۆی بەرامبەر بە شانۆ بەکارهێناوە:

تیاترۆی ئێرە و گشت ئێنتیزامی
ئێستا هاتۆتە سەر گەمەی رامی



**عوتەیل**
**سلێمانی: ١٩٥٦**

- هەروەها دەبینین، کاتێ لە ١٩٣٢دا، شانۆگەریی نیرۆن لە کۆیە، لە حەوشەی قوتابخانەی کۆیە پیشاندراوە. لە هەر دوو شانۆگەرییەکەدا مەلای گەورەی کۆیە ئامادە بووە و پێش دەسپێکردن وتاری خوێندۆتەوە و هانی لاوانی داوە کە بەشداری لە هونەری شانۆدا بکەن.

بەم شێوەیە، وردە وردە، رۆشنبیریی شانۆیی لە ماوەی سالآنی ١٩٤٠-١٩٥٠دا زیاد دەکات؛ بەتایبەتیش لەگەڵ دامەزراندنی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان لە سێ شاری سلێمانی و هەولێر و هەڵەبجەدا لە ساڵی ١٩٥٧، شانۆ باشتر و قووڵتر لەلایەن خوێندەوار و رۆشنبیرانەوە دەناسرێت؛ تا دەگاتە ئەوەی کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٥٧دا، لە رۆژنامەی (ژین)، لە ژمارە ١٣٣٧ بەملاوە، گۆشەیەک بە ناوی "سینەما و شانۆ" لەلایەن نووری وەشتییەوە دەکرێتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە شانۆ، بەڕاستی لەم ساڵە بەملاوە بۆتە غەمێکی رۆژانەی هەمیشەیی: پێویستە پیشاندانە شانۆییەکان، هەمیشە هوشیارییەکی رەخنەگرانەیان بەسەرەوە بێت.

**... لە شارێکی وەکو سلێمانی دا، بۆ ئەوەی قوتابخانەیەکی تایبەتی تەمسیل هەبێ، بۆ ئەوەی مامۆستای شارەزای تەمسیلی تیا بێ، بۆ ئەوەی هیچمان شتێک لە فەننی تەمسیل هەڵکرێنین؛ هەفتەی پێشوو رۆڵەکانی قوتابخانەی سانەوی توانییان لە تەمسیلی شانۆدا بگەنە ئەو پلەیەی کە دیمان» .**

ژین، ژ (١٢٩٠)
١٩٥٦/٣/٢٩


**سەرچاوە:**

١- Metin AND: A history of theatre, Paris: 1968, P. 349.

٢- عبدالرزاق بیمار: دانیشتنێک لەگەڵ گۆران، گ. بەیان، ژمارە(٢)، بەغدا: شوباتی ١٩٧٠، ل ٣.

٣- رۆژنامەی ژیان، ژ ٢٠، حوزەیرانی ١٩٢٦.

٤- پیرەمێرد: رۆژنامەی ژیان، رۆژی سێ شەممە، ٢ی ئاغستۆسی ١٩٢٧.

٥- دراسة عن الحركة المسرحية في مدينة السليمانية، كاروان، ژ ١٨، ١٩٨٤، ل ٦.

٦- ژیان ژ ٤٦٢، ١٩٣٥/١٢/١٤

٧- ژیان، ژ ٤٦٢، سلێمانی: ١٩٣٥/١٢/١٤.

٨- محەمەد تەیموور: دەروازەیەکی رەخنەیی درامای نوێی کوردی، گۆڤاری کاروان، ژمارە ٦٤، مایسی ١٩٨٨، ل ٦٠ - ٧٠.

٩- Ahmed HACHIM: " Les tendances actuelles de la littrature turque,in Mercure de France, 35me annee, Paris: 1924, P. 641-655

١٠- ژیان، ژمارە(٤٦٢)، ١٩٣٥/١٢/١٤، ل ٦٩.

١١- ژیان ژمارە(٢٣٣) لە نیسانی ١٩٣٠، هەروەها لە ٢٧ی مارتی ١٩٣٠دا باسی کردووە.



# ئەنجام

لە ئەنجــامی تۆژینەوەکــەمــان و دوای خــوێندنەوەی کرۆنۆلۆژیاکە، گەیشتینە ئەوەی چەند تێبینییەکی گشتی لەبارەی سـەرچاوەکـانی شـانۆی کـوردی و خـاسـیـەتەکـانی جموجۆڵی شانۆگەریی سالآنی (١٩١٩- ١٩٥٧) بخەینە بەرچاو:

١- لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، دروستبوونی پردە کولتوورییەکەی نێوان ئەورووپا و کورد لەرێگەی ئەسـتەمـبـۆڵەوە، بۆ یەکـەمین جـار لە مـێژووی کورددا، راستەوخۆ کار دەکاتە سەر نووسەرە کوردەکان بۆ ئەوەی بیـــر لە داهێنـانی شـــانۆی رۆژئاوایی بکەنەوە. پاشـانیش لە سـالآنی ١٩٢٠دا، کـاریگەرییە عـەرەبی - عیراقی و ئینگلیزە جۆراوجۆرەکان، بەهۆی ئەو ئەتمۆسفێرە شـارسـتـانییـە نوێیـەی تازە بۆ کـورد خـولقـابوو، رۆڵیـان هەبووە بەسەر نەشونمای ژانری شانۆ لەلای کورد.

٢- شـــانۆی کـــوردی، ئەگـــەرچی لە ســـەرەتادا لەژێر کـاریگەرێتـیی تورکـە گـەنجەکـاندا لەدایک دەبێت، بەلآم دواتر دەکـەوێتـە ژێر کـاری شـانۆی عـەرەبی لە عـیـراقـدا: بەشێوەیەکی گشتیش لە کەشوهەوای ریالیزمێکی سادە و رەخنەگرانەدا ژیاوە.

٣- شانۆی کوردی، لەو قۆناغە سەرەتاییەی خۆیدا، لەپێناو دڵدانەوە و دڵخـــۆشکردنی خـــەڵک، واتە بۆ کـــات بەســـەربردنی خـــەڵک کـــاری کـــردووە. زۆرتر رەچاوی پرەنسـیـپی (خـۆشی و کـات بەسـەربردن)ی تێـدا کـراوە، نەک فـــیکر. بۆیەش دەبینین: روانین، لەســـەر بنەمـــای تراژیدیای تاکە کەس یان تاکڕەوانە هەڵنەچنراوە، بەڵکو بینینێک بووە بۆ چارەسەرکردنی گرفتە کۆمەلآیەتییەکان. ئەمەش بەشێوەیەکی ساکار و رووکەش یان کۆمێدی.

٤- زۆربەی بەرهەمـەکان بەشـێوەیەکی ئەکادیمی پێشکەش نەکـراون؛ لە ئەزمـوون و خـولیـا و مـومـارەسـەوە هاتوون، نەک لە رۆشنبیری و تیـۆر و ئێستـاتیکایەکی نەخشـە بۆ دارێژراوەوە. بەڵگەشـمـان بۆ ئەم قسـەیە ئەوەیە کـە هیچ نووســـەرێکی شـــانۆنامـــە و دەرهێنەرێک، تەنانەت ئەکـتـەرێکیش نابینین کـە لە ئەکـادیمیـا و پەیمانگەیەک خـوێندبێـتـیـان. جگە لەمـەش بەدەگـمـەن دەبینین ژیانی خۆیان یان هەموو نوسین و چالاکییەکانی خۆیان تەرخان کـردبێت بۆ ئەم هونەرە. زیـاتر، چیـرۆکنووسـەکـان هاتوون ژانری شانۆنامەیان تاقی کردۆتەوە. تەنانەت هەندێک لە نووسـەرەکـانی شـانۆنامـە چیـرۆکنووس بوونە: ع. رەحـمی هەکــاری، پیـــرەمــێـــرد، ئەلیف بێ هەوری، جــەلادەت بەدرخان.

٥- هیـچ تیپ و گـرووپێکی مـۆڵەت پێـدراوی شـانۆیی نابینین، کە بەشێوەیەکی سەربەخۆ و نەخشە بۆکێشراو کـار بکـات: ئەو تاک و تەرا گـرووپ و تیـپـانەی هەشن گرێدراوی قوتابخانە یان رێکخراوێکن.

٦- شـانۆ زۆربەی جـار پاشکۆی ئامـانجێکی سیـاسی یان نیـشـتـیـمـانی یان پەروەردەیی و جەمـاوەری بـووە؛ بۆیە، زۆربەی جـاران لە ئاهەنگ و بۆنە نیـشـتـیـمـانییـەکـاندا پێشکەش کراون.

٧- زیاتر پیـاو رۆڵی ئافـرەتی دیوە، ئافـرەت زۆر درەنگ و بەدەگمەن هاتۆتە سەر تەختەی شانۆ.

٨- جـمـوجـۆڵە شـانۆییـەکـە، رەخنە و ئێسـتـاتیکا و رۆشنبیـرییەکی شانۆیی ئەوتۆ لەگەڵ خۆی بلآو ناکاتەوە کە شایانی هونەرەکە بێت: رەخنەگری شانۆیی تەنیا ئەو کەسانەن کە جاربەجار، لەدوای پیشاندانەکاندا، سووکە هەڵسـەنگاندنێکی شانۆگەرییەکە دەکەن. یەکـەمین ئەو نووسـەرانەش کـە «یەکـەمین رەخنەی شـانۆیی» دەنـووسن بریتین لە پیـرەمـێـرد، حـسـێن نـازم، حـسـێن حـوزنی موکریانی.

٩- زۆربەی بەرهەمـــەکـــان، تێکســـتـــەکـــانیـــان بلآو نەکـراونەتەوە، بایەخی سەرەکی بە شـانۆگەرییەکە دراوە نەک بە تێکستەکە.

١٠- ئەگەریش بەراوردێکی چالاکییـە شانۆییەکانی چوار شاری کوردستانی عیراق بکەین، ئەوە روون دەبێتەوە کە بەشـێـوەیەکی تەخـمـینی، لە سـالّی ١٩٠٥ تا کـۆتایی ١٩٥٨، تەنیـــا (١٢) شـــانۆگـــەری لە کـــۆیە، (١٣) شانۆگەری لە رواندوز پیشان دراون؛ ئەمە لە کاتێکدا لە هەولێر (٣٤) شانۆگەری پیشـان دراون؛ کەچی بە هەمـوو ئەو شار و شـارۆچکانە ناگەنە ژمـارەی شانۆگەرییـەکانی شـــاری سلێـــمـــانی، کـــە نزیکەی دوو هێندەی شـــاری هەولێـری، واتە (٦٢) شانۆگەریی تێدا پیـشـان دراوە. بەلآم شــــاری کـــــەرکـــــووک و دهۆک، ژمـــــارەی شانۆگەرییەکـانیان بە زمـانی کوردی، لە پەنجـەی دەست تێناپەڕن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە سەرجەم شانۆگەرییە

پێــشکەشکراوەکــان تا ١٩٥٨ لە کــوردســتــاندا، بەشێوەیەکی تەخمینیی کە تا ئێستا دەستمان کەوتووە، ژمارەیان دەگاتە تەنیا (١٢١) شانۆگەری. ئەمەش، بەم شێوەیەی خوارەوە:

| سالّ | هەولێر | سلێمانی | رواندوز | کۆیە |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٠٥ | ١ | | | |
| ١٩٢١ | ٢ | | | |
| ١٩٢٢ | ١ | | | |
| ١٩٢٣ | | ٣ | | |
| ١٩٢٦ | | ٣ | | |
| ١٩٢٧ | | ٥ | | |
| ١٩٢٨ | ١ | ٢ | | |
| ١٩٢٩ | ٤ | ١ | | |
| ١٩٣٠ | ١ | ٣ | | ١ |
| ١٩٣١ | ١ | ١ | ٢ | ٢ |
| ١٩٣٢ | ٩ | ٨ | ١ | ٢ |
| ١٩٣٣ | ١ | ١ | ١ | |
| ١٩٣٤ | ٢ | | | |
| ١٩٣٥ | ١ | | ٣ | ٢ |
| ١٩٣٦ | | ١ | | |
| ١٩٣٧ | | ١ | ١ | |
| ١٩٣٨ | ١ | ١ | | |
| ١٩٣٩ | ١ | | | |
| ١٩٤٠ | ٣ | | ١ | |
| ١٩٤١ | | ١ | | |
| ١٩٤٢ | | ١ | | |
| ١٩٤٣ | | ١ | ٣ | |
| ١٩٤٥ | | ١ | ١ | |
| ١٩٤٦ | ٢ | ٤ | | |
| ١٩٤٨ | | ٢ | ٢ | |
| ١٩٥٠ | | ١ | | |
| ١٩٥٢ | ١ | ٢ | | |
| ١٩٥٣ | | | ١ | |
| ١٩٥٤ | ١ | | | |
| ١٩٥٥ | | ١ | | |
| ١٩٥٦ | | ٥ | ١ | |
| ١٩٥٧ | ١ | ٥ | | |
| ١٩٥٨ | ١ | ٦ | ٤ | |

تێبینی: ژمارەی شانۆگەرییەکانی شاری کەرکووک و دهۆک و ئەوانی تر لە پەنجـــەی دەست تێناپەڕن، بۆیە نەمانخستنە ئەم لیستەوە.

١١- بەشی هەرە زۆری بەرهەمەکـان خۆماڵین، نەک تەرجەمەکراو: لەو ماوەیەدا، دەوروبەری (٧٥) شانۆگەری و شانۆنامەی خۆماڵی نووسراون و پێشکەشکراون، کەچی بەدرێژایی ئەو هەموو ئەو ماوەیە تەنیا (٣٩) شانۆگەری لە زمانی بیانییەوە ئامادەکراون؛ کە زۆربەشیان (بۆ نموونە: بەرهەمەکانی شکسپیر و مۆلییر) سەر بە ڕێبازی ریالیزمی ئەورووپین و لە عەرەبییەوە تەرجەمە کراون. نزیکەی (١٥) شانۆگەریی دیکەش، بۆمان ساغ نەکراوەتەوە خۆماڵی بوونە یان بیانی. ئەوەی شایانی باسیش بێت، تەرجەمەکردنی شانۆنامە و ژمارەی شانۆگەرییە تەرجەمەکراوەکان لە ماوەی ساڵانی ١٩٥٠دا، وردە وردە، ڕوو لە زیادبوون دەکەن.

**هەندێ لە بڵاوکراوەکانی تری نووسەری ئەم کتێبە:**

١- ماڵئاوا ئەی وڵاتەکەم، شانۆنامە. شاخ، ١٩٨٤
٢- بەیانی باش ئەی غەریبی، شانۆنامە. کۆپنهاگن، ١٩٨٨
٣- Exil، شیعر، پاریس، ١٩٩٢
٤- ژمارەکانی گۆڤاری کوردستان (١٩١٩)، گوڵان، ١٩٩٨
٥- ڕۆژنامەگەریی کوردی بە زمانی فەرەنسی، سەنتەری برایەتی، ١٩٩٨
٦- سەرچاوەکانی کوردناسی، گەلاوێژ، ١٩٩٨
٧- زێڕی ناو زبڵ، سەردەم، ١٩٩٩
٨- ئینجیل لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا، دهۆک، ١٩٩٩
٩- وێنەی کورد لە ئەرشیفی کوردناسە ئەورووپییەکاندا، هەولێر، ١٩٩٩
١٠- جوایەز، شیعر بە هاوبەش، ئاراس، ١٩٩٩
١١- سپیاییەکانی ناو ڕەش، شیعر، هەولێر، ١٩٩٩
١٢- دراسات فی تاریخ الکورد، رابطة کاوا، ١٩٩٩
١٣- مەلا مەحموودی بایەزیدی، توێژینەوە، ئاراس، ٢٠٠٠
١٤- یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی، کوردستان، (بەهاوبەش) گەلاوێژ، ٢٠٠٠
١٥- پەتاتەخۆرەکان، چیرۆک، هەولێر، ٢٠٠٠

بۆ نووسەرانی بەڕێز:

# ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی

داوا لە نووسەرانی بەڕێز دەکەین، ئەوانەی بەرهەمەکانیان لە ڕێگەی دەزگای ئاراس – ەوە بڵاو دەکەنەوە، پێڕەوی لەم ڕێنووسەی خوارەوە بکەن کە ڕێنووسی پەسندکراوی کۆڕی زانیاریی کوردستانە:

**یەکەم**: گیروگرفتی پیتی (و).
نیشانەی (و) لە زمانی کوردیدا بە شێوەی خوارەوە دەنووسرێ:
١- پیتی (و)ی کورت، واتە (و)ی بزوێنی کورت (و: u)
بۆ نموونە: **کورد. کورت. کوشت.**
٢- پیتی (وو)ی درێژ، واتە (وو)ی بزوێنی درێژ (وو: û )
بۆ نموونە: **سوور. چوو. دوو.**
٣- پیتی (و)ی کۆنسۆنانت (نەبزوێن). واتە (و: w)
بۆ نموونە: **ئاوایی. وەرە. هاوار.**
٤- پیتی (ۆ)ی کراوە. واتە (ۆ: o)
بۆ نموونە: **دۆڵ. گۆڕ. نۆ.**

**دووەم**: گیروگرفتی پیتی (و)ی سەرەتای وشە.
هەر وشەیەک بە پیتی (و) دەست پێ بکات بە یەک (و) دەنووسرێت.
بۆ نموونە: **وریا. وڵات. وشە. ورد.**

**سێیەم**: گیروگرفتی پیتی (ی):
نیشانەی (ی) لە زمانی کوردیدا بە شێوەی خوارەوەیە:
١- پیتی (ی)ی بزوێن. واتە (ی: î).
بۆ نموونە: **زەوی –** Zewî
٢- پیتی (ی)ی کۆنسۆنانت. واتە (ی: y)
بۆ نموونە: **یار –** yar

- **سەرنج** ١: پیتێکی (ی)ی بزوێنی فرە کورت هەیە کە لە نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینیدا نیشانەی (i)ی بۆ دانراوە وەک لە وشەکانی: من – Min ، کن – Kin ، ژن – jin. ئەم نیشانەیە لە نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبیدا نییە.
- **سەرنج** ٢: نیشانەکانی (ی)ی بزوێن و (ی)ی کۆنسۆنانت واتە (î) و (y) لە پیتی عەرەبیدا هەردووکیان هەمان نیشانەی (ی)یان هەیە بەڵام لە ڕاستیدا لە یەکتر جیاوازن و لە کاتی بە دوای یەکتر هاتنیاندا دەبێ هەردووکیان بنووسرێن.
وەک: **نییە. چییە. دیارییەکە. زەوییەکە.**
- **سەرنج** ٣: لە کاتی هاتنی سێ پیتی (ی) بە دوای یەکتردا وەک لە وشەکانی (**ئاواییەکەمان**...) (**کۆتاییەکەی**...) (**وەستاییەکی**...) (**کۆتاییی بە کارەکە هێنا**) دەبێ بەسەر یەکەوە بنووسرێن، واتە سێ (ی) بە شێوەی (ییی) بە دوای یەکتردا دێن.

**چوارەم**: گیروگرفتی پیتی (ڕ)ی گران، واتە (ڕ)ی نیشانەدار. ئەم پیتە لە هەر کوێیەکی وشەدا هات دەبێ بە نیشانەکەیەوە بنووسرێت. واتە لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتای وشەدا هەر (ڕ)ی گرانی نیشانەدارە.
وەک: **ڕۆژ. بڕیار. کەڕ.**

**پێنجەم**: گیروگرفتی پیتی (و)ی بەیەکەوەبەستن (عطف):
پیتی (و)ی بەیەکەوەبەستن، بە شێوەیەکی جیاواز لە وشەی پێش خۆی و پاش خۆیەوە دەنووسرێت و مامەڵەیەکی سەربەخۆی لەگەڵدا دەکرێت.
بۆ نموونە: **من و تۆ. ئارەزوو و وریا.**

- **سەرنج**: لە هەندێک وشەی لێکدراودا پیتی (و)ی بەیەکەوە بەستن بووە بەشێک لە هەردوو وشە لێکدراوەکە و بە هەموویان وشەیەکی سەربەخۆیان دروست کردووە.
وەک: **کاروبار. دەنگوباس. ئەلفوبێ. هاتوچۆ.**

لەم بارانەدا مامەڵەی سەربەخۆ لەگەڵ پیتی (و)ی بەیەکەوە بەستندا ناکرێت و وشەکە هەمووی بەسەریەکەوە دەنووسرێت وەک لە نموونەکاندا پێشانمان دا.

**شەشەم**: وشەی ناسادە چ ناو بێ یان زاراوە دەبێ بەسەریەکەوە وەکو یەک وشە دەنووسرێن. وەک:

ناو: **چەمچەماڵ. بێکەس. دڵشاد. زوورگەزراو. بێخاڵ. ناڵپارێز. مياندواو. کانيکەوە. سپيگرە.**
زاراوە: **ڕێنووس. ڕێپێوان. دەسبەجێ. جێبەجێ. نيشتمانپەروەر. دەستنووس. دەسبازی. وڵاتپارێز. ئازاديخواز. دووشەممە. سێشەممە. پێنجشەممە. يەکسەر. ڕاستەوخۆ. يەکشەوە** (مانگی يەکشەوە).

**حەوتەم:** پيتی (ت) لە کۆتای کار (فرمان)دا دەشێ بنووسرێت و دەشێ نەشنووسرێت.
وەک: **دێت و دەڕوات** (يان) **دێ و دەڕوا.**

**هەشتەم:** نيسبەت لە زمانی کورديدا زۆربەی جار بەهۆی پيتی (ی) لە کۆتای ناودا دەکرێت.
وەک: **پێنجوينی. هەولێری.دهۆکی. شێخانی.**
هەروەها ئەم نموونانەی خوارەوە:
ئەحمەدئاوا: **ئەحمەد ئاوايی**
يارمجە: **يارمجەيی.**
تووزخورماتوو: **تووزخورماتوويی.**
شنۆ: **شنۆيی.**
ئاکرێ: **ئاکرێيی** (يان) **ئاکرەيی.**
لادێ: **لادێيی.**

• **سەرنج:** ئەو ناوانەی خۆيان بە پيتی (ی) تەواو دەبن پێويست ناکات (ی)ی نيسبەتيان بخرێتە پاڵ. وەک:
سلێمانی: **کامەران سلێمانی.**
کانيماسی: **حاجی حوسێن کانيماسی.**
ئامێدی: **ئازاد ئامێدی.**

**نۆيەم:** هەر وشەيەکی بيانی چ هاتبێتە ناو زمانی کوردييەوە، يان هەر ناو و وشەيەکی تر کە لە نووسينی کورديدا دێتە پێشەوە، دەبێ بەڕێنووسی کوردی بنووسرێت.
وەک: **قەڵەم. ئەکبەر. قاهيرە. ئۆتۆمۆبيل. دۆستۆيڤسکی.**

**دەيەم:** ئامرازی (تر، ترين) کە بۆ بەراورد بەکاردێن دەبێ بەوشەکانی پێش خۆيانەوە بلکێنرێن. وەک:
**جوان: جوانتر – جوانترين.**
**خاو: خاوتر – خاوترين.**

• **سەرنج:** ئەم ئامرازەی (تر) جياوازە لە وشەی (تر) کە بەواتەی (دی، ديکە) دێت. ئەمەی دوايی دەبێ بە جياواز لە وشەی پێش خۆی دەنووسرێت.
وەک: **ماڵێکی تر، چيی ترم ناوێ.**

**يازدەيەم:** جێناوی نيشانەی وەک: ئەم. ئەو. ئەڤ.
ئەم جێناوانە ئەگەر ئاوەڵکاری (کات – يان – شوێن)يان بەدوادا هات پێيانەوە دەلکێن و دەبن بە يەک وشەی سەربەخۆ.
وەک: **ئەمشەو. ئەمڕۆ. ئەڤسال. ئەمجارە. ئەمبەر و ئەوبەر. ئەڤڕۆ.**

**دوازدەيەم:** نيشانەکانی نەناسراوی وەک ( ...يەک، ...ێک، ...ەک) بە شێوەی خوارەوە دەچنە سەر وشەکانی پێش خۆيان:
١– ئەگەر وشەکان بە پيتە بزوێنەکانی (ا، ی، ە، ێ) تەواو بووبن ئەوا نيشانەی (...يەک)يان دەخرێتە پاڵ. وەک:
**چيا: چيايەک.**
**زەوی: زەوييەک.**
**وێنە: وێنەيەک.**
**دێ: دێيەک.**
٢– ئەگەر وشەکان بە پيتە بزوێنی (وو) يان هەر پيتێکی دەنگدار (نەبزوێن: کۆنسۆنانت) تەواو بووبن ئەوا نيشانەی (ێک – لە کرمانجيی خواروو) و نيشانەی (ەک)يان لە کرمانجيی سەروودا دەچێتە سەر.
**خانوو: خانووێک، خانووەک**
**گوند: گوندێک** (کرمانجيی خواروو)، **گوندەک** (کرمانجيی سەروو).
**ژن: ژنێک** (کرمانجيی خواروو)، **ژنەک** (کرمانجيی سەروو).

**سێزدەيەم:** گيروگرفتی پاشگرەکانی (دا. ڕا. وە. ەوە)
ئەم پاشگرانە بە وشەکانی پێش خۆيانەوە دەلکێنرێن. وەک:
دا: **لە دڵدا** (هەر برينێ کە لەدڵدا هەيە سارێژی کەن). (خەمێکم لەدڵدايە).
ڕا: **لە ئامێديڕا** (لە وێڕا بەپێ هاتووين). (لە خۆڕا دڵی گۆڕاوە).
وە: لە چوارچراوە (لە وێوە هاتووين).

ەوە: بەماڵەوە (بە ماڵەوە ڕۆیشتین).
(جارێکی تر نووسیمەوە). (خانووەکەم کڕییەوە).
• **سەرنج**: پاشگری (دا) جیایە لە وشەی (دا) کە فرمانە و چاوگەکەی (دان)ە.
وەک: **تیرێکی لە دڵی دا. تیرێکی لە دڵی داوم.** ئەم (دا)یەی فرمان بە جیا دەنووسرێ.

**چواردەیەم**: گیروگرفتی پێشگرەکانی (هەڵ. دا. ڕا. وەر. دەر)
١- ئەم پێشگرانە کاتێ دەچنە سەر چاوگ یان فرمان یان هەر حاڵەتێکی تر پێیانەوە دەلکێن بە مەرجێ جێناوی لکاو نەکەوتبێتە نێوان پێشگر و وشەکەی دوای خۆی. وەک:

* چاوگ:
**هەڵ: هەڵکردن. هەڵگرتن. هەڵکورمان. هەڵکێشان.**
**دا: دابڕان. داخستن. دارمان. داکردن.**
**ڕا: ڕاگرتن. ڕاکێشان. ڕاپەرین.**
**وەر: وەرگرتن. وەرسووڕان.**
**دەر: دەرکردن. دەرهێنان.**

* فرمان:
**هەڵ: هەڵگرە. هەڵمەخە. هەڵکشێ.**
**دا: دانێ. دامەبڕە.**
**ڕا: ڕاکێشە. ڕامەپەڕێنە.**
**وەر: وەرگرە. وەرسووڕێنە.**
**دەر: دەربێنە. دەرخە.**

* حاڵەتی تر. وەک:
**هەڵکشاو. هەڵنەکشا. دانراو. ڕاپەڕیو. ڕانەپەڕیو. وەرگرتوو. وەرگرتە. دەرخراو. دەرکراو.**

٢- ئەگەر جێناوی لکاو کەوتە نێوان پێشگر و فرمانەکەی دوای خۆی ئەوا بەجیا دەنووسرێن و جێناوەکە بە پێشگرەوە دەلکێنرێ.
**هەڵ: هەڵم گرن. هەڵیان کەن. هەڵمان کێشن. هەڵمان مەواسن.**
**دا: دامان نەنایە. دایان خەن. دای بڕە.**
**ڕا: ڕایان دەگرین. ڕام کێشە. ڕام پەڕێنە. ڕاشیان پەڕێن.**
**وەر: وەرمان گرتایە. وەری نەگری. وەریان سووڕێنەوە.**
**دەر: دەریان پەڕاندین. دەری خە.**

**پازدەیەم**: گیروگرفتی وشەی لێکدراو.
ئەگەر وشەی دووەم لە دۆخی فرماندا بوو، بەجیا دەنووسرێن:
**ڕێک دەکەوین. پێکیان هێنایەنەوە. پێک نەهاتین. یەکیان نەگرتووە. دەستمان نەکەوت.**
بەڵام ئەگەر وشەی دووەم لە دۆخی چاوگ یان حاڵەتی تردا بوو ئەوا هەردوو وشەکەوە بە یەکەوە دەلکێنرێن.
وەک: **ڕێککەوتن. پێکهاتن. یەکگرتن. دەسخستن. یەکگرتوو. دەسکەوتوو. پێکهاتە.**

**شازدەیەم**: ئامرازی (ش)ی تەئکید کەوتە هەر شوێنێکی وشەوە دەبێ بە بەشێک لە وشەکە و نابێ بە هۆی لەتبوونی وشەکە.
وەک: **بشتەوێ ناتدەمێ. نەشخۆی.** گوتی دێم... **نەشهات. نەشمانگرتن. بشمانبەن.**

***